دایكانی

ئیماندار ان

نووسینی : سیروان حامد

چاپی یەكەم

ناوی کتێب: دایکانی ئیمانداران
ناوی نوسەر: سیروان حامد
چاپ و بڵاوکردنەوەی: نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن/ هەولێر
تایپ: دانەر
نۆرەو ساڵی چاپ: یەکەم ١٤٣٣ك – ٢٠١٢
تیراژ: ١٥٠٠ دانە

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی (٢٠٢٧)ی ساڵی (٢٠١١)ی پێدراوە.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ٱلنَّبِيُّ أَوۡلَىٰ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ مِنۡ أَنفُسِهِمۡۖ
وَأَزۡوَٰجُهُۥٓ أُمَّهَٰتُهُمۡۗ وَأُوْلُواْ ٱلۡأَرۡحَامِ بَعۡضُهُمۡ
أَوۡلَىٰ بِبَعۡضٖ فِي كِتَٰبِ ٱللَّهِ مِنَ
ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُهَٰجِرِينَ إِلَّآ أَن تَفۡعَلُوٓاْ إِلَىٰٓ
أَوۡلِيَآئِكُم مَّعۡرُوفٗاۚ كَانَ ذَٰلِكَ فِي
ٱلۡكِتَٰبِ مَسۡطُورٗا ٦﴾ (الأحزاب: ٦)

پێشکەشە بە

ئەو خوشك و برا بەڕێزانەی کە خێزانەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەدایکانی خۆیان دەزانن.

پێشەکی

إنَّ الحمدَ لله نحمدُه ونستعينُه ونستغفرُه ونعوذُ بالله من شرور أنفسنا وسيئاتِ أعمالنا إنه من يهده الله فلا مضلَّ له ومن يضلل فلا هادي له وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له وأشهد أن محمَّداً عبده ورسوله.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ﴾

(آل عمران: ١٠٢)

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا﴾ **(النساء)**

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾

(الأحزاب)

أما بعد" فإنَّ أصدقَ الحديث كتابُ الله تعالى، وخيرَ الهدي هَديُ محمّدٍ (ﷺ)، وشرَّ الأمور محدثاتها، وكلَّ محدثة بدعة، وكلَّ بدعةٍ ضلالة، وكلَّ ضلالةٍ في النار.

اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَأَزْوَاجِهِ وَذُرِّيَّتِهِ كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ وَبَارِكْ

عَلَى مُحَمَّدٍ وَأَزْوَاجِهِ وَذُرِّيَّتِهِ كَمَا بَارَكْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ.[1]

خوێنەری بەڕێزو سەنگین:

ئەم کتێبەی بەردەستت بەناوی (دایکانی ئیمانداران) پاش هەوڵ وکۆشش و گەرانێکی زۆر بەنێو سەرچاوە باوەڕپێکراوەکاندا نووسراوە، هەوڵێکە بۆ ئاشنابوونی زیاتری بەڕێزت بە ژیان و بەسەرهات و پلەوپایەی بەڕێزترین و گەورەترین ئافرەتانی سەرزەوی، ئەو ئافرەتانەی کەخێزانی پێغەمبەربوون (ﷺ) کە سەروەرو سەرداری مرۆڤایەتیە، ئەو ئافرەتانەی کەخوای پەروەردگار لەقورئانی پیرۆزدا بە (دایکانی ئیمانداران) ناوی هێناون ...

ئەم کتێبە جگە لەم پێشەکی یە پێك هاتووە لەم بابەتانە:

تایبەتمەندیەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەژنهێناندا.

تایبەتمەندیەکانی خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ).

فرەژنی پێغەمبەری خوا (ﷺ)

ژیاننامەی هەر یازدە خێزانەکەی پێغەمبەری سەروەرمان (ﷺ):

١- (خديجة)ی کچی (خويلد) خوای لێ ڕازی بێت.

٢- (عائشة)ی کچی (أبوبكر) خوایان لێ ڕازی بێت.

٣- (سودة)ی کچی (زمعة) خوای لێ ڕازی بێت.

---

[1] روا البخاري: (٣٣٦٩)، ومسلم: (٩٣٨).

٤- (حفصة)ی كچی (عمر)ی كوڕی (الخطاب) خوایان لیٚ ڕازی بێت.

٥- (زينب)ی كچی (خُزيمة) خوای لیٚ ڕازی بێت.

٦- (أم حبيبة)ی كچی (أبو سفيان) خوای لیٚ ڕازی بێت.

٧- (أم سلمة) خوای لیٚ ڕازی بێت.

٨- (جويرية)ی كچی (الحارث) خوای لیٚ ڕازی بێت.

٩- (زينب)ی كچی (جحش) خوای لیٚ ڕازی بێت.

١٠- (صفية)ی كچی (حُيَي) خوای لیٚ ڕازی بێت.

١١- (ميمونه)ی كچی (الحارث) خوای لیٚ ڕازی بێت.

پاشانیش هەردوو كەنیزەكەكەی بەناوی (ريحانة)و (مارية).

لەم كتێبەدا هەوڵم داوە بەكورتی تیشك بخەمە سەر ژیاننامەو فەزلٚ وپلەو پایەیان لەسۆنگەی فەرموودە (صحيح)ەكانەوە، ئەگینا ژیاننامەو ڕۆڵی گرنگی هەریەكیك لەم ئافرەتە پایە بەرزانە گەر بەجیا باس بكەین ڕەنگە بە (مجلد)ێكیش تەواو نەبێت بەتایبەت دایكە (خديجة)و (عائشة)و (أم سلمة)و (زينب)ی كچی (جحش).

هەروەها خۆم پاراستوە لە هەموو ریوایەتە لاوازو هەڵبەستراو بیٚ سەنەدەكان، هەندیٚ جاریش بەئەنقەست ریوایەتی لاوازو هەڵبەستراوم باسكردووە بۆ ئەوەی خوێنەر لێی بەئاگابێت.

بەهەمان شێوە خۆم بەدوور گرتووە لە شیكردنەوەو باسكردنی ئەو ڕووداوە مێژووییانەی لەسەردەمی دایكانی ئیمانداراندا ڕوویانداوە -لەهەندیٚ شوێنی پێویستدا نەبێت- بۆ وێنە ڕووداوی (جمل)و (صفِّين)و... هتد.

چونكه ئەوەندەی من ئاگاداربم زۆرێك لەخوێنەرانی ئەمڕۆ ئارەزووی خوێندنەوەی كتێبی قەبارە گەورە ناكەن! ئەمە لەلایەك لەلایەكی تریشەوە ڕەنگە وروژاندنی ئەو ڕووداوانە لەم ڕۆژگارەدا سوودێكی ئەوتۆی نەبێت.

لەكۆتاییدا داواكارم لەخوای گەورە ئەم كتێبە ببێتە مایەی بەرچاو ڕوونی بۆ خوێنەرانی بەتایبەت دایكان و خوشكانی بەڕێزمان، بەڵكو هەڵسوكەوت و هەڵوێست و ئاكارە بەرزەكانی (دایكانی ئیمانداران) ببێتە مایەی سوودو كەڵك و پەند لێوەرگرتن و، پارسەنگێكی قورسیش بێت لەتا تەرازووی خێرو چاكەكانی نووسەریشدا، آمین.

سبحانك اللهمّ وبحمدك أشهد أن لا إله إلاّ أنت أستغفرُك وأتوبُ إليك.

هەڵەبجەی تازە

Sirwanhamed13@yahoo.com

١٦ شوال ١٤٣١

١٦ أيلول ٢٠١١

تایبەتمەندیەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەژن هێناندا

تایبەتمەندی یەکەم: ژن هێنان لەچوار زیاتر.

یەکێك لەبەڵگەکانی ئەم تایبەتمەندیەش: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِنَّآ أَحۡلَلۡنَا لَكَ أَزۡوَٰجَكَ ٱلَّٰتِيٓ ءَاتَيۡتَ أُجُورَهُنَّ وَمَا مَلَكَتۡ يَمِينُكَ مِمَّآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَيۡكَ وَبَنَاتِ عَمِّكَ وَبَنَاتِ عَمَّٰتِكَ وَبَنَاتِ خَالِكَ وَبَنَاتِ خَٰلَٰتِكَ ٱلَّٰتِي هَاجَرۡنَ مَعَكَ وَٱمۡرَأَةٗ مُّؤۡمِنَةً إِن وَهَبَتۡ نَفۡسَهَا لِلنَّبِيِّ إِنۡ أَرَادَ ٱلنَّبِيُّ أَن يَسۡتَنكِحَهَا خَالِصَةٗ لَّكَ مِن دُونِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۗ قَدۡ عَلِمۡنَا مَا فَرَضۡنَا عَلَيۡهِمۡ فِيٓ أَزۡوَٰجِهِمۡ وَمَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُهُمۡ لِكَيۡلَا يَكُونَ عَلَيۡكَ حَرَجٞۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا﴾ **(الأحزاب)**

لەم ئایەتەدا خوای گەورە حەوت جۆر ژنی بۆپێغەمبەری خوا (ﷺ) حەڵاڵ کردووە:

یەکەم: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِنَّآ أَحۡلَلۡنَا لَكَ أَزۡوَٰجَكَ ٱلَّٰتِيٓ ءَاتَيۡتَ أُجُورَهُنَّ﴾

واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئێمە ئەو ژنانەمان بۆ حەڵاڵ کردوویت کەمارەییت پێ بەخشیون.

دووەم: ﴿وَمَا مَلَكَتۡ يَمِينُكَ مِمَّآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَيۡكَ﴾

واتە: هەروەها ئەو کەنیزەکانەی کە لەجەنگدا دەستکەوتوون یان بەهەر جۆرێکی تر.

سێیەم و چوارەم: ﴿وَبَنَاتِ عَمِّكَ وَبَنَاتِ عَمَّٰتِكَ﴾

هەروەها کچانی مامت و، کچانی پوورت (خوشکەزای باوك).

پێنجەم وشەشەم : ﴿وَبَنَاتِ خَالِكَ وَبَنَاتِ خَـٰلَـٰتِكَ ٱلَّـٰتِي هَاجَرۡنَ مَعَكَ﴾
هەروەها کچانی خاڵت و کچانی پوورت (خوشکەزای دایك، واتە: بني زهرة) ئەوانەی لەگەڵ تۆدا کۆچیان کردووە.
حەوتەم: ﴿وَٱمۡرَأَةً مُّؤۡمِنَةً إِن وَهَبَتۡ نَفۡسَهَا لِلنَّبِيِّ إِنۡ أَرَادَ ٱلنَّبِيُّ أَن يَسۡتَنكِحَهَا﴾
هەروەها ژنێکی بڕوادار ئەگەر خۆی پێشکەشی پێغەمبەر (ﷺ) بکات ئەگەر پێغەمبەر (ﷺ) ویستی هەبێ مارەی بکات.

جا خوێنەری بەڕێز، یەکێك لەو تۆمەتانەی کەناحەزانی ئیسلام ئاڕاستەی پێغەمبەری پێشەوای (ﷺ) دەکەن تۆمەتی فرە ژنییە، گوایە ئەو جۆرە ژنهێنانە لەبەر ئارەزووی سێکس و شەهوەت دامرکاندنەوە بووە، جالێرەدا پاساوو حیکمەتەکانی چەند ژنەیی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەخەینە ڕوو تا تەمی ئەم تۆمەتەش بەتیشکی خۆری حەقیقەت بڕەوێتەوە:

١- نەبوونی مەترسی ستەم کردن (إنعدام خوف الجور):
ئاینی پیرۆزی ئیسلام بۆیە سنووری بۆچەند ژنەیی دیاری کردووەو لای سەرووی بەچوار ژن داناوە، چونکە لەو ژمارەیە زیاتر بوونی مەترسی غەدرو ستەم بەدیدەکرێت، بەڵام پێغەمبەری پێشەوا (ﷺ) وەك هیچ کەسێکی تر نیە بەڵکو لوتکە (قمّة)ی دادوەریەو ئەومەترسی یەی لێ چاوەڕوان ناکرێ، سەرەڕای ئەوەش لەلایەن خوای کاربەجێ وە پارێزراو (معصوم)ە.

٢- گەیاندنی ئەحکامەکانی شەریعەت:

دایکانی ئیمانداران ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لەگواستنەوەی بارو ڕەوشتی پێغەمبەری خوا (ﷺ)و هەروەها بۆ گەیاندنی ئەو ئەحکامانەی کەتایبەتن بەخودی ئافرەتانەوە یان بەئافرەت و مێردەکانیانەوە، ئەم کارەش کاتێك کامڵ تر دەبێت کەلەڕێگەی چەند خێزانێکەوە بێت ئەگەر یەکێکیان شتێك نەزانێت یان بیری بچێتەوە ئەوی تریان دەیزانێت و بیری دێتەوە.

٣- چاو لەپێغەمبەرکردن (ﷺ):

فرەژنیی پێغەمبەر (ﷺ) دەرخستنی شێوازی کردەیی (عملي)یە بۆ مامەڵەکردنی پیاوی موسڵمان لەگەڵ خێزانی یان خێزانەکانی بەوشێوەی کەئیسلام پێ ی ڕازییە مامەڵە بکات، گومانی تێدا نیە کەجێبەجێکردنی ئەو شێوازە کرداری (عملي)یە کامڵ ترو چاکترە کاتێك ژمارەی خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) لەیەك و لەچوار زیاتر بێت، بەتایبەتی جیاوازییان لەڕووی تەمەن و ڕەچەڵەك و سیفات و میزاج و خوێندەوارییەوە، کەلە دواییدا پشت بەخوا باسیان دەکەین.

٤- پەیوەندی ژن هێنانی پێغەمبەر (ﷺ) بەواتاو چەمکەکانی ئیسلامەوە.

بۆ نموونە ژنێك مێردەکەی لەپێناوی خوادا شەهید دەبێ بەتەنها دەمێنێتەوە باشترین دڵنەوایی و خەڵات بۆی ئەوەیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بیخوازێت.

تایبەتمەندی دووەم: ژنهێنانی بەبێ بوونی سەرپەرشتیار (الولي).

قسەی هەندێ لەزانایان لەم بارەیەوە:

(إبن القيّم) دەڵێت: وَرَسُولُ اللّهِ (ﷺ) لَا يَفْتَقِرُ نِكَاحُهُ إلَى وَلِيّ.

واتە: ژن هێنانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێویستی بە سەرپەرشتیار نیە.

وَقَالَ ابْنُ عَقِيل: ظَاهِرُ كَلَامِ أَحْمَدَ أَنّ النّبِيّ ﷺ لَا يَشْتَرِطُ فِي نِكَاحِهِ الْوَلِيّ وَأَنّ ذَلِكَ مِنْ خَصَائِصِهِ.[٢]

(إبن عقيل)یش دەڵێت: ڕواڵەتی وتەی پێشەوا (أحمد)یش ئەوەیە کە لە ژنهێنانی پێغەمبەردا (ﷺ) بوونی سەرپەرشتیار بەمەرج نەگیراوە.

(إبن العربي)یش دەلیێت: (... وَهُوَ أَنَّ لِلْوَلِيِّ النِّكَاحَ، وَإِنَّمَا شُرِعَ لِقِلَّةِ الثِّقَةِ بِالْمَرْأَةِ فِي اخْتِيَارِ أَعْيَانِ الْأَزْوَاجِ، وَخَوْفِ غَلَبَةِ الشَّهْوَةِ فِي نِكَاحِ غَيْرِ الْكُفْءِ، وَإِلْحَاقِ الْعَارِ بِالْأَوْلِيَاءِ، وَهَذَا مَعْدُومٌ فِي حَقِّ النَّبِيِّ (ﷺ).[٣]

واتە: بەشوودانی ئافرەت بۆیە دراوەتە دەستی سەرپەرشتیار لەبەر کەمی متمانە بەئافرەتان لەهەلبژاردنی هاوسەری ژیانیان و، ترسی زاڵبوونی شەهوەت لە شووکردن بە کەسی نەشیاو و،گەیاندنی عەیبوعار بەسەرپەرشتیاران، بەڵام ئەمە لەئاست پێغەمبەردا (ﷺ) هەرگیز بەدیناکرێت.

هەروەها خاوەنی (كشاف القناع)یش دەڵێت: وَلَهُ (ﷺ) التَّزَوُّجُ بِلَا وَلِيّ وَلَا شُهُودٍ ... وَاعْتِبَارُ الْوَلِيِّ لِلْمُحَافَظَةِ عَلَى الْكَفَاءَةِ وَهُوَ فَوْقَ الْأَكْفَاءِ.[٤]

---

[٢] زاد المعاد: (١٠٢/١)

[٣] أحكام القرآن لأبن العربي: (٣٩٥/٦)

[٤] كشّاف القناع عن متن الأقناع: (٤٧٥/١٦)

واتە: ژن هێنان بە بێ سەرپەرشتیار بۆ پێغەمبەر (ﷺ) دروستە ... بەمەرج گرتنی (ولي) بۆ پارێزگاریکردنە لە هاوتایەتی، پێغەمبەریش (ﷺ) لەسەرووی هەموو هاوتاکانەوەیە.

تایبەتمەندی سێیەم: ژن هێنانی بەبێ مارەیی (زواجُه بدون مَهر):
زانایان لەسەر پێویست بوونی مارەیی بۆئافرەت یەکدەنگن چونکە خوای پەروەردگارو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) جێگیریان کردووە، بەلاّم ژن هێنان بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەبێ مارەیی دروستە ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَٱمۡرَأَةً مُّؤۡمِنَةً إِن وَهَبَتۡ نَفۡسَهَا لِلنَّبِيِّ إِنۡ أَرَادَ ٱلنَّبِيُّ أَن يَسۡتَنكِحَهَا خَالِصَةً لَّكَ مِن دُونِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۗ﴾ **واتە: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆت حەلاڵە ئەو ژنە ئیماندارەی خۆی پێشکەش بەتۆ دەکا (خولةی کچی حکیم) ئەگەر بتەوێ دەتوانی بەبێ مارەیی نیکاحی بکەی، ئەمەش تایبەتە بەتۆو بۆ بڕوادارانی تر دروست نیە.**[٥]

تایبەتمەندی چوارەم: ژن هێنانی بەبێ گرێبەست و مارەیی (زواجه بلا عقد ولا مهر):
خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿فَلَمَّا قَضَىٰ زَيۡدٞ مِّنۡهَا وَطَرٗا زَوَّجۡنَٰكَهَا... ﴾
واتە: کە (زید) دەستی لە(زینب)ی ژنی بوویەوەو تەلاّقی دا ئێمە لەتۆمان مارە کرد ...

---

[٥] **بڕوانە: تفسیر إبن کثیر: (٦/٤٤٢)، تفسیر القرطبي: (١٤/٢٠٨)، فتح الباري: (١٣/٣٢٦)**

تایبەتمەندی پێنجەم: مارەنەکردنی ژنانی خاوەن نامەکان (أهل الکتاب):

بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دروست نەبووە ئافرەتی بێ باوەڕ (کافرة) مارەبکات گەرچی جولەکەو گاور (واتە: أهل الکتاب)یش بن، بەڵگەی ئەم تایبەتمەندیەش ئایەتی ﴿وَٱمۡرَأَةً مُّؤۡمِنَةً﴾ ئەمەش لەسەر ڕای بەشێك لەزانایان.[٦]

تایبەتمەندی شەشەم: سەرپشکردنی خێزانەکانی:

پێشەوا (مسلم) لە(جابر)ی کوڕی (عبدالله)وە دەگێڕێتەوە دەڵێ: جارێکیان (أبوبکر) هات مۆڵەتی هاتنە ژوورەوە لەپێغەمبەری خوا (ﷺ) وەرگرێت، بینی کۆمەڵێ خەڵك لەبەردەرگاکەیدا دانیشتوون مۆڵەت بەکەسیان نەدراوە، مۆڵەتی دابە (أبوبکر) چووە ژوورەوە، پاشان (عمر) هات، داوای مۆڵەتی کرد، مۆڵەتی بەویشدا، بینی وا پێغەمبەر (ﷺ) مات و بێ دەنگ دانیشتووەو خێزانەکانی بەدەوری دان، (عمر) وتی: ئێستا شتێك دەڵێم پێغەمبەر (ﷺ) دەهێنمە پێکەنین، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەر چاوت لێ بوایە کچەکەی (خارجة) (واتە: خێزانی) داوای خەرجی لێ کردم منیش بۆی هەستام وتۆزێکم لێ دا، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەستی کرد بەپێکەنین و فەرمووی: (هُنَّ حَوْلِي كَمَا تَرَى يَسْأَلْنَنِي النَّفَقَةَ) (واتە: ئەوەتا ئەوانیش بەچواردەورمدا دانیشتوون و داوای خەرجیم لێ دەکەن)

---

[٦] **بڕوانە: أحكام القرآن لابن العربي: (٤٣٣/٢)، الجامع لأحكام القرآن للقرطبي: (٢٠٩/١٤).**

(أبوبكر) هەستا بۆ (عائشة)و، (عمر)یش هەستا بۆ (حفصة) لێیان بدەن، هەردووکیان بەکچەکانیان دەوت: داوای شتێك لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەکەن کەنییەتی ؟ ئەوانیش وتیان: سوێند بەخوا داوای شتێك لە پێغەمبەری خوا ﷺ ناکەین کەنەیبێت، پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ ماوەی مانگێك یان بیست و نۆ ڕۆژ سەرجێی لێ دورخستنەوە، پاشان ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ إِن كُنتُنَّ تُرِدۡنَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا وَزِينَتَهَا فَتَعَالَيۡنَ أُمَتِّعۡكُنَّ وَأُسَرِّحۡكُنَّ سَرَاحٗا جَمِيلٗا ٢٨ وَإِن كُنتُنَّ تُرِدۡنَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَٱلدَّارَ ٱلۡأٓخِرَةَ فَإِنَّ ٱللَّهَ أَعَدَّ لِلۡمُحۡسِنَٰتِ مِنكُنَّ أَجۡرًا عَظِيمٗا﴾ **الأحزاب: (٢٨- ٢٩)**

واتە: ئەی پێغەمبەر بە هاوسەرەکانت بڵێ: ئەگەر ئێوە ژیانی دونیاو ڕازاوەییەکەیتان دەوێت وەرن با پێتان ببەخشم و بەشێوەیەکی جوان دەستان لێ بەربدەم و بەڕێتان کەم . وە ئەگەر خواو پێغەمبەرەکەی و پاداشتی دوا ڕۆژتان دەوێ ئەوە بەڕاستی خوا بۆ چاکە کارانتان – ئەوانەتان ڕازین بەم ژیانە– پاداشتێکی گەورەی ئامادە کردووە.

ئینجا لە (عائشة)وە دەستی پێکرد و فەرمووی: (يَا عَائِشَةُ إِنِّي أُرِيدُ أَنْ أَعْرِضَ عَلَيْكِ أَمْرًا أُحِبُّ أَنْ لَا تَعْجَلِي فِيهِ حَتَّى تَسْتَشِيرِي أَبَوَيْكِ)

واتە: ئەی (عائشة) من دەمەوێ شتێك بخەمە بەردەستت ،حەز دەکەم پەلە نەکەیت تا پرسی باوك و دایکت دەکەیت.

(عائشة) وتی: ئەوشتە چیە ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)؟

پێغەمبەریش (ﷺ) ئایەتەکەی بۆ خوێندەوە.

(عائشة) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئایا سەبارەت بەتۆ پرسی دایك و باوكم بكەم ؟!! من خواو پێغەمبەرەكەی و ژیانی ئەو دونیا هەڵدەبژێرم، و داوات لێدەكەم ئەم قسەیەی من نەگێڕیتەوە بۆ هیچ كام لەخێزانەكانت.

فەرمووی: (لَا تَسْأَلُنِي امْرَأَةٌ مِنْهُنَّ إِلَّا أَخْبَرْتُهَا إِنَّ اللَّهَ لَمْ يَبْعَثْنِي مُعَنِّتًا وَلَا مُتَعَنِّتًا وَلَكِنْ بَعَثَنِي مُعَلِّمًا مُيَسِّرًا)[٧]

واتە : هەر ژنێكیان پرسیارم لێبكات پێ ی دەڵێم، خوای گەورە منی نەناردووە بێزاركەری خەڵك بم یا ببمە هۆی ئەوەی خەڵكی بێزاری دەربڕێ لەدەستی بەڵكو منی ناردووە مامۆستاو ئاسانكاربم.

تایبەتمەندی حەوتەم: پێغەمبەر (ﷺ) بەشمانەوە (قَسَم)ی لەسەر پێویست (واجب) نەبووە.

دابەشكردنی كاتەكان بەسەر ژناندا بۆ ئەوكەسانەی زیاتر لەژنێكیان هەیە كارێكی زۆر پێویست و گرنگە، بەڵام خوای گەورە ئەم فەرزەی لەسەرشانی پێغەمبەر (ﷺ) هەڵگرتووە بەڵگەشمان ئەم ئایەتەیە:

﴿تُرْجِي مَن تَشَآءُ مِنْهُنَّ وَتُـْٔوِيٓ إِلَيْكَ مَن تَشَآءُ ۖ وَمَنِ ٱبْتَغَيْتَ مِمَّنْ عَزَلْتَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكَ ۚ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰٓ أَن تَقَرَّ أَعْيُنُهُنَّ وَلَا يَحْزَنَّ وَيَرْضَيْنَ بِمَآ ءَاتَيْتَهُنَّ كُلُّهُنَّ ۚ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ مَا فِي قُلُوبِكُمْ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَلِيمًا﴾

(الأحزاب: ٥١)

ڕاڤە: تۆ دەتوانی كات و سەرەی هەركامێك لەژنەكانت دوابخەیت،

---

[٧] **رواه مسلم: (٢٧٠٣)**

واتە: ئەگەر لەسەرەی ئەویشدا نەگەڕێیتەوە لای، تۆ گوناهبار نابیت، هەرەها هەرکامێکیشیان نزیك بکەیتەوەو بتەوێ لەلای تۆ بمێنێتەوە (ئەگەر چی سەرەی ئەویش نەبێ)، هەر گوناهبار نابیت، هەروەها ئەوەشیان کەکاتی خۆی بەرکەنارت کردبێ لە بەش مانەوە (قسم)و، بەڵام ئێستا دەتەوێ لەخۆتی نزیك بخەیتەوە، دیسان بۆ ئەوەش هیچ گوناهێکت لەسەر نییە، ئاو بەشێوەیە خوای میهرەبان بۆی ڕوون کردیتەوە نزیکترە بەوەی ژنەکانت چاویان پێی گەش بێت وخەفەت نەخۆن و ڕازی بن و بزانن کە تۆ بەش مانەوە (قسم)ت لەسەرنییە بۆیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاتەکانت بۆ بەشکردوون و بەوپەڕی دادپەروەریەوە لەگەڵیاندا دەجووڵێیتەوە، خوای گەورەش چاك دەزانێ بەوەی لەدڵەکانتاندا حەشار دراوە لەکاری ژنان و مەیل بۆلای هەندێکیان، هەروەها خوا بەئاگاو لەسەر خۆیەو پەلەی سزا ناکات.[٨]

[٨] تەفسیری ڕامان بەدەسکاریەوە، هەروەها بڕوانە تەفسیری: الطبري: (٢٩٣/٢٠)، إبن كثير: (٤٤٦/٦) القرطبي: (٢١٤/١٤) تفسير السعدي: (٦٦٩).

تایبه‌تمه‌ندیه‌كانی خێزانه‌كانی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ)

خوای گه‌وره له‌به‌ر خاتری پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) ڕێزی ناوه له خێزانه‌كانی و به‌چه‌ند تایبه‌تمه‌ندیه‌ك له ئافره‌تانی تر جیای كردوونه‌ته‌وه، كه‌بریتین له‌مانه‌ی خواره‌وه:

تایبه‌تمه‌ندی یه‌كه‌م: خێزانه‌كانی دایكانی ئیماندارانن.

خوای گه‌وره ده‌فه‌رمویٚ: ﴿وَأَزْوَاجُهُۥٓ أُمَّهَـٰتُهُمْ﴾ (الأحزاب:٦)

واته: ژنه‌كانی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) دایكانی ئیماندارانن به‌ژن و پیاوه‌وه.

ئه‌م دایكایه‌تیه‌ش له م چه‌ند خاڵه‌ی خواره‌وه‌دا به‌رجه‌سته ده‌بێت:

١- ڕێز لێگرتن و به گه‌وره‌ته‌ماشاكردنیان پێویست (واجب)ه.

٢- حه‌ڕامی ماره‌كردنیان.

به‌لاٚم له‌م دوو خاڵه‌ی خواره‌وه‌دا له‌دایكی نه‌ژادی جیا ده‌بنه‌وه‌و وه‌ك ژنانی تر مامه‌ڵه‌یان له‌گه‌ڵ ده‌كرێت:

١- ته‌ماشاكردن و خه‌ڵوه‌ت له‌گه‌ڵیان.

٢- میرات نه‌بردن لێیان.

تایبه‌تمه‌ندی دووه‌م: له‌ڕۆژی دواییشدا خێزانی پێغه‌مبه‌رن (ﷺ).

پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ)ده‌فه‌رموێت: (المرأةُ لآخر أزواجها)[٩]

واته: ژنان له ڕۆژی دواییدا ده‌بنه‌وه خێزانی دوا هاوسه‌ری دونیایان،

---

[٩] السلسلة الصحيحة للألباني: (١٢٨١)

هەر بۆیە مارەکردنی دایکانی ئیمانداران دوای پێغەمبەری خوا (ﷺ) حەڕام کراوە.

تایبەتمەندی سێیەم: سزاو پاداشت بۆیان دووبەرامبەرە.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَٰنِسَآءَ ٱلنَّبِيِّ مَن يَأۡتِ مِنكُنَّ بِفَٰحِشَةٖ مُّبَيِّنَةٖ يُضَٰعَفۡ لَهَا ٱلۡعَذَابُ ضِعۡفَيۡنِۚ وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٗا﴾ (الأحزاب: ٣٠ – ٣١)

واتە: ئەی ژنانی پێغەمبەر (ﷺ) هەرکام لەئێوە کارێکی دزێوی ئاشکرای لێ ڕووبدا دووبەرامبەر سزا دەدرێ، زیاد لەژنانی خەڵکی، ئەوەیش بۆ خوا ئاسانە. هەرکامێکیشتان گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی بکات و کردەوەی چاك ئەنجام بدات ئەوا پاداشتی دووبەرامبەری ئەدەینەوەو ڕۆزییەکی باش و بەنرخی لەبەهەشتدا بۆ ئامادە دەکەین .

تایبەتمەندی چوارەم: نیشانەیەکی گەورە بوون.

عن عِكْرِمَةَ قالَ: قِيلَ لابنِ عَبّاسٍ بَعْدَ صَلاَةِ الصّبْحِ مَاتَتْ فُلاَنَةُ، لِبَعْضِ أَزْوَاجِ النّبيّ (ﷺ) فَسَجَدَ، فَقِيلَ لَهُ أَتَسْجُدُ هَذِه السّاعَةَ؟ فَقَالَ: أَلَيْسَ قَالَ رسولُ اللّهِ (ﷺ) إذَا رَأَيتُمْ آيَةً فَاسْجُدُوا؟ فَأَيّ آيَةٍ أَعْظَمُ مِنْ ذَهَابِ أَزْوَاجِ النّبيّ (ﷺ)[١٠] ؟

واتە: (عِكْرِمَةَ) دەڵێ پاش نوێژی بەیانی وترا بە (ابن عباس) فلاْنە خێزانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کۆچی دوایی کرد، ئەویش کڕنوش

[١٠] رواه أبوداود والترمذي، وحسّنَه الألباني، بڕوانە: صحيح أبي داود للألباني رقم (١٠٥٧).

(سجدة)ی برد.
پێی وترا: ئالەم ساتە وەختەدا (دوای نوێژی بەیانی) کڕنوش دەبەیت؟!
ئەویش وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەیفەرمووە ئەگەر نیشانەیەکتان بینی کڕنوش (سجدة) ببەن، چ نیشانەیەك هەیە گەورەترو سامناکتربێت لەکۆچکردنی خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ)؟! واتە: مانەوەیان لەدونیادا نیشانەی هیمنی و ئارامیە لەسەر زەویدا، کۆچکردنیشیان نیشانەی دابەزینی سزاو ئەشکەنجەیە بۆسەر مرۆڤەکان.[11]

تایبەتمەندی پێنجەم: لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) سەڵەواتیان لێ دەدرێ.
عن أَبي حُمَيْدٍ السَّاعِدِيِّ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ أَنَّهُمْ قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ كَيْفَ نُصَلِّي عَلَيْكَ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): قُولُوا اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَأَزْوَاجِهِ وَذُرِّيَّتِهِ كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ وَبَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ وَأَزْوَاجِهِ وَذُرِّيَّتِهِ كَمَا بَارَكْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ.[12]
واتە: (أَبو حُمَيْد) دەڵێت: وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چۆن سەڵەواتت لێ بدەین؟
ئەویش فەرموی: بڵێن: (اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَأَزْوَاجِهِ وَذُرِّيَّتِهِ كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ وَبَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ وَأَزْوَاجِهِ وَذُرِّيَّتِهِ كَمَا بَارَكْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ).

---
[11] بڕوانە: عون المعبود: (١٤٢/٢٥)
[12] روا البخاري: (٣٣٦٩)، ومسلم: (٩٣٨).

فرەژنی پێغەمبەری خوا (ﷺ)

ناحەزان و دوژمنانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بەردەوامن لەڕەخنەگرتن و تۆمەتبارکردنی ئەم ئایینە پیرۆزە بەشێوەیەکی ناڕەوا.

یەکێکیش لەو تۆمەتانەی کە بێ شەرمانە! دەیدەنە پاڵ پێغەمبەری ئازیز (ﷺ) تۆمەتی فرەژنیە، کەبەپێی بیروباوەڕی پووچەڵی ئەوان پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەسێکی (شهواني)و ئارەزوباز بووەو چەندین ژنی خواستووەو لە دەوری خۆی کۆیکردونەتەوە!!

لەهەموو ئەمانە سەیرتر ئەوەیە کەئەم تۆمەتە ناڕەوایە شتێکی تازەو داهێنراوەو، هەرگیز بەبیرو خەیاڵی خودی دوژمنە نەفام و سەرسەختەکانی سەردەمی پێغەمبەریشدا (ﷺ) نەهاتووە!!

بۆیە لێرەدا بەگرنگی دەزانم کەبەکورتی باس لەهۆکارو حیکمەتەکانی فرەژنی پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) بکەم و، دەستپێکی باسەکەش بەیەکێك لەفەرموودەکانی خۆی بێت (ﷺ) کاتێك (عمر)ی کوڕی (الخطاب) سەردانی دەکات، کەدەچێتە ژوورەوە دەبینێ لەسەر ڕاخڕاوێك (حصير)ێك ڕاکشاوەو شوێنی (حصير)ەکە بەجەستەی پیرۆزیەوە دیارە بۆیە (عمر) دەڵێت: (يا نبي الله ! لو اتخذت فراشا أوثر من هذا ؟) ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆزگە ڕاخەرێکی تری لەمەباشترت بەکاربهێنایە؟

پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: (مَا لِي وَلِلدُّنْيَا مَا أَنَا وَالدُّنْيَا إِنَّمَا مَثَلِي

وَمَثَلُ الدُّنْيَا كَرَاكِبٍ ظَلَّ تَحْتَ شَجَرَةٍ ثُمَّ رَاحَ وَتَرَكَهَا). [١٣]

من چیمه بەدونیاوه نموونەی من ودونیا تەنها وەك سوارێك وایه له ژێر سێبەری درەختێكدا بمێنێتەوەو پاشان بڕوات و بەجێی بێڵێت.

لای هەموانیش ئاشكرایه كەپێغەمبەری خوا (ﷺ) لەنێو كۆمەڵگایەكی نەفامدا ژیاوه، كۆمەڵگایەك بەدڕەوشتی تێیدا ئاسایی بووەو تەنانەت ئەو ماڵانەی لەشفرۆشی تێدائەنجامدراوه ئاڵاْ بەسەر سەربانەكانیانەوە هەڵواسرابوو!

بەڵام ئەم پێغەمبەرە ڕەوشت بەرزە (ﷺ) بەشایەتی دۆست و دوژمنی كەسێكی بەشەرم و دەست و داوێنپاك و ڕاستگۆ بووە ...

كاتێك دەگاتە تەمەنی (٢٥) ساڵی لەبری ئەوەی كچێك بخوازێت بێوەژنێك (خديجة خوای لیْ ڕازیبێت) دەخوازێت كه (١٥) ساڵ لەخۆی گەورەترەو خاوەنی چەند كوڕو كچێكه گەورەكەیان تەمەنی نزیكەی (٢٠) ساڵه !!

ئەم خوازبێنیەش لەسەر داوای (خديجة) خۆی دەبێت كاتێك ڕاستگۆیی و دەستپاكی (محمد) (ﷺ) سەرسامی دەكات!

پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەمەنی پیرۆزی گەنجێتی خۆی لەگەڵ دایكه (خديجة)دا بەسەردەبات و تاكۆچی دوایی دەكات ژنی بەسەردا ناهێنێت، بەواتایەكی تر پێغەمبەری خوا (ﷺ) تاوەكو كۆتایی تەمەنی (٥٠) ساڵی جگه له (خديجة) ژنی تری نەبووەو خوازبێنی ژنی تری نەكردووە !!

---

[١٣] رواه ابن ماجة و الترمذي وأحمد،وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة برقم (٤٣٨)، وأحمد في مسنده وصححه الأرناؤوط برقم: (٣٧٠٩).

خێزانی یەکەم پاش (خدیجة):

پاش کۆچکردنی (خدیجة) پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئافرەتێکی باوەڕداری بێوەژنی بەساڵاچوو دەخوازێت کە(سودة)ی کچی (زمعة)یە، ئەم ئافرەتە پاش گەڕانەوەی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا لە(حبشة)ەوە بۆ (مكة) هاوسەرەکەی کۆچی دوایی دەکات، پێغەمبەر (ﷺ) دەیخوازێت بۆ ئەوەی لەلایەك دڵنەوایی بکات و لەلایەکی تر مناڵەکانی خۆیشی بێ سەرپەرشتیار نەمێننەوە، لەلایەکی تریشەوە بۆ ئەوەی (سودة) پارێزراوبێت نەبادا باوك و برا بێباوەڕەکەی بەزۆرە ملێ لەئیسلامەتی هەڵیگەڕێننەوە.

خێزانی دووەم پاش (خدیجة):

پاش چەند ساڵێك لە (مدينة) (عائشة)ی کچی (أبوبکر) دەبێتە هاوسەری دووەمی، ئەم هاوسەرگیریەش لەلایەك رێزگرتنێکی گەورەیە لەخۆشەویسترین هاوڕێی کە (أبوبکر)ە خوای لێ ڕازیبێت و داننانە بەخەبات و تێکوشانی خۆی و بنەمەڵە سەربەرزەکەیدا کەپشتگیریی پێغەمبەر (ﷺ)و بانگەوازەکەیان کردووە، لەلایەکی تریشەوە جێبەجێکردنی خەوەکەیەتی کەسێ شەو بەسەریەکەوە لەخەویدا فریشتەیەك (عائشة)ی بۆ دێنێ کەدواتر باسی لێوە دەکەین.

خێزانی سێیەم پاش (خدیجة):

(حفصة)ی کچی (عمر)ە خوایان لێ ڕازی بێت، کەلەجەنگی (أُحد)دا هاوسەرەکەی شەهید دەبێت، ئەم خوازبێنیەش لەلایەك ڕێزگرتنە لەهاوڕێی دووەمی کە(عمر)ی کوڕی (الخطاب)ەو، ڕزگارکردنیەتی

لەخەم و خەفەت خواردن بۆ کچە گەنجە بێوەژنەکەی، لەلایەکی تریش ڕێزگرتن بوو لە شەهیدێکی بانگەوازی ئیسلام واتە: مێردەکەی.

خێزانی چوارەم:

(زینب)ی کچی (خزیمة)یە ئافرەتێکی خواناس و بەخشندەبووە لەنەفامیدا بە دایکی هەژاران ناسراوە، ئەمیش لە جەنگی (أحد)دا هاوسەرەکەی شەهید دەبێت، پێغەمبەریش (ﷺ) وەك ڕێزلێگرتنێك لەخۆی و هاوسەرە گیان بەخشەکەی دەیخوازێت.

خێزانی پێنجەم:

بۆ هێورکرنەوەی (أبوسفیان)و عەشیرەتەکەی لەلایەك و، ڕزگارکردنی (أم حبیبة)ش لەبێوەژنی و غەریبایەتی وڵاتی (حبشة) پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیخوازێ و دواتر (نجاشي) پاشای ئەو وڵاتە بەڕێزەوە بەڕێی دەکات بۆ (مدینة).

خێزانی شەشەم:

پێنجەمین خێزانی پاش (خدیجة) (أم سلمة)یە، ئافرەتێکی ژیرو خوێندەوار بوو لەجەنگی (أحُد)دا هاوسەرەکەی– کەپورزاو برای شیریی پێغەمبەرە (ﷺ) – بریندار دەبێت و دواتر کۆچی دوایی دەکات، پێغەمبەریش (ﷺ) وەك دڵدانەوەیەك بۆ (أم سلمة)و ڕێزگرتنیش لەمێردە شەهیدەکەی دەیخوازێت و سەرپەرشتی کچە بچووکەکەشی (زینب) دەکات.

خێزانی حەوتەم:

(زینب)ی کچی (جحش)ە، ئەم خوازبێنیەش بەفەرمانی پەروەردگار بوو، گەورەترین حیکمەتی تێدابوو، ئەویش هەڵوەشاندنەوەو بەتاڵکردنەوەی یاسای بەکوڕکردن (التبنّی) کەدواتر باسی لێدەکەین.

خێزانی هەشتەم:

(جویریة)ی کچی (الحارث) بوو سەبارەت بەم ژنهێنانە (عائشة) دەڵێ: بەهۆی ئەم خوازبێنیەوە سەد کەس لە (بني المصطلق) لەکۆیلایەتی ئازادکران، هیچ ئافرەتێك شك نابەم ئەوەندە خێرو بەرەکەتی هەبووبێ بۆ هۆزەکەی.

خێزانی نۆیەم:

(صفیة)ی کچی (حُیَي) بوو، کەباوکی سەرۆکی (بنو النضیر) بوو لەجەنگی (بنو قریظة)دا، هاوسەرەکەشی لەغەزای (خیبر)دا دەکوژرێن و، (صفیة) دەبێتە کۆیلەو بەر یەکێك لەهاوەڵان دەکەوێت بەناوی (دِحْیَةُ الْکَلْبِيّ)، بۆیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەزەیی پێدا دێتەوەو لەکۆیلایەتی ڕزگاری دەکاو دەیکاتە هاوسەری خۆی.

خێزانی دەیەم:

(میمونة)ی کچی (الحارث) کەمێردی یەکەمی پێش ئیسلام تەڵاقی داوەو، مێردی دووەمیشی کۆچی دوایی کردووە.

خزم وكەس وكاری ئەم ئافرەتە بەشێوەیەكی فراوان پەلی هاویشتبوو لەنێو (بني هاشم)و (بني مخزوم)دا، بۆیە خواستنی لەلایەن پێغەمبەری خواوە (ﷺ) لەلایەك ڕزگاركردنی بوو لەبێوەژنی و بێسەرپەرشتیاری لەلایەكی تریشەوە دروستكردنی خزمایەتی وبتەوكردنەوەی بوو لەلایەن پێغەمبەری خواوە (ﷺ)، ئەویش بۆ سوود لێوەرگرتنی بوو بۆ بانگهێشتكردنی كەسانێكی زیاتر بۆ ناو ئایینی پیرۆزی ئیسلام.

خوای گەورەش زاناترە.

دایكی ئیمانداران (خدیجة)ی كچی (خویلد) خوای لیٚ ڕازیبیٚت [14]

ناوی: (خدیجة)ی كچی (خویلد)ی كوڕی (أسد)ی كوری (عبد العزّى)ی كوڕی (قُصيّ)ه.

له شاری (مكة) لەدایكبووه، لەناو خانەوادەیەكی بە شەرەف و دەوڵەمەندا گەورەبووە و لەسەردەمی نەفامیدا بە پاكیزه (الطّاهرة) ناسراوه.

باوكی لەجەنگی(الفِجَار)دا[15] دەمریٚت.

ناوی دایكی: (فاطمة)ی كچی (زائدة)ی كوڕی (الأصم)ی كوڕی (هرم)ی كوڕی (رواحة)یه.

(خدیجة) خوای لیٚ ڕازیبیٚت له نەفامیدا خیٚزانی پیاویٚك دەبیٚت بە ناوی (أبوهالة)ی كوڕی (زرارة)ی كوڕِی (النباش) كچیٚك و كوڕیٚكی لیٚدەبیٚت بە ناوی (هند)و(هالة)، پاش مردنی (أبوهالة) شوودە كات بە(عتیق)ی كوڕی (عائذ)ی كوڕی (عبدالله)، لەویش كچیٚكی دەبیٚت بەناوی هند. هەندیٚكی تر له زانایان دەڵیٚن بەپیٚچەوانەوه یەكەم هاوسەری (عتیق) بووەو دواتریش (أبو هالة).

---

[14] الإصابة في تمييز الصحابة: (١٢/١٠٧– ١١٢)، الاستيعاب في معرفة الأصحاب: (٢/٨٦– ٨٩)، سير أعلام النبلاء: (٢/١٠٩– ١١٧)، أسد الغابة: (٧/٨٨– ٩٦)

[15] ئەم جەنگە لەنیٚوان قوڕەیش و هاوپەیمانەكانی لەخیٚڵی (كنانه) لەلایەك و(قیس) ی (عیلان) لەلایەكی ترەوە ڕوویدا، بۆیە ناونرا بە جەنگی (الفجار) چونكە لەمانگە حەڕامەكاندا حورمەت و، سنوورەكانی تیٚدا شكا. بڕوانه: (البداية والنهاية ٢/ ٢٥٤)

(خديجة) خواى لىٚ ڕازيبيٚت ئافرەتيٚكى جوان و ڕەوشت بەرزو دەولٚەمەند بوو، زۆريٚك لە پياوانى (مكة) دەچوونە خوازبيٚنى بەلاٚم بە كەسيان ڕازى نەدەبوو.

هەنديٚك لە پياوانى (مكة) بازرگانييان بۆدەكرد، كاتيٚك هەوالٚى ڕاستگۆيى و دەست پاكى و ڕەوشت بەرزى پيٚغەمبەرى (ﷺ) پيٚدەگات دەنيٚرىٚ بە شويٚنيداو داواى ليٚدەكات بازرگانى بۆ بكات ولەبەرامبەردا قازانجيٚكى زياتر لە وانى ترى پيٚبدات، پيٚغەمبەريش (ﷺ) ڕازى دەبيٚت ولەگەلٚ (ميسرة)ى (غلام)ى (خديجة) بەرەو (شام) بەڕيٚدەكەون.

كاتيٚك دەگەنە شام پيٚغەمبەر (ﷺ) لەبن درەختيٚكدا لەنزيك پەرستگا (صومعة)ى (نسطور)ى ڕاهيب دادەنيشىٚ، كاتيٚك (نسطور) دەيبينىٚ پرسيار لە(مَيسرة) دەكات: ئەو پياوەى لەبن ئەو درەختەدا دانيشتووە كيٚيە ؟

(مَيسرة) دەلٚىٚ: يەكيٚكە لە قوڕەيشيەكانى خەلٚكى(مكّة).

(نسطور): جگە لە پيٚغەمبەران هەرگيز كەس لەبن ئەم درەختەدا دانەنيشتووە (واتە: لەوكاتەدا)[16]

پاشان پيٚغەمبەر (ﷺ) بارەكان دەفرۆشيٚت وبە پارەكەى شتى تر دەكريٚت و لەگەلٚ (ميسرة)دا دەگەڕيٚتەوە بۆ (مكة)، (ميسرة)يش ئەوەى لەپيٚغەمبەرى (ﷺ) بينيبوو لەڕەوشتى جوان و ڕاستگۆيى و دەست پاكى بۆ (خديجة)ى گيٚڕايەوە.

---

[16] **بڕوانە: البداية والنهاية لابن كثير: (٣٥٨/٢)**

خوازبێنی کردنی (خدیجة) خوای لیٚ ڕازیبێت

ئەوەی (خدیجة) بەشوێنیدا دەگەڕا دۆزییەوەو لەلای (نفیسة)ی هاوڕێی باسی کردو، پاشان (نفیسة) چوو بۆلای پێغەمبەر (ﷺ)، قسەی لە گەڵدا کرد کە (خدیجة) بخوازێت، پێغەمبەریش (ﷺ) ڕازی بوو، وەلەگەڵ مامەکانیدا باسی کردو ئەوانیش ڕۆشتن بۆلای مامی (خدیجة) وخوازبێنییان بۆکردو بیست وشتریان کرد بە مارەیی، ئەم خوازبێنیەش پازدە ساڵ پێش پێغەمبەرایەتی بوو، (خدیجة) تەمەنی چڵ ساڵ بوو پێغەمبەریش (ﷺ) لاوێکی تەمەن بیست وپێنج ساڵ بوو. (خدیجة) یەکەم ئافرەت بوو کەپێغەمبەر (ﷺ) خوازبێنی کردبێت و ژنی بە سەردا نەهێنا تا کۆچی دوایی کرد.

جگە لە (إبراهيم) هەموو منداڵەکانی پێغەمبەر (ﷺ) لە(خدیجة)ن: یەکەم منداڵ قاسم بوو هەربە منداڵی دەمریٚ پاشان چوار کچەکەی: (زينب)و (رقية)و (أمّ كلثوم)و (فاطمة)و پاشان (عبدالله) کەدوای پێغەمبەرایەتی لەدایك دە بێت و ئەویش هەر بەمندالی دەمریٚ و نازناوی (الطاهر والطيب) بووە.

تێبینی: لەسەرچاوەکاندا سەبارەت بەتەمەنی دایکە (خدیجة) خوای لێڕازیبێت لەکاتی شووکردنی بەپێغەمبەری خوا (ﷺ) چەند ریوایەتێك هەیە لەوانە: چل ساڵ و سی وپێنج ساڵ و بیست و هەشت و هەروەها بیست و پێنج ساڵیش هاتووە، بەڵام (سند)ی هیچ کام لەم ریوایەتانە ڕاست (صحيح) نین هەرچەندە ریوایەتی چل ساڵەکە بەناوبانگەو لەزۆر لەسەرچاوەکاندا باسی لێوەکراوە!

بەڵام ئەوەی کە گومانی تێدا نیە ئەوەیە کە دایکە (خدیجة) خوای لێڕازیبێت تەمەنی لەتەمەنی پیرۆزی پێغەمبەری خوا (ﷺ) زیاتر بووە بە بەڵگەی وتەی (عائشة) خوای لێڕازیبێت کە (البخاری)و (مسلم) دەیگێڕنەو کاتێك دەڵێت بەپێغەمبەری خوا (ﷺ): (وما تذکر من عجوز من عجائز قریش)[١٧]

---

[١٧] **دواتر واتاو (تخریج)ی دەکەین.**

پلەوپایەو تایبەتمەندیەکانی

١- (خديجة) خوای لیٚ ڕازیبیٚت یارمەتیدەریٚکی بیٚ ویٚنە بوو بۆ پیٚغەمبەر (ﷺ)

(عائشة) دەفەرمویٚت: کاتیٚك پیٚغەمبەر (ﷺ) لەئەشکەوتی (حراء) نیگا (وحي) بۆهات گەڕایەوە ماڵەوە دڵی دەلەرزی، تا هاتەوە بۆلای خديجة و فەرمووی: (زَمِّلُونِي زَمِّلُونِي) واتە: داميۆشن داميۆشن، دایانپۆشی تاوەکو ترسەکەی نیشتەوە، ڕووداوەکەی بۆ خديجە گێڕایەوەو، فەرمووی: (لَقَدْ خَشِيتُ عَلَى نَفْسِي)

واتە: بەڕاستی لەگیانی خۆم ترسام، (خديجة) ش خوای لیٚ ڕازیبیٚت فەرمووی: (كَلَّا وَاللَّهِ مَا يُخْزِيكَ اللَّهُ أَبَدًا إِنَّكَ لَتَصِلُ الرَّحِمَ وَتَحْمِلُ الْكَلَّ وَتَكْسِبُ الْمَعْدُومَ وَتَقْرِي الضَّيْفَ وَتُعِينُ عَلَى نَوَائِبِ الْحَقِّ)[١٨]

واتە: نەخیٚر، سویٚند بەخواهەرگیز خودا شتی وا ناکاو تۆ ڕیسوا ناکا، تۆ پەیوەندی خزمایەتی بە جیٚدەهیٚنیت وباری ئازاری خەلك دەخەیتە سەرشانی خۆت وهەژار تیٚردەکەیت و ڕیٚز لەمیوان دەگریت و یارمەتی لیٚقەوماوان دەدەیت. پاشان (خديجة) لەگەڵ خۆیدا بردیە دەرەوە تا گەیشتە ماڵی (ورقة)ی کوڕی (نوفل)ی کوڕی (أسد)ی کوڕی (عبدالعزى)ی ئامۆزای خۆی.

---

[١٨] رواه البخاري: (٣)، ومسلم: (٢٣١)

٢- یەکەم کەس بوو کەموسڵمان بوو.

(إیاس) دەڵێ: باوکم (عفیف) بۆی گێڕامەوە، وتی: من پیاوێکی بازرگان بووم لەڕۆژێك لەڕۆژەکانی (حج)دا ڕۆشتم بۆ(مِنی) بۆلای (عباس)ی کوڕی (عبدالمطلب) شتی لێبکڕم، کاتێك کە پێکەوە بووین پیاوێك هات ڕووی لە (کعبة) کردوو دەستی کرد بەنوێژکردن، پاشان ئافرەتێك و پاشانیش کوڕێك بەهەمان شێوە هاتن و دەستیان کرد بەنوێژ کردن، منیش وتم ئەی (عباس) ئەمە چۆن ئاینێکە ؟ بەڕاستی من نازانم ئەمە چیە !

(عباس) وتی: ئەوە (محمد)ی کوڕی (عبدالله) یە دەڵێ من نێرراوی خوام گەنجینەکانی (کسری)و (قیصر)م بۆ (فتح) دەکات، ئەو ژنەش (خدیجة)ی کچی (خویلد)ەو ئەو کوڕەش ئامۆزایەتی (علي) کوڕی (أبو طالب)ە باوەڕیان پێهێناوە.

(عفیف) وتی: خۆزگە منیش ئەو ڕۆژە باوەڕم بهێنایە دەبوومە چوارەم کەس.[19]

(إبن الأثیر)دەڵێ: بە کۆی دەنگ (إجماع)ی موسڵمانان (خدیجة) یەکەم کەس بوو کە موسڵمان بو، هیچ پیاو ژنێك لە موسڵمانبووندا پێشی نەکەوتوون.[20]

---

[19] البداية والنهاية لابن كثير: (٣/ ٣٥)، صحيح السيرة النبوية للألباني: (ل ١١٥، ١١٦)

[20] أسد الغابة: (٧/٨٩)

٣- خوای گەورە سەلامی لە (خديجة) كردووە:

عن أبي هريرة رضي الله عنه ، قال: أتى جبريل النبي (ﷺ)، فقال: يا رسول الله هذه خديجة قد أتت معها إناء فيه إدام، أو طعام أو شراب، فإذا هي أتتك فاقرأ عليها السّلام من ربها ومنّي، وبشّرها ببيتٍ في الجنّة من قصب لا صخب فيه، ولا نصب. [٢١]

واتە: (أبوهريرة) دەفەرمویٚ:جبريل هاتە لای پێغەمبەر (ﷺ)، فەرمووی (خديجة) خەریکە دێت بۆلات دەفرێکی پێیە، پێخورِیان خواردن یان خواردنەوەی تێدایە، هەرکات گەشتە لات سەلامی پێبگەیەنە لە پەروەردگاریەوەو، لەلایەن منیشەوە، وەمژدەی خانوویەکی پێپدە لەبەهەشتدا لەقامیشی مرواری دروست کراوە نەدەنگە دەنگی تێدایە نەماندوبوون.

هەندێ لەزانایان دەڵێن: خانووەکەی دەنگە دەنگ و ماندوبوونی تێدانیە چونکە (خديجة) هەرگیز دەنگی بەسەرپێغەمبەردا (ﷺ) بەرزنەکردۆتەوەو ماندووی نەکردوەو ئازاری نەداوە.

٤- پلەو پایەی لەدڵی پێغەمبەردا (ﷺ)

عن عائشة رضي الله عنها، قالت: ما غرت على أحد من نساء النبي (ﷺ)، ما غرتُ على خديجة، وما رأيتها، ولكن كان النبي (ﷺ) يكثر ذكرها، وربما ذبح الشاة ثم يقطعها أعضاء، ثم يبعثها في صدائق

---

[٢١] **رواه البخاري: (٣٥٣٦)، ومسلم: (٤٤٦٠).**

خديجة، فربما قلت له: كأنه لم يكن في الدنيا امرأة إلا خديجة، فيقول: إنها كانت، وكانت، وكان لي منها ولد.[٢٢]

واتە: (عائشة) دەفەرمویٚ: من غیرەت نەیگرتووم بەرامبەر بەهیچ کام لەخیٚزانەکانی پیٚغەمبەر (ﷺ) جگەلە (خدیجة) هەرچەند نەیشم بینیبوو بەلاٚم پیٚغەمبەر (ﷺ) زۆرباسی دەکرد، بگرە زۆرجار کەمەڕیٚکی سەردەبڕی پارچەپارچەی دەکردو پاشان دەینارد بۆهاوڕپکانی (خدیجة) منیش زۆر جار پیٚم دەوت: ئەوە چیە ئەوەندە دەڵیٚی (خدیجة، خدیجة)! دەڵیٚی ئەم جیهانە کەسی تری تیٚدا نییە ئەونەبیٚ!

ئەویش دەیفەرموو: بەڕاستی ئەو وەها و وەها بوو، وەلەویش منالٚم هەبوو.

٥- هەمیشە لەیادی پیٚغەمبەردا (ﷺ) بووە.

عن عائشة، قالت: استأذنت هالة بنت خويلد أخت خديجة على رسول الله (ﷺ)، فعرف استئذان خديجة فارتاع لذلك فقال: اللهم هالة، فغرت فقلت: وما تذكر من عجوز من عجائز قريش، حمراء الشدقين، هلكت في الدهر فأبدلك الله خيرا منها.[٢٣] وفي روايةٍ :(ما أبدلني الله عز وجل خيرا منها ، قد آمنت بي إذ كفر بي الناس، وصدقتني إذ كذبني الناس، وَ واستني بمالها إذ حرمني الناس، ورزقني الله عز وجل ولدها إذ حرمني أولاد النساء).[٢٤]

---

[٢٢] رواه البخاري: ٣٥٣٤

[٢٣] رواه البخاري: ٣٥٣٦ ومسلم ٤٤٦٧

[٢٤] رواه أحمد: (٢٣٧١٩) وقال ابن كثير في السيرة النبوية: (١٣٦/٢): تفرّد به أحمد وإسناده لا بأس به، وحسّنه الأرناؤوط برقم: ٢٤٩٠٨.

واته: (عائشة) دەڵێ: (هالة)ی کچی (خویلد)ی خوشکی (خدیجة) داوای مۆڵەتی کرد بۆ ئەوەی بچێتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەریش (ﷺ) بەدەنگی ئەودا دەنگی(خدیجة)ی بیرکەوتەوە (دەنگیان لەیەك دەچوو)، ڕاچەنی وفەرمووی:خوایە (هالة) بێت ! منیش غیرەت گرتمی و وتم: یادی چی دەکەیتەوە لەپیرەژنێك لەپیرەژنەکانی قریش، شەویلە سووری پووك بەدەرەوە بووی دان لە دەما نەماو، کەچەندین ساڵە مردووە، خوای گەورە باشتر لەوی پێ بەخشیویت.

خوا لەو باشتری پێنەبەخشیوم ،بەڕاستی کاتێك کەخەڵك باوەڕیان پێنەدەکردم ئەو باوەڕی پێهێنام، کاتێك کەخەڵك بەدرۆیان دەخستمەوە ئەو متمانەی پێدەکردم، کاتێك خەڵك لە یارمەتی خۆیان بێبەشیان کردم، ئەو کردمیە هاوبەشی سامانەکەی خۆی، خوای گەورە لە ئەو منالی پێبەخشیم، لە ژنانی تر بێبەشی کردم.

٦- ڕێزگرتنی پێغەمبەر (ﷺ) لەهاوڕێکانی

عن عائشة، قالت: جاءت عجوز إلى النبي (ﷺ) وهو عندي، فقال: لها رسول الله(ﷺ): « من أنت ؟» قالت: أنا جَثَّامَةُ الْمُزَنِيَّةُ، فقال (ﷺ): « بل أنت حَسَّانَةُ الْمُزَنِيَّةُ، كيف أنتم ؟كيف حالكم؟ كيف كنتم بعدنا؟» قالت: بخير بأبي أنت وأمي يا رسول الله (ﷺ)، فلما خرجت قلت: يا رسول الله (ﷺ)، تقبل على هذه العجوز هذا الإقبال ؟ فقال (ﷺ) « إنها كانت تأتينا زمن خديجة وإنّ حسن العهد من الإيمان».[٢٥]

[٢٥] أخرجه الحاكم والبيهقي وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة برقم: ٢١٦

واتە (عائشة) دەڵێ: پێغەمبەر لەلای من بوو پیرە ژنێك هات بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: تۆکێیت ؟

وتی: من (جثّامة المزنية)م.

فەرمووی: نەخێر تۆ (حسّانة المزنية)ی، ئێوە چۆنن ؟ حاڵتان چۆنە ؟ پاش ئێمە چۆن بوون ؟

وتی: باشین، باوك و دایکم بەقوربانت بێت، ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتێك ڕۆشتە دەرەوە، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەو شێوازە پێشوازیت لەو پیرە ژنە کرد !؟

فەرمووی: ئەو لە سەردەمی (خدیجة)دا دەهات بۆ لامان، بە ڕاستی وەفای چاك بەشێکە لەباوەڕ.

٧- لەباشترین ژنانی بەهەشتە.

عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَفْضَلُ نِسَاءِ أَهْلِ الْجَنَّةِ خَدِيجَةُ بِنْتُ خُوَيْلِدٍ وَفَاطِمَةُ بِنْتُ مُحَمَّدٍ وَمَرْيَمُ بِنْتُ عِمْرَانَ وَآسِيَةُ بِنْتُ مُزَاحِمٍ امْرَأَةُ فِرْعَوْنَ.[٢٦]

واتە: (إبن عباس) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: باشترین ژنانی ناو بەهەشت: (خدیجة)ی کچی (خویلد)و (فاطمة)ی کچی (محمد)و (مریم)ی کچی (عمران)و (آسیة)ی کچی (مزاحم)ی ژنی (فرعون)ە.

---

[٢٦] رواه أحمد: (٢٩٠٣) وصححه شعيب الأرنؤوط، والألباني في السلسلة الصحيحة برقم: ١٥٠٨

٨- پێغەمبەر (ﷺ) بەبینینی ملوانکەکەی، دڵی بەرامبەر بەبێباوەڕێك نەرم دەبێت.

(عائشة) دەڵێ: کاتێ خەڵکی (مكة) ڕزگارانە (فدية)یان دەنارد بۆ بەردانی دیلەکانیان لەجەنگی بەدردا، (زينب) ی کچی پێغەمبەر (ﷺ) بۆئازادکردنی (أبوالعاص)ی مێردی هەندێك پارەو ملوانکەیەکی خۆی – کە لە (خديجة) ی دایکیەوە بۆی مابوویەوە – نارد، کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) ملوانکەکەی بینی زۆر بەزەیی بە کچەکەیدا دێتەوە سەردەمی دایکە (خديجة)شی وەبیر دێتەوە، بۆیە بە هاوەڵەکانی دەفەرموێت: ئەگەر پێتان باشە دیلەکەی بۆ بەردەن و ملوانکەکەشی بۆ بگەڕێننەوە.

ئەوانیش وتیان: بەڵێ.

پێغەمبەریش (ﷺ) بەڵێنی لێ وەردەگرێ کەڕێگە بدات (زينب)ی کچی کۆچ بکات بۆ (مدينة)و، (زيد)ی کوڕی (حارثة) وپیاوێکی پشتیوان (أنصاري) دەنێرێت بە شوێنیداو دەفەرموێت: (كونا ببطن يأجج حتى تمرّ بكما زينب فتصحباها حتى تأتيا بها) [٢٧]

واتە: لە (بطن يأجج) بمێننەوە تا(زينب) دەگاتە لاتان و پاشان لەگەڵ خۆتاندا بیهێنن.

٩- لەژنە کامڵەکانە.

عن قرة بن إياس رضي الله عنه: قال قال رسول الله (ﷺ): كمل من الرجال كثير ولم يكمل من النساء إلا ثلاث، مريم بنت عمران، وآسية امرأة فرعون،

---

[٢٧] رواه أبو داود وحسنه الألباني، بڕوانە: صحيح وضعيف سنن أبي داود (٢٦٩٢).

وخديجة بنت خويلد، وفضل عائشة على النساء كفضل الثريد على سائر الطعام .[28]

واتە: (قرة)ی کوڕی (إياس) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: لەناو پیاواندا زۆریان (کامل) پیاوی تەواویان لێ دەرچوو، بەڵام لە ناو ژناندا (کامل) تەواویان تیانەبووە جگە لە سیان: (مريم)ی کچی (عمران) و (آسية)ی ژنی (فرعون)و (خديجة)ی کچی (خويلد). بەڕاستی ڕێزی (عائشة) بە سەر ئافرەتانی تردا، وەك ڕێزی تێگوشین بە گۆشت وایە بە سەر خواردنەکانی تردا.

زانایان دەڵێن: خاڵی هاوبەشی ئەم سێ ژنە سەلامی خوایان لێبێت ئەوەیە کە هەر یەکێکیان پشتگیری لە پێغەمبەرێك کردووە، باوەڕی پێهێناوەو بەباشترین شێوە خزمەتی کردووە .

آسية (موسى)ی پەروەردەکردو چاکەی لەگەڵ کردو باوەڕیشی پێهێنا، (مريم)یش (عيسى)ی بەخێو کردو کاتێکیش بوویە پێغەمبەر باوەڕی پێهێنا، (خديجة)ش هانی پێغەمبەری (ﷺ) دا بۆخوازبێنی کردنی و باوەڕی پێهێناو پشتگیری لێکرد.

١٠- پێغەمبەری خوا (ﷺ) ژنی بەسەردا نەهێنا.

(عائشة) خوای لێ ڕازیبێت دەفەرموێت: لَمْ يَتَزَوَّجْ النَّبِيُّ (ﷺ) عَلَى خَدِيجَةَ حَتَّى مَاتَتْ.[29]

---

[28] قال (إبن كثير): رواه إبن مردويه في تفسيره وإسناده صحيح، بڕوانە: البداية والنهاية (٣/١٥٩- ١٦٠).

واتە: پێغەمبەر (ﷺ) ژنی نەهێنا بەسەر (خَدِیجَة)دا تاوەکو کۆچی دوایی کرد.
بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ بەتەنها لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) ژیاوە.


کۆچی دوایی دایکە (خدیجة) خوای لێ ڕازیبێت

سێ ساڵ پێش کۆچکردنی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ (مدینة) واتە لەساڵی دەیەمی پێغەمبەرایەتیداو، لەتەمەنی ٦٥ساڵیدا (خدیجة) کۆچی دوایی دەکات (ئەگەر لەتەمەنی ٤٠ ساڵیدا شووی بە پێغەمبەر (ﷺ) کردبێ) و لەگۆڕستانی (الحجون)[٣٠] دەنیژرێت، پێغەمبەر (ﷺ) خۆی چووە ناو گۆڕەکەی و دایهێڵایە ناویەوە، هێشتا نوێژی مردوو (تشریع) نەکرابوو.
سوود: خوێنەری بەڕێز، هەندێك لەنووسەرانی (سیرة) دەڵێن: بەهۆی بەدوای یەکدا هاتنی ئێش و ئازارەکان لەو ساڵەدا (واتە: کۆچی دوایی (أبوطالب)ی مامی و پاش چەند مانگێکیش (خدیجة)ی هاوسەری)، پێغەمبەر (ﷺ) ئەو ساڵەی ناونا ساڵی ماتەمینی (عام الحزن)[٣١]
بەڵام ئەڵبانی دەڵێت: تەنها سەرچاوەیەك کە بینیبێتم ئەم ریوایەتەی هێنابێت (القسطلاني)یە لە کتێبی (المواهب اللدنیة) کە دەڵێت:

---

[٢٩] رواه سلم: (٤٤٦٦)
[٣٠] گۆڕستانی خەڵکی (مکة)یە دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتیەوە تەنیشت کێوی (الحجون)، لەسەردەمی نەفامیەوە تا ئەمڕۆ مردووی تێدا دەنێژن، هەروەها گۆڕستانی (المعلاة)یشی پێ دەوترێت.
[٣١] بۆ نموونە بڕوانە: الرّحیق المختوم للمبارکفوري ل ١٠٤، فقه السیرة للبوطي ل ١٣٠.


(صاعد) وتوویەتی، ئەم (صاعد)ەش (الزرقانی)و (إبن حجرالعسقلانی) بەلاوازی دادەنێن، کەواتە ئەم ریوایەتە لاواز (ضعیف)ە.[٣٢]



گۆڕستانی (المعلاة)

[٣٢] بڕوانە: دفاع عن الحديث النبوي والسيرة للألباني: ل ١٨


بيت السيدة خديجة رضي الله عنها
alajeeb.com


رسم توضيحي لبيت السيدة خديجة رضي الله عنها
مكان تجارة السَّيِّدة خديجة رضي الله عنها
alajeeb.com
مكان استقبال الوفود
مصلى النبي
غرفة النبي
باب
مولد فاطمة

دایكی ئیمانداران (سودة)ی كچی (زمعة) خوای لیٚ ڕازی بیٚت[٣٣]

ناوی: (سودة)ی كچی (زمعة)ی كوڕی (قیس)ی كوڕی (عبدشمس)ە.
دایكیشی ناوی (الشموس)ی كچی (قیس)ی كوڕی(زید)ە.
(سودة) خیٚزانی ئامۆزایەكی خۆی بو بەناوی (السكران)ی كوڕی (عمرو).

خۆی و میٚردەكەی موسلْمان بون و پاشان كۆچیان كرد بۆ ولاْتی (حبشة) (كۆچی دووەم)، پاشان گەڕانەوە بۆ (مكة)، لەدەیەمین سالْی پیٚغەمبەرایەتیدا لە (مكة) (السكران)ی میٚردی كۆچی دوایی كرد، هەندیٚكیش دەلْیٚن هەر لە (حبشة) كۆچی دوایی كردووە، لەچەند سەرچاوەیەكیشدا وتراوە ئەم پیاوە لە(حبشە) لەئاییني ئیسلام هەلْگەڕاوەتەوەو بووە بەگاور، بەلاْم نەك ریوایەتیٚكی (صحیح) بەلْكو هیچ ریوایەتیٚكی (ضعیف)یش لەوبارەیەوە نەهاتووە.[٣٤]

خوازبیٚنی كردنی (سودة) خوای لیٚ ڕازی بیٚت

(أبو سلمة)و(یحیی) دەگیٚڕنەوە دەلْیٚن:
دوای كۆچكردنی (خدیجة) (خولة)ی كچی (حكیم)، ژنی (عثمان)ی كوڕی (مظعون) هات بۆ لای پیٚغەمبەر (ﷺ) وتی:
یَا رَسُولَ اللَّهِ أَلَا تَزَوَّجُ ؟ (ئەی پیٚغەمبەری خوا ژن ناهیٚنی) ؟

---

[٣٣] الإصابة: (٤٥١/١)، (١٢/٤– ١٣)، الاستيعاب: (٢١٦/١٢– ٢١٧)، سير أعلام النبلاء: (٢٦٥/٢– ٢٦٩).

[٣٤] بڕوانە: ما شاع ولم يثبت في السيرة النبوية ل ٤٤– ٤٥.

فەرمووی: مَنْ ؟ (کێ) ؟

وتی: إِنْ شِئْتَ بِكْرًا وَإِنْ شِئْتَ ثَيِّبًا.

ئەگەر کچت دەوێ هەیەو بێوەژنیشت دەوێ هەیە

فەرمووی: فَمَنْ الْبِكْرُ ؟ کچەکە کێیە ؟

وتی: ابْنَةُ أَحَبِّ خَلْقِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ إِلَيْكَ عَائِشَةُ بِنْتُ أَبِي بَكْرٍ.

کچی خۆشەویسترین دروستکراوی خوای گەورە بەلاتەوە، (عائشة)ی کچی (أبوبکر).

فەرمووی: وَمَنْ الثَّيِّبُ ؟ (ئەی بێوەژن کێیە ؟)

وتی: سَوْدَةُ ابْنَةُ زَمْعَةَ قَدْ آمَنَتْ بِكَ وَاتَّبَعَتْكَ عَلَى مَا تَقُولُ.

(سودة)ی کچی (زمعة)، بەڕاستی باوەڕی پێهێنایت وشوێنت کەوتووە لە سەر ئەوەی کە دەیڵێیت.

فەرمووی: فَاذْهَبِي فَاذْكُرِيهِمَا عَلَيّ. (برۆ هەردووکیانم بۆ داوابکە) .

(خولة) ڕۆشت بۆ ماڵی (أبوبکر)، وتی: يَا أُمَّ رُومَانَ مَاذَا أَدْخَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ عَلَيْكُمْ مِنْ الْخَيْرِ وَالْبَرَكَةِ (ئەی دایکی رومان خوا چ خێرو بەرەتێکی ڕشتووە بە سەرتانا)!

وتی: وَمَا ذَاكَ ؟ (ئەو بەرەکەتە چییە) ؟

وتی: أَرْسَلَنِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَخْطُبُ عَلَيْهِ عَائِشَةَ .

(پێغەمبەر (ﷺ) ناردوومی خوازبێنی (عائشة)ی بۆ بکەم) .

وتی: چاوەڕوانی (أبوبکر) بە تادەگەڕێتەوە، کە گەڕایەوە بەهەمان شێوە بەویشی وت:

(أبوبکر)یش فەرمووی: وَهَلْ تَصْلُحُ لَهُ إِنَّمَا هِيَ ابْنَةُ أَخِيهِ ؟

(ئایا حەڵاڵە بۆی خۆ کچی براکەیەتی ؟!)

(خولة) گەڕایەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) وبۆی گێڕایەوە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: ارْجِعِي إِلَيْهِ فَقُولِي لَهُ أَنَا أَخُوكَ وَأَنْتَ أَخِي فِي الْإِسْلَامِ وَابْنَتُكَ تَصْلُحُ لِي. (پێی بڵێ من برای ئەوم وە ئەویش برای منە لە ئیسلامدا، وە کچەکەیم بۆ حەلاڵە).

پاشان (خولة) گەڕایەوە بۆلای (أبوبکر)و پیٚ ی وت. أبوبکریش وتی: چاوەڕوان بە. پاشان ڕۆشتە دەرەوە.

(أم رومان) وتی: بەڕاستی (مطعم)ی کوڕی (عَديّ) داوای کردووە بۆ کوڕەکەی، سوێند بەخوا (أبوبکر) هیچ بەڵێنێکی نەداوە جێبەجێی نەکردبێت.

(أبوبکر) ڕۆشت بۆماڵی (مطعم)ی کوڕی (عَدِيّ)، ژنەکەشی– دایکی کوڕەکە – لەویٚ بوو، وتی بە أبوبکر:

يَا ابْنَ أَبِي قُحَافَةَ لَعَلَّكَ مُصْبٍ صَاحِبَنَا مُدْخِلُهُ فِي دِينِكَ الَّذِي أَنْتَ عَلَيْهِ إِنْ تَزَوَّجَ إِلَيْكَ.(ئەی کوڕی (أبي قحافة) لە وانەیە ئەگەر کوڕەکەمان کچەکەتان بخوازێت لەدینەکەی خۆی لایدەیت و بیخەیتە سەر ئەودینە ی کە خۆتی لەسەرە!) (أبوبکر)یش وتی بە (مُطعِم): آقَوْلَ هَذِهِ تَقُولُ ؟ (تۆش هەمان قسەی ژنەکەت دەکەیت) ؟

ئەویش وتی: إِنَّهَا تَقُولُ ذَلِكَ ! (بەڕاستی ئەو وادەڵیٚ !) .

(أبوبکر)یش ڕۆشتەدەرەوە و، خوای گەورە ئەوەی لە دەروونیدابوو سەبارەت بەو بەلێنەی کەدابووی لای بردو،گەرایەوە ماڵەوە و، بە (خولة)ی وت: ادْعِي لِي رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) (پێغەمبەری خوام (ﷺ) بۆ بانگ بکە)، بانگی کردو، لیٚ ی مارەکرد، (عائشة) لەو کاتەدا تەمەنی شەش ساڵ بوو.

پاشان (خولة) ڕۆشت بۆ لای (سودة)ی کچی (زمعة)، وتی: خوا چ خێرو بەرەکەتێکی ڕشتووە بە سەرتا!

وتی: چییە ؟

وتی: پێغەمبەر (ﷺ) ناردوومی خوازبێنی تۆی بۆ بکەم .

وتی: وَدِدْتُ، ادْخُلِي إِلَى أَبِي فَاذْكُرِي ذَاكَ لَهُ.

(حەز دەکەم، بڕۆ بەباوکم بڵێ).

باوکی پیرە پیاوێك بوو، لەحەجیش دواکەوتبوو، (خولة) چوو بۆ لای و سەلامی لێکرد بە سەلامی جاهلیەت، ئەویش وتی: ئەوە کێیە ؟

وتی: (خولة)ی کچی (حکیم)ە.

وتی: بۆچی هاتووی ؟

وتی: أَرْسَلَنِي مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ أَخْطُبُ عَلَيْهِ سَوْدَةَ.

(محمد)ی کوڕی (عبدالله) ناردوومی (سودة)ی بۆ بخوازم.

وتی: (خولة)م بۆ بانگ کە. منیش بانگم کرد.

وتی: کچۆڵەکەم ،(خولة) دەڵێت (محمد)ی کوڕی (عبدالله)ی کوڕی (عبدالمطلب) ناردوومی بۆ خوازبێنیت، بەڕاستی هاوتایەکی بەڕێزە، حەزدەکەیت مارەت کەم لێی ؟

وتی: بەڵێ.

وتی: بڕۆ بانگی کە بۆم.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) هات و ئەویش لێی مارەکرد ... [٣٥]

---

[٣٥] رواه أحمد والطبراني وقال الحافظ ابن حجر في فتح الباري (٢٢٥/٧) :إسناده حسن، وحسّنه شعيب الأرناؤوط في مسند أحمد برقم: (٢٥٨١٠).

براكەی (سودة)، (عبد)ی كوڕی (زمعة) هات بۆلای (سودة)، خۆڵی دەكرد بە سەری خۆیدا،(لەبەر شوو كردنی بە پێغەمبەری خوا ﷺ)! بەڵام لەدوای موسڵمان بوونی دەیوت: بە ڕاستی من گێل بووم كەخۆڵم دەكرد بەسەری خۆمدا كاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) (سودة)ی كچی (زمعة)ی مارە كرد.

خوێنەری بەڕێز: بەپێی ی ڕاستترین گێڕانەوە، پێغەمبەر (ﷺ) دوای كۆچكردنی (خدیجة) بەماوەیەكی كەم، واتە لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا و لەدەیەمین ساڵی پێغەمبەرایەتیدا (عائشة) پێش (سودة) خوایان لێ ڕازی بێت مارەدەكات، بەڵام دواتر لە (مدینة) دەیگوازێتەوە و، (سودة)ش لەتەمەنی (٥٥ – ٦٠) ساڵیدا لە هەمان ساڵدا دەگوازێتەوەو سێ ساڵ بەتەنها لەگەڵی ژیا.

پلەو پایەو سەروەریەکانی

١- سوربوونی لەسەر ئەوەی کەلە دونیا و لەدوا ڕۆژیشدا یەکێك بێت لەخێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ).

عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ : مَا رَأَيْتُ امْرَأَةً أَحَبَّ إِلَيَّ أَنْ أَكُونَ فِي مِسْلَاخِهَا مِنْ سَوْدَةَ بِنْتِ زَمْعَةَ مِنْ امْرَأَةٍ فِيهَا حِدَّةٌ قَالَتْ فَلَمَّا كَبِرَتْ جَعَلَتْ يَوْمَهَا مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) لِعَائِشَةَ قَالَتْ يَا رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَدْ جَعَلْتُ يَوْمِي مِنْكَ لِعَائِشَةَ فَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَقْسِمُ لِعَائِشَةَ يَوْمَيْنِ يَوْمَهَا وَيَوْمَ سَوْدَةَ.[٣٦]

وفي روايةٍ : لَعلّي أكون من نسائك في الجنة.[٣٧]

واتە: (عائشة) دەڵێ: هیچ ژنێکم نەدیوە بەدڵ حەز بکەم وەکو ئەو وابم بە ئە ندازەی (سودة)ی کچی (زمعة) ژنێکی ئازاو دەروون قایم بوو، کەچوو بەساڵدا سەرە شەوی خۆی بەخشی بە (عائشة)، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نۆرەی خۆم ئەبەخشم بە (عائشة)، دوای ئەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دووشەو لەلای (عائشة) دەمایەوە، شەوەکەی خۆی و شەوەکەی (سودة). لەریوایەتێکی تردا دەڵێت: بەڵکو لە بەهەشتدا یەکێك بم لەخێزانەکانت.

سەبارەت بە هۆکاری بەخشینی سەرە شەوی خۆی بە عائشة لە ریوایەتێکی تردا عائشة دەڵێت: قالت سودة بن زمعة حين أسنت و فرِقت أن يفارقها رسول الله (ﷺ) يا رسول الله: يومي لعائشة فقبل منها رسول الله (ﷺ) قالت عائشة رضي الله عنها في ذاك أنزل الله عز و جل

---

[٣٦] مسلم : ٢٦٥٧

[٣٧] (صحيح)، مشكاة المصابيح للتبريزي بتحقيق الألباني (٢/٢٣٥)

فيها وفي أشباهها﴿ وَإِنِ ٱمۡرَأَةٌ خَافَتۡ مِنۢ بَعۡلِهَا نُشُوزًا ﴾[38]

واته : (سودة) خوای لیٚ ڕازی بیٚ كاتێك دەچێت بەساڵداو، دەترسیٚ پێغەمبەری خوا (ﷺ) لیٚ ی جیا بێتەوە دەڵێت: سەرە شەوی من بۆ (عائشة)، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) ڕازی دەبێت، (عائشة) دەڵێت: بۆ ئەو حاڵەتەو هاوشێوەكانی خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند:

﴿وَإِنِ ٱمۡرَأَةٌ خَافَتۡ مِنۢ بَعۡلِهَا نُشُوزًا﴾

هەروەها (ابن عباس)یش دەڵێت: خشيت سودةُ أن يطلقها النبي (ﷺ) فقالت لا تطلقني وأمسكني واجعل يومي لعائشة ففعل فنزلت:

﴿فَلَا جُنَاحَ عَلَيۡهِمَآ أَن يُصۡلِحَا بَيۡنَهُمَا صُلۡحٗاۚ وَٱلصُّلۡحُ خَيۡرٞۗ﴾[39]

واته (سودة) خوای لێڕازیبێت دەترسا لەوەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) تەلاٚقی بدات، دەڵێت: تەلاٚقم مەدەو لای خۆت بمهێڵەوە و سەرە شەویشم بدە بە (عائشة)، پێغەمبەریش (ﷺ) بەگوێی كردو ئەو ئایەتە هاتە خوارەوە.

بۆیە زۆربەی زانایانی ڕاڤەكاری قوڕئان دەڵێن ئەم ئایەتە بۆ دایكە (سودة) دابەزیوەو، (القرطبي) و(ابن عطية)ش ئەم بۆچوونەیان بەپەسەند زانیوە.[40]

---

[38] **رواه الحاكم في مستدركه برقم: (٢٧٦٠) وصححه الذهبي، و الألباني في السلسلة الصحيحة برقم: (١٤٧٩).**

[39] **صحيح، الإرواء (٢٠٢٠)**

[40] **بەلاٚم هەندێكی تر لەزانایانی لەوانە: (البغوي) و (الطبرسي) پێیان وایە كە ئەو ئایەتە بۆ كچی (محمد)ی كوڕی (مسلمة)ی خێزانی (رافع)ی كوڕی (خديج)ی (الأنصاري) دابەزیوە، هەردوو لاش بەڵگەی (صحيح)یان بەدەستەوەیە هەرچەندە بەڵگەكانی ڕای یەكەم (صحيح) ترن.**

خوێنەری بەڕێز لەوانەیە ئەو پرسیارەت لا گەڵاڵە بووبێت کە بۆچی دایکە (سودة) ترساوە لەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەڵاقی بدات ؟!

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش زانایان چەند ڕایەکیان هەیە:

- **(سودة) خوای لێ ڕازی بێت- لەبەر پیربون و لاوازبونی- خۆی هەستی بەکەمتەرخەمی کردووە بەرامبەر بە پێغەمبەری خوا (ﷺ).**
- **کەمێك توندبووە بەرامبەر بەخێزانەکانی تری پێغەمبەری خوا (ﷺ).**
- **پێغەمبەری خوا (ﷺ) ویستویەتی بیبەخشێت لەو ئەرك و بار قورسیەی لەئەستۆی دابووە وەك خێزانی پێغەمبەرێك.**
- **لاوازبوون لەئەنجام دانی کاری ژن و مێردایەتی، بەڵام یەکێك لە ڕاویەکانی ئەم ریوایەتە (الواقدي)یە کە لەلای زانایانی (حدیث) بە لاواز (ضعیف) ناسراوە.**

٢- ئافرەتێکی خواپەرست بوو.

عَنْ عَائِشَةَ أَنَّهَا قَالَتْ:اسْتَأْذَنَتْ سَوْدَةُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) لَيْلَةَ الْمُزْدَلِفَةِ تَدْفَعُ قَبْلَهُ وَقَبْلَ حَطْمَةِ النَّاسِ وكَانَتْ امْرَأَةً ثَبِطَةً يَقُولُ الْقَاسِمُ وَالثَّبِطَةُ الثَّقِيلَةُ قَالَ فَأَذِنَ لَهَا فَخَرَجَتْ قَبْلَ دَفْعِهِ وَحَبَسَنَا حَتَّى أَصْبَحْنَا فَدَفَعْنَا بِدَفْعِهِ وَلَأَنْ أَكُونَ اسْتَأْذَنْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) كَمَا اسْتَأْذَنَتْهُ سَوْدَةُ فَأَكُونَ أَدْفَعُ بِإِذْنِهِ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ مَفْرُوحٍ بِهِ.[٤١]

---

[٤١] **رواه البخاري: ١٥٦٩ ومسلم: ٢٢٧١.**

واتە: (عائشة)دەڵێ:(سودة)مۆڵەتی خواست لە پێغەمبەر (ﷺ) لەشەوی (المزدلفة) تاپێش ئەو بڕوات ،پێش ئەوەی خەڵکی قەڵەباڵغی دروست کەن، چونکە ئافرەتێکی قورس بوو، ئەویش مۆڵەتی دا، ئیتر هەتا بەیانی ئەو کەوتە ڕێ خۆئەگەر منیش مۆڵەتم بخواستایە لە پێغەمبەر (ﷺ) وەك (سودة) بڕۆشتایەم لە هەموو شت لەلام خۆشتربوو.

٣- هەمیشە قیامەتی لەیاد بوو.

عن سودة زوج النبي ﷺ قالت: قلت : يا رسول الله إذا متنا صلى لنا عثمان بن مظعون حتى تأتينا ؟ فقال لها رسول الله (ﷺ): لو تعلمين علم الموت يا بنت زمعة لعلمت أنه أشد ممّا تقدرِين عليه.[٤٢]

واتە: ئەی پێغەمبەری خوا ئەگەر ئێمە مردین تاوەکو تۆ دێیت بۆ لامان (عثمان) کوڕی (مظعون) (لەو کاتەدا مردبوو) داوای لێخۆشبوونمان بۆ دەکات.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: کچی (زمعة) ئەگەر بەتەواوی مردن بناسی ئەوسا بۆت ڕوون دەبێتەوە کە لەوە قورس ترە کەتۆ حیسابی بۆ دەکەیت.

٤- بەهۆی ئەوەوە لەلایەن پەروەردگارەوە مۆڵەت بەژنان درا.

عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا قَالَتْ: خَرَجَتْ سَوْدَةُ بَعْدَمَا ضُرِبَ الْحِجَابُ لِحَاجَتِهَا وَكَانَتْ امْرَأَةً جَسِيمَةً لَا تَخْفَى عَلَى مَنْ يَعْرِفُهَا فَرَآهَا عُمَرُ بْنُ

---

[٤٢] **رواه الطبراني في الكبير: (٣٤/٢٤) وقال الهيثمي في مجمع الزوائد (٥٩/٣): ورجاله رجال الصحيح.**

الْخَطَّابِ فَقَالَ يَا سَوْدَةُ أَمَا وَاللَّهِ مَا تَخْفَيْنَ عَلَيْنَا فَانْظُرِي كَيْفَ تَخْرُجِينَ قَالَتْ فَانْكَفَأَتْ رَاجِعَةً وَرَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِي بَيْتِي وَإِنَّهُ لَيَتَعَشَّى وَفِي يَدِهِ عَرْقٌ فَدَخَلَتْ فَقَالَتْ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي خَرَجْتُ لِبَعْضِ حَاجَتِي فَقَالَ لِي عُمَرُ كَذَا وَكَذَا قَالَتْ فَأَوْحَى اللَّهُ إِلَيْهِ ثُمَّ رُفِعَ عَنْهُ وَإِنَّ الْعَرْقَ فِي يَدِهِ مَا وَضَعَهُ فَقَالَ إِنَّهُ قَدْ أُذِنَ لَكُنَّ أَنْ تَخْرُجْنَ لِحَاجَتِكُنَّ.[٤٣]

واتە: (عائشة) دەڵێ: لەپاش ئەوەی کە (حجاب) لەسەرمان فەرز کرا (سودة) ڕۆشتە دەرەوە بۆسەرئاو،ئافرەتێکی قایم و قوڵ وبالأبەرز بوو، لەناو ئافرەتاندا دیاربوو، نەدەشارایەوە لە کەسێك کە بیناسیایە، (عمر) ی کوڕی(الخطاب) بینی وتی: ئەی (سودة) بەخوا لێمان ون نابیت ئیتر بزانە چۆن دەچیتە دەرەوە، ئەویش گەڕایەوە، لەوکاتەدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەماڵی مندا بوو نانی ئێوارەی دەخوارد و ئێسقانێکی بەدەستەوە بوو، (سودة) هاتە ژوورەوە وتی: ئەی پێغەمبەری خوا من چوومە دەرەوە (عمر) ئەوە و ئەوەی پێ وتم، (عائشة) دەڵێ: (وحي) هات بۆ پێغەمبەر (ﷺ) پاشان تەواو بوو، هێشتا ئێسقانەکەی دەستی دانەنا بوو، فەرمووی: ئێوە ژنان مۆڵەتتان پێدراوە کە بۆ پێویستیەکانتان بچنە دەرەوە.

٥- زۆر گوێ ڕایەڵ بوو.

عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا أَنَّهَا قَالَتْ اخْتَصَمَ سَعْدُ بْنُ أَبِي وَقَّاصٍ وَعَبْدُ بْنُ زَمْعَةَ فِي غُلَامٍ فَقَالَ سَعْدٌ هَذَا يَا رَسُولَ اللَّهِ ابْنُ أَخِي عُتْبَةَ بْنِ أَبِي

[٤٣] رواه البخاري: ٤٤٢١ ومسلم: ٤٠٣٤

وَقَّاصٍ عَهِدَ إِلَيَّ أَنَّهُ ابْنُهُ انْظُرْ إِلَى شَبَهِهِ وَقَالَ عَبْدُ بْنُ زَمْعَةَ هَذَا أَخِي يَا رَسُولَ اللَّهِ وُلِدَ عَلَى فِرَاشِ أَبِي مِنْ وَلِيدَتِهِ فَنَظَرَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِلَى شَبَهِهِ فَرَأَى شَبَهًا بَيِّنًا بِعُتْبَةَ فَقَالَ هُوَ لَكَ يَا عَبْدُ بْنَ زَمْعَةَ الْوَلَدُ لِلْفِرَاشِ وَلِلْعَاهِرِ الْحَجَرُ وَاحْتَجِبِي مِنْهُ يَا سَوْدَةُ بِنْتَ زَمْعَةَ قَالَتْ فَلَمْ يَرَ سَوْدَةَ قَطُّ.[٤٤]

واته: (عائشَة) دەڵێت: جارێكیان (سعد)ی كوڕی (أبو وقاص)و (عبد)ی كوڕی (زمعة) لەبارەی مناڵێكەوە بوو بەمشت و مڕیان، (سعد) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەم مناڵە برازامە مناڵی (عتبة)ی كوڕی (أبو وقاص)ە، وەسیەتی بۆ كردووم كەئەمە كوڕی خۆیەتی، سەیری شێوەی بكە.

(عبد)ی كوڕی (زمعة)ش وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەم كوڕە برای منە، لەكەنیزەكەكەی باوكمە، پێغەمبەری خواش (ﷺ) سەیرێكی مناڵەكەی كرد، بینی بەئاشكرا لە (عتبة) دەچێ، فەرمووی: ئەی(عبد) ئەم مناڵە هی تۆیە، چونكە مناڵ ڕۆڵەی تێكەڵی باوك و دایكە، مرۆڤی داوێن پیسیش جگە لەپەشیمانی و ڕەنج بەفیڕۆیی هیچی كەی دەست ناكەوێ، ئینجا بە (سودة)ی كچی (زمعة)ی فەرموو: ئەی (سودة)ی كچی (زمعة) ئیتر تۆش خۆتی پیشان مەدە، (عائِشَة) دەڵێت: جارێكی تر (سودة)ی نەبینی.

[٤٤] رواه البخاري: ٦٢٦٨ ومسلم: ٢٦٤٥ .

٦- دونیا نەویستبوو

عن ابن سيرين: أن عمر بعث إلى سودة بغرارة دراهم.فقالت: ما هذه ؟ قالوا: دراهم. قالت: في الغرارة مثل التمر! يا جارية: بلغيني القنع، ففرقتها.[٤٥]

واتە: (محمد)ی کوڕی (سيرين) دەڵێ: عمر -خوای لێ ڕازی بێ - تورەکەیەك (درهم)ی نارد بۆ (سودة).

وتی: ئەمە چییە ؟

وتیان: (دراهم) پارەیە.

وتی: لەتورەکەدا وەك خورما ! کچۆڵەکە بمگەیەنە (القنع)، ئینجا لەوێ هەمووی بەخشی.

٧- لە پاش پێغەمبەر (ﷺ) لەماڵەکەی خۆیدا ئۆقرە دەگرێت.

عن أبي واقد الليثي أنه قال: سمعت رسول الله (ﷺ) يقول لأزواجه في حجة الوداع: هَذِهِ، ثُمَّ ظُهُورَ الْحُصُرِ)[٤٦]

وقال (أبو هريرة): وكنّ كلّهنّ يحجُجنَ إلا زينب بنت جحش وسودة بنت زمعة رضي الله عنهنّ وكانتا تقولان والله

لا تحرّكنا دابة بعد إذ سمعنا ذلك من النبي (ﷺ).[٤٧]

---

[٤٥] قال إبن حجر في الإصابة (٢١٧/١٢): رواه إبن سعد بسند صحيح، وقال شعيب الأرناؤوط في سير أعلام النبلاء (٢٦٩/٢): رجاله ثقات.

[٤٦] رواه أبو داود وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة ٢٤٠١

[٤٧] حسّنه الألباني في الترغيب والترهيب: (٢٢٠/٢ برقم: ١١٦٧) و الأرناؤوط في مسند أحمد: (٣٢٤/٦ برقم : ٢٦٧٩٤) .

واتە: لەپێغەمبەری خوام (ﷺ) بیست لەحەجی ماڵئاواییدا بەخێزانەکانی فەرموو: (پاش ئەم حەجە نۆرەی دانیشتنە لەسەر حەسیرەکان) واتە: لەماڵەکانی خۆتاندا بسرەون و ئۆقرە بگرن و بۆ کاری پێویست نەبێ لەماڵەکانتان دەرنەچن)

(أبوهريرة) دەڵێت: دوایی خێزانەکانی هەموویان حەجیان دەکرد (زينب)ی کچی (جحش)و (سودة)ی کچی (زمعة) نەبێت – خوا لەهەموویان ڕازی بێت – هەردووکیان دەیان فەرموو: سوێند بەخوا نابێ سواری ولاخ بین و بمانجولێنێ پاش ئەوەی لەپێغەمبەری خوامان (ﷺ) بیستووە کە لەماڵەوە دەرنەچین.

٨– ئافرەتێکی لێبوردەبوو.

(خُلَيسة) دەڵێت: جارێکیان (حفصة)و (عائشة) بەگاڵتەوە وتیان بە (سودة)– خوا لێ یان ڕازی بێ– : (دجّال) هاتووە !

(سودة)ش بەپەلە لەژوورێکدا کەئاگری تێدا دەکرایەوە خۆی شاردەوەو ئەوانیش دەستیان کرد بە پێکەنین، ئینجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) هات، فەرمووی: ما شأنكما ؟ (ئەوە چیتانە) ؟ ئەوانیش بۆیان گێڕایەوە. پێغەمبەریش (ﷺ) ڕۆشت بۆ لای، (سودة) پیێ ی وت: يَا نَبِيَّ اللهِ، خَرَجَ الْأَعْوَرُ الدَّجَّالُ ؟ (ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئایا دجّال هاتووە) ؟ فەرمووی: لا، وكأن قد خرج. (نەخێر، بەلاّم وەك ئەوە وایە هاتبێت). ئینجا (سودة) هاتە دەرەوە پەتی جالْ جالۆکەی لەخۆی دەکردەوە.[٤٨]

---

[٤٨] أخرجه أبو نعيم في معرفة الصحابة: (١١٥/٢٣) وذكره ابن الأثير في أسد الغابة: (٧/ ٩٧)، و ابن كثير في البداية والنهاية: (٣٤٨/٥).

ژمارەی ئەو فەرمووودانەی گێڕاویەتیەوە

پێنج فەرمووودەی لەپێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە یەکێکیان لە(صحيح البخاري)دایە:

عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا عَنْ سَوْدَةَ زَوْجِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَتْ مَاتَتْ لَنَا شَاةٌ فَدَبَغْنَا مَسْكَهَا ثُمَّ مَا زِلْنَا نَنْبِذُ فِيهِ حَتَّى صَارَ شَنًّا.[٤٩]

واتە: کاوڕێکمان هەبوو مردار بوویەوە، پێستەکەیمان خۆشە کردو پاشان بە بەردەوامی بۆخواردنەوە بەکارمان دەهێنا تاوەکو کۆن بوو.

کۆچی دوایی(سودة)

(سودة) خوای لێ ڕازیبێت لە کۆتایی (خِلافة)ی (عمر)ی کوڕی (الخطاب)دا کۆچی دوایی دەکات.

[٤٩] رواه البخاري: (٦١٩٢).

دایکی ئیمانداران (عائشة)ی کچی (أبوبکر) خوایان لیٚ ڕازی بیٚ [50]

کەسایەتی دایکی ئیمانداران (عائشة):

ناوی: (عائشة)ی کچی (أبو بكر)ی (الصديق).

نازناوی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە(یا عائش)[51] و (یا بنت الصديق)[52] و (یا بنت أبي بكر)[53] و (یا حمیراء)[54] و (یاموفّقة)[55] بانگی لیٚکردووە.

(کنیة)[56]ی: جاریٚکیان (عائشة) بە پێغەمبەری خوای (ﷺ) وت : کلّ نسائك لها کنیة غیري. فقال لها رسول الله (ﷺ):

اکتني أنت أم عبد الله. فكان یقال لها: أم عبد الله حتی ماتت ولم تلد قط.[57]

واتە: هەموو خیٚزانەکانت (کنیة)یان هەیە من نەبیٚت. فەرمووی: (أم عبدالله) بکە بە(کنیة) بۆ خۆت. (واتە: (عبدالله)ی خوشکەزای) ئەوەبوو تاکۆچی دوایی کرد بە (أم عبدالله) ناوئەبراو هەرگیز منالٚیشی نەبوو.

---

[50] الإصابة : (١٢/١٥٥– ٢٥٧)، سير أعلام النبلاء : (٢/١٣٥–٢٠١)، أُسدالغابة: (٧/٢٠٥– ٢٠٨)، الأعلام: (٣/٢٤٠)، البداية والنهاية: (٨/٩٨–١٠١)، وفيات الأعيان: (٣/١٦– ١٩).

[51] البخاري ٣٤٨٤ ومسلم ١٦١٩.

[52] السلسلة الصحيحة: ١٦٢.

[53] صحيح ابن ماجة للألباني: ٣٣٨٤.

[54] السلسلة الصحيحة: ٣٢٧٧ ، (الحميراء): واته (یا بیضاء) ، عەرەب بەسپی پیٚستیان وتووە: أحمر، حمراء. بڕوانە: لسان العرب: (١٣/٤٣١)

[55] ضعفه الألباني في مشكاة المصابيح: ١٧٤٣.

[56] (کنیة): واته بانگ کردنی کەسیٚك بەناوی کەسیٚکی ترەوە، مەبەست پیٚی ڕیٚزلیٚنانە، دەبیٚت بەیەکیٚك لەم وشانە دەست پیٚبکات: (أب، أم، ابن، بنت، أخ، أخت، عم، عمة، خال، خالة) بڕوانە: المعجم الوسیط: (٢/٨٠٢)

[57] السلسلة الصحيحة: ١٣٢

باوکی: (عبدالله)ی کوڕی (أبو قحافة)ی کوڕی (عامر)ی کوڕی (عمرو)ی کوڕی (کعب)ی کوڕی (سعد)ی کوڕی (تیم)ی کوڕی (مرة)ی کوڕی کعب.

کەوابوو (عائشة)ی دایکی ئیمانداران خوای لێ ڕازی بێ بەڕەچەڵەك لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) لە(مرة)ی کوڕی (کعب)دا یەکدەگرنەوە.

دایکی: (أم رومان)ی کچی (عمیر)ی کوڕی (عامر)ی کوڕی (دهمان)ی کوڕی (الحارث)ی کوڕی (غنم)ی کوڕی (مالك)ی کوڕی (کنانة)یە، پاش کۆچی دوایی هاوسەرەکەی (عبد الله)ی کوڕی (الحارث)ی (الأزدي)، (أبوبکر) خوازبێنی دەکات و لەسەرەتای هاتنی ئیسلام دا موسڵمان دەبێت و کۆچ دەکات بۆ (مدینة)و، لە خیلافەتی (عثمان)ی کوڕی عفان دا کۆچی دوایی دەکات.[58]

لەدایکبوونی:

لەماڵێکی پڕ لەئیماندا، چوار ساڵ دوای پێغەمبەرایەتی محمد (ﷺ) لە دایك دەبێت، هەر خۆی دەڵێ: لم أعقل أبوي قط إلا وهما یدینان الدین.[59]

واتە: هێشتا دایك و باوکم نەدەناسی(لەبەر منداڵی)ئەوان شوێن کەوتووی ئەم دینە بوون.

---

[58] **هەندێکی تر لەزانایان پێیان وایە لەساڵی ٤ یان ٥یان٦ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە، بەڵام ڕای یەکەم بەهێزترە . بڕوانە: فتح الباري: (٧/٤٣٨– ٤٣٨).**

[59] **رواه البخاري: (٤٥٦).**

خوازبێنی کردنی:

سەرەتای ئەم خوازبێنیە نیگا (وحي) بوو لەلایەن پەروەردگارەوە بۆ پێغەمبەرەکەی (ﷺ) عائشة خوای لیٚ ڕازی بیٚ خۆی دەیگێڕێتەوە، دەڵێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: أُرِيتُكِ فِي الْمَنَامِ ثَلَاثَ لَيَالٍ جَاءَنِي بِكِ الْمَلَكُ فِي سَرَقَةٍ مِنْ حَرِيرٍ فَيَقُولُ هَذِهِ امْرَأَتُكَ [هذه زوجتك في الدنيا والآخرة][60] فَأَكْشِفُ عَنْ وَجْهِكِ فَإِذَا أَنْتِ هِيَ فَأَقُولُ إِنْ يَكُ هَذَا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ يُمْضِهِ.[61]

واتە: سیٚ جار تۆم نیشاندرا لەخەودا، فریشتەیەك تۆی هێنا بۆ لام لەپارچەیەك ئاوریشمدا، وتی: ئەمە خێزانەکەتە، سەیری دەم و چاوم کردیت تۆ بوویت، منیش وتم ئەگەر ئەم خەوە لەخواوە بێت دەیهێنێتە دی.

نزیکەی دووساڵێك بەسەر ئەم خەوەدا تیٚ پەڕی و (خديجة) خوای لیٚ ڕازی بیٚ کۆچی دوایی کرد، زۆری پیٚ نەچو (خولة)ی کچی (حكيم) هاتە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) باسی (عائشة)و (سودة)ی لاکردو ئەویش فەرمووی: دەی بچۆ هەردووکیانم بۆداوا بکە ...[62]

ئەوەبوو هەردووکیانی بۆ خوازبێنی کردو هەر لەهەمان ساڵی کۆچ کردنی (خديجة)دا هەردووکیانی مارەبڕی و (سودة)ی گواستەوە، بەلاٚم

---

[60] السلسلة الصحيحة: ٣٩٨٧.

[61] رواه البخاري: ٣٦٠٦ و مسلم: ٤٤٦٨ واللفظ له.

[62] بڕوانە خوازبێنی کردنی دایکی ئیمانداران (سودة)ی کچی (زمعة)

(عائشة)ی له مانگی (شوال)ی ساڵی یەکەمی کۆچیدا له (مدينة) گواستەوە.

کۆچکردنی بۆ (مدينة):

(عائشة) خوای لێ ڕازی بێ دەڵێ: له قرچەی گەرمای نیوەڕۆدا لەماڵی (أبو بكر)دانیشتبووین، کەسێك وتی به (أبو بكر) ئەوە پێغەمبەری خوایه (ﷺ) ، سەرو چاوی داپۆشیوە، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە هەرگیز لەوکاتەدا نەدەهات بۆلامان، (أبو بكر وتی): باوك و دایکم بەقوربانی بێت، سوێند بەخوا شتێکی گرنگ لەم کاتەدا هێناوێتی، ئینجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) هات و لەگەڵ (أبوبكر)دا ڕیکەوتن لەسەر پلانی کۆچکردن، (عائشة) دەڵێ: ئێمەش به چاکترین شێوە کەلو پەلمان بۆ ئامادە کردن، توێشوومان بۆدروست کردن و خستمانە ناو چەرمەوە بۆیان، (أسماء)ی کچی (أبو بكر) به لەتێکی پشتوێنەکەی خۆی دەمی چەرمەکەی بۆ بەستن لەبەر ئەوە پێی دەوترا خاوەنی دوو پشتێنەکە (ذات النطاقين).[٦٣]

پاش ماوەیەکی کەم (عائشة)و (أم رومان) دایکی و (أسماء)ی خوشکی لەگەڵ (عبدالله)ی برای دا کۆچ دەکەن بۆ (مدينة) به (أبوبكر) شاد دەبنەوە خوا لەهەموویان ڕازی بێت.

---

[٦٣] رواه البخاري: (٣٧١٤).

گواستنەوەی لەمانگی (شوال)ی ساڵی (١)ی کۆچیدا

(عائِشة) خوای لێ ڕازی بێ خۆی باسی ڕۆژی گواستنەوەی دەکات و دەڵێت: تَزَوَّجَنِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) لِستِّ سِنِينَ وَبَنَى بِي وَأَنَا بِنْتُ تِسْعِ سِنِينَ قَالَتْ فَقَدِمْنَا الْمَدِينَةَ فَوُعِكْتُ شَهْرًا فَوَفَى شَعْرِي جُمَيْمَةً فَأَتَتْنِي أُمُّ رُومَانَ وَأَنَا عَلَى أُرْجُوحَةٍ وَمَعِي صَوَاحِبِي فَصَرَخَتْ بِي فَأَتَيْتُهَا وَمَا أَدْرِي مَا تُرِيدُ بِي فَأَخَذَتْ بِيَدِي فَأَوْقَفَتْنِي عَلَى الْبَابِ فَقُلْتُ هَهْ هَهْ حَتَّى ذَهَبَ نَفَسِي فَأَدْخَلَتْنِي بَيْتًا فَإِذَا نِسْوَةٌ مِنْ الْأَنْصَارِ فَقُلْنَ عَلَى الْخَيْرِ وَالْبَرَكَةِ وَعَلَى خَيْرِ طَائِرٍ فَأَسْلَمَتْنِي إِلَيْهِنَّ فَغَسَلْنَ رَأْسِي وَأَصْلَحْنَنِي فَلَمْ يَرُعْنِي إِلَّا وَرَسُولُ اللَّهِ ز ضُحًى فَأَسْلَمْنَنِي إِلَيْهِ.[٦٤]

واتە: لەشەش ساڵیدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) مارەی کردم و، لەنۆ ساڵیشدا گواستمیەوە. دەڵێت: کەهاتینە (مدینة)وە مانگێك نەخۆش کەوتم تازە قژی بناگوێم (پێشتر بەهۆی نەخۆشیەوە وەریبوو)، (أم رومان) هات بۆلام و منیش سواری جۆلانە بووبووم لەگەڵ هاوڕێکانم دا، هاواری لێ کردم و، منیش هاتم بەدەمیەوەو، نەشم دەزانی منی بۆچیە، دەستی گرتم تا هێنامیە بەر دەرگاکەو وەستاندمی. منیش وتم: هە هە تاوەکو هەناسەکەم وەستایەوە و، بردمیە ماڵێکەوە کە چەند ژنێکی پشتیوان (أنصاري) لەوێ بوون، وتیان لەسەر خەیرو بەرەکەت و بەختێکی چاك بێ، ئیتر دامی یە دەستیان و، کتوپڕ سەریان شۆردم و ڕێك و پێکیان کردم و بۆ چێشتەنگاو پێغەمبەری خوا (ﷺ) هات و دامیانە دەستی.

---

[٦٤] رواه مسلم: ٢٥٤٧.

جاخوێنەری بەڕێز یەکێك لەو گومانانەی ناحەزان باسی لێوە دەکەن شووکردنی دایکە (عائشة)یە بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەتەمەنی (٩) ساڵیدا، گوایە ئەم تەمەنە کەم بووە و گونجاو نەبووە بۆ شووکردن! بۆیە بەکورتی لەچەند خاڵێکدا وەڵامی ئەم گومانە دەدەینەوە: [٦٥]

١- ئەم ژن هێنانە بەفەرمانی خوای گەورە بووە، سێ شەو لەخەودا (عائشة) نیشانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دراوە، وەك لەفەرموودەکەدا ڕوونمان کردەوە، گومانیشی تێدا نیە کە خەوی پێغەمبەران بەشێکە لە نیگا (وحي).

٢- ئافرەتێکی شارەزاو بەسەلیقەی وەك (خولة)ی کچی (حکیم) دەست نیشانی دەکات بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئەگەر تەمەنی (عائشة) خوای لێ ڕازی بێت بۆ شووکردن نەگونجابایە (خولة) چۆن ئەم کارەی دەکرد ؟!

٣- ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە(عائشة) خوای لێ ڕازی بێت پێشتر خوازبێنی کرابوو بۆ(جبیر)ی کوڕی (مطعم)ی کوڕی (عَديّ)، دیارە دایکە (عائشة) پێگەیشتوو بووە بۆیە داخوازی کراوە!

٤- لەنێو خەڵکی (مکة) کاتێك ئەم شووکردنە ڕاگەێنرا کەس نکوڵی لێ نەکردو بەشتێکی سەیریان نەزانی، لەکاتێکدا بێباوەڕان بەردەوام

---

[٦٥] **کتێبی (عائشة) دایکی ئیمانداران لەنێوان دۆستان و نەیاران ل ١٥٦-١٥٧ بەدەستکاریەوە.**

خەریکی دژایەتی کردن بوون و تۆمەتی سەیرو سەمەرەیان دەدایە پاڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ).

٥- ئەم خوازبێنیە یەکەم خوازبێنی نەبووە لەناو عەرەبدا کەتەمەنیان بەم شێوەیە لەیەك جیاواز بێ بەڵکو شتێکی باو بووە لەو سەردەمەدا، بۆ نموونە:

(عمر)ی کوڕی (الخطاب) خوازبێنی کچێکی (علي) کوڕی (أبو طالب) دەکات لەکاتێکدا تەمەنی (عمر) لە(علي) زۆر زیاترە خوایان لێ ڕازیبێت.

هەروەها(عمر)ی کوڕی (الخطاب) کچێکی گەنجی خۆی (حفصة) دەداتە (أبو بكر) بۆئەوەی خوازبێنی بکا لەکاتێدا جیاوازی تەمەنیان وەك جیاوازی نێوان تەمەنی پێغەمبەری خواو (ﷺ) (عائشة) وایە.

پلەو پایەو تایبەتمەندیەکانی

١- (جبريل) سەلامی لێکردووە.

(عائشة) خوای لێ ڕازی بێ دەڵێ: ڕۆژێکیان پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: يَا عَائِشَ هَذَا جِبْرِيلُ يُقْرِئُكِ السَّلَامَ فَقُلْتُ وَعَلَيْهِ السَّلَامُ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ تَرَى مَا لَا أَرَى تُرِيدُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ).[٦٦]

واتە: ئەی عائشة ئەوە (جبريل)ە سەلامت لێدەکات، دەڵێ منیش وتم: سەلام و بەزەیی خوا لەویش بێت، شتێك دەبینی من نایبینم.

٢- ئافرتێکی کامڵ بووە.

(أبو موسى) خوای لێ ڕازی بێ دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : كَمَلَ مِنْ الرِّجَالِ كَثِيرٌ وَلَمْ يَكْمُلْ مِنْ النِّسَاءِ إِلَّا آسِيَةُ امْرَأَةُ فِرْعَوْنَ وَمَرْيَمُ بِنْتُ عِمْرَانَ وَإِنَّ فَضْلَ عَائِشَةَ عَلَى النِّسَاءِ كَفَضْلِ الثَّرِيدِ عَلَى سَائِرِ الطَّعَامِ.[٦٧]

واتە: (پیاوان زۆریان لێ کامڵ بوون، بەڵام ئافرەتان کامڵیان تیا نەبووە، جگە لە(مریم)ی کچی (عمران)و (آسِيَة)ی ژنی (فرعون)، وە ڕێزی (عائشة) بەسەر ئافرەتانی تردا وەك ڕێزی تێگوشین بە گۆشت وایە بەسەر خواردنەکانی تردا.

---

[٦٦] رواه البخاري: ٣٤٨٤ ومسلم: ٤٤٨

[٦٧] رواه البخاري: ٣١٥٩ومسلم: ٤٤٥

٣- پێغەمبەری خوا (ﷺ) زۆری خۆشویستووە.

- عَنْ عَمْرُو بْنُ الْعَاصِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ بَعَثَهُ عَلَى جَيْشِ ذَاتِ السُّلَاسِلِ فَأَتَيْتُهُ فَقُلْتُ أَيُّ النَّاسِ أَحَبُّ إِلَيْكَ ؟ قَالَ: عَائِشَةُ فَقُلْتُ مِنْ الرِّجَالِ فَقَالَ أَبُوهَا قُلْتُ ثُمَّ مَنْ قَالَ ثُمَّ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ فَعَدَّ رِجَالاً.[٦٨]

واتە: (عمرو)ی کوڕی (العاص) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناردمی بۆ فەرماندەیی سوپای (ذَاتُ السُّلَاسِلِ)، هاتمە خزمەتی وتم: کێ خۆشەویسترین کەسە لەلات ؟ فەرمووی: (عَائِشَة)، وتم: لەپیاوان ؟ فەرمووی: باوکی، وتم: ئەی پاش ئەو؟ فەرمووی: (عمر)، ئەنجا ناوی چەند پیاوێکی برد.

- قالت عَائِشَةُ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا قَالَ لِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِنِّي لَأَعْلَمُ إِذَا كُنْتِ عَنِّي رَاضِيَةً وَإِذَا كُنْتِ عَلَيَّ غَضْبَى قَالَتْ فَقُلْتُ مِنْ أَيْنَ تَعْرِفُ ذَلِكَ فَقَالَ أَمَّا إِذَا كُنْتِ عَنِّي رَاضِيَةً فَإِنَّكِ تَقُولِينَ لَا وَرَبِّ مُحَمَّدٍ وَإِذَا كُنْتِ عَلَيَّ غَضْبَى قُلْتِ لَا وَرَبِّ إِبْرَاهِيمَ قَالَتْ قُلْتُ أَجَلْ وَاللَّهِ يَا رَسُولَ اللَّهِ مَا أَهْجُرُ إِلَّا اسْمَكَ.[٦٩]

واتە: (عائشة) دەڵێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرمووم: (من دەزانم چ کاتێك تۆ لێم ڕازیت، چ کاتێك لێم زویریت).

دەڵێ: منیش وتم چۆن دەزانیت ؟ فەرمووی: (بەوا دەزانم هەر کاتێك لێم ڕازی بیت دەڵێی: نەخێر بەخوای محمد (ﷺ)، هەرکاتێك لێم زویر

[٦٨] البخاري: ٣٣٨٩ومسلم: ٤٣٩٦

[٦٩] البخاري: ٤٨٢٧ و مسلم: ٤٦٦٩.

بیت دەڵێی: نەخێر بەخوای (إِبْرَاهِيم) دەڵێ: وتم :بەڵێ بەخوا ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەنها ناوەکەت واز لێ دێنم.

- (عائشة) دەڵێ خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) (فاطمة)ی کچی پێغەمبەریان (ﷺ) نارد بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ)،داوای مۆڵەتی لێکرد لەکاتێکدا لەگەڵ مندا لەژێر نوێنەکەمدا ڕاکشابوو، مۆڵەتی پێدا، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ژنەکانت منیان ناردووە بۆلات داوای یەکسانیت لێدەکەن سەبارەت بە کچەکەی (أبو قحافة)، منیش بێدەنگ بووم، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو: أي بنية ألست تحبين ما أحب؟ (کچەکەم ئایا هەرکەس من خۆشم بوێ تۆش خۆشت ناوێ ؟) وتی: بەڵێ، فەرمووی: فأحبي هذه. واتە: دەی (عائشة)ت خۆش بوێ. کاتێك (فاطمة) ئەمەی لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بیست هەستاو گەڕایەوە بۆ لای خێزانەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، هەواڵی دانێ کەخۆی چی وتووە و پێغەمبەری خواش (ﷺ) چی وەلأم داوەتەوە.

ئەوانیش وتیان: هیچت بۆ نەکردین، بگەڕێرەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ)و پێی بڵێ: ژنەکانت لەبەرخوا داوای یەکسانیت لێدەکەن سەبارەت بە کچەکەی (أبو قحافة)، ئەویش وتی: سوێند بەخوا هەرگیز لەوبارەوە هیچی کەی پێ ناڵێم.

(عائشة) دەڵێ: ئەمجارە (زينب)ی کچی (جحش)ی خێزانی پێغەمبەریان (ﷺ) نارد، کەلەناو هاوسەرەکانی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) ئەو لەهەموویان زیاتر پێشبڕکێی ئەوەی لەگەڵ دەکردم کە لەلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆی بەرێتە پێشەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ ژنێکم

نەدیوە لەدینداریدا لە زینب چاك تر و، بەتەقواتر و، ڕاستگۆتر و، پەیوەندی خزمایەتی گەیەنەرترو، بەخشندەترو، خۆبەختکەرتربێت بۆ ئەو چاکەیەی کە لەخوا نزیکی دەخاتەوە، جگە لەوەی کەدەمارێکی تووڕەیی هەبوو و خێرا لێی پەشیمان دەبووەوە.

(زینب) هات داوای مۆڵەتی لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەگەڵ (عائشة)دا وەك ئەو کاتەی کە (فاطمة) هاتە لایان، لەژێر نوێنەکەی (عائشة)دا لەگەڵی ڕاکشابوو، کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) مۆڵەتی دا وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ژنەکانت منیان ناردووە بۆلات داوای یەکسانیت لێدەکەن سەبارەت بە کچەکەی (أبو قحافة).

پێغەمبەری خوایش (ﷺ) بەزەردەخەنەیەکەوە فەرمووی: « إِنَّهَا ابْنَةُ أَبِي بَكْرٍ ».[70] واتە: ئەوە کچی (أبوبکر)ە.

- (عائشة) خوای لێ ڕازی بێ دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەرکات سەفەری بکردایە تیروپشکی دەکرد لەنێوان خێزانەکانیدا، جارێك تیروپشکەکە بۆ (عائشة)و (حفصة) دەرچوو، هەردووکیان لەگەڵی دەرچوون، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر بەشەو ڕێگای بکردایە لەگەڵ (عائشة) دەڕۆشت و قسەی لەگەڵ دەکرد، جارێکیان (حفصة) بە (عائشة)ی وت: بۆ تۆ سواری وشترەکەی من نابیت و منیش سواری وشترەکەی تۆب بم تا هەردوکمان بزانین چی ڕوو دەدات ؟

(عائشة) وتی: بەڵێ، (عائشة) سواری وشترەکەی (حفصة) بوو، (حفصة)یش سواری وشترەکەی (عائشة) بوو، پێغەمبەری خوا (ﷺ)

---

[70] **رواه مسلم: ٤٤٧٢.**

هات بۆلای وشترەکەی (عائشة) (حفصة)ی لەسەر بوو سەلامی لێکردو لەگەڵی ڕۆیی تاوەکو دابەزین، (عائشة) پێغەمبەری لێ ونبوو غیرەت گرتی، پێی دەخستە ناو دڕك و دەیوت: ئەی پەروەردگار دوپشکێ یان مارێکم بۆ بنێرە بمگەزێت ئەوە پێغەمبەری تۆیەو ناتوانم هیچی پێ بڵێم.[71]

– عن ابْنَ عَبَّاسٍ عَنْ عُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ: دَخَلَ عَلَى حَفْصَةَ فَقَالَ يَا بُنَيَّةِ لَا يَغُرَّنَّكِ هَذِهِ الَّتِي أَعْجَبَهَا حُسْنُهَا حُبُّ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) إِيَّاهَا يُرِيدُ عَائِشَةَ فَقَصَصْتُ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَتَبَسَّمَ.[72]

واتە: (إبن عباس) دەڵێ: (عمر) چوو بۆلای (حفصة)و پێی وت: کچۆڵەکەم نەتخەڵەتێنێ ئەو کەسەی کە جوانیەکەی چووە بە دڵی پێغەمبەردا (ﷺ) مەبەستی (عائشة) بوو، (إبن عباس) دەڵێ گێڕامەوە بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەویش زەردەخەنە گرتی.

– قالت عَائِشَةَ كُنْتُ أَشْرَبُ وَأَنَا حَائِضٌ ثُمَّ أُنَاوِلُهُ النَّبِيَّ (ﷺ) فَيَضَعُ فَاهُ عَلَى مَوْضِعِ فِيَّ فَيَشْرَبُ وَأَتَعَرَّقُ الْعَرْقَ وَأَنَا حَائِضٌ ثُمَّ أُنَاوِلُهُ النَّبِيَّ (ﷺ) فَيَضَعُ فَاهُ عَلَى مَوْضِعِ فِيّ.[73]

واتە: (عائشة) دەڵێ من لە حەیزدا بووم ئاوم دەخواردەوە، پاشان دەمدایە دەستی پێغەمبەر (ﷺ) دەمی دەخستە سەر شوێن دەمی من و دەیخواردەوە، هەروەها لە حەیزدا بووم قەپم دەگرت لەپلە گۆشت و

---

[71] البخاري: ٤٨١٠ و مسلم: ٤٤٧٧

[72] رواه البخاري: ٤٨١٧

[73] رواه مسلم: ٤٥٣

دەمدایە دەستی پێغەمبەر (ﷺ) ئەویش دەمی دەخستە شوێن دەمی من و دەیخوارد.

٤- پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێشبڕكێی لەگەڵ كردووە.

قالت عائشة: سابقني النبي (ﷺ) فسبقته ما شاء، حتى إذا رهقني اللحم، سابقني، فسبقني، فقال: يا عائشة هذه بتلك. [٧٤]

واتە: (عائشة) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) پێشبڕكێی لەگەڵ كردم (ڕاكردن)، لێم بردەوە،بەڵام كاتێك قەڵەو بووم دووبارە پێشبركێی لەگەڵ كردمەوە لێی بردمەوەو فەرمووی: ئەمە لەبری ئەو.

٥- بە هۆی دایكە (عائشة)وە ئایەتی (التيمّم) دابەزی.

(عائشة) خوای لێ ڕازی بێ دەڵێ: لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) لەسەفەرێكیدا دەرچووین تا گەیشتینە (بیداء) یا (ذات الجيش) لەوێ ملوانكەكەم بچڕایەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) مایەوە بۆ دۆزینەوەی، خەڵكەكەش لەگەڵی مانەوە، لەوشوێنەشدا نەئاو هەبوو نە خۆشیان ئاویان پێبوو، خەڵكەكە چوون بۆ لای أبوبكر وتیان: نابینی (عائشة) چی كرد؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ)و ئەم خەڵكەشی لەگەڵدا هێشتووەتەوە، نەنزیكی ئاوێكن و نەئاویشیان پێیە ؟

[٧٤] رواه أحمد في مسنده: (٦ / ٣٩، و ٣٦٤)، وأبو داود: (٢٥٧٨) وابن ماجة: (١٩٧٩)، والنسائي: (٧٤ / ٢)، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة: (١٣١).

(أبوبكر)یش هات و لەکاتەشدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەری خستبووە سەر ڕانم و خەوی لێکەوتبوو، وتی: پێغەمبەری خواو (ﷺ) ئەم خەڵکەت لێرە گیرداوە، نەنزیکی ئاون و نە ئاویشیان پێیە ؟

(عائشة) دەڵێ: (أبوبكر) سەر زەنشتی کردم و ئەوەی خوا ویستی پێی وتم و سیخورمەی دەدا لەکەلەکەم، منیش لەبەر ئەوەی سەری پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەسەر ڕانم بوو نەدەجولاّم، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو شەوە تابەیانی لەوێ خەوت کاتێ هەستا ئاو نەبوو، خوای گەورە تایەتی (التيمم)ی ناردە خوارەوە، هەموویان (تیمم)یان کرد، (أُسَيْد)ی کوڕی (الْحُضَيْر) کە یەکێك بوو لسەردار (نقيب)ەکان وتی:

جَزَاكِ اللَّهُ خَيْرًا فَوَاللَّهِ مَا نَزَلَ بِكِ أَمْرٌ قَطُّ إِلاَّ جَعَلَ اللَّهُ لَكِ مِنْهُ مَخْرَجًا وَجَعَلَ لِلْمُسْلِمِينَ فِيهِ بَرَكَةً.[٧٥]

خوا پاداشتی خێرت بداتەوە هیچ گرفتێك نەبووە توشت بێت ئیللا خوای گەورە دەروویەکی لێکردوویتەوەو بۆ موسڵمانانیشی بەخێر گێڕاوە.

(عائشة) وتی: کاتێك ئەو وشترەمان هەستاند کەلەسەری بووم ملوانکەکەمان لەژێریدا دۆزییەوە.

[٧٥] رواه البخاري: (٣٣٦)، ومسلم: (٨٤٢ – ٨٤٣) واللفظ له.

٦- خەڵك لە ڕۆژی (عائشة)دا دیاریەکانیان دەنارد بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ).

(هشام) لەباوکیەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت: خەڵك بەدوای ئەوەدا دەگەڕان لە ڕۆژی (عائشة)دا دیاریەکانیان بنێرن، (عائشة) وتی: هاوڕێکانم لای (أمّ سلمة) کۆبونەوە وتیان: ئەی (أمّ سلمة) سوێند بەخوا خەڵکی بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن لە ڕۆژی (عائشة)دا دیاریەکانیان بنێرن و ئێمەش حەزمان لەو خۆشیەیە وەك چۆن (عائشة) حەزی لێیەتی، بڕۆ بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) با بەخەڵکی بڵێت لەهەر ماڵێك لەماڵەکانی بوو دیاری بۆ بنێرن، عائشة دەڵێ: (أم سلمة) ئەوەی بە پێغەمبەری (ﷺ) وت، (أم سلمة) وتی پشتی لێکردم، کاتێك ڕووی لێکردمەوە پێم وتەوە دیسان پشتی لێکردمەوە، بۆ جار سێیەم پێی فەرمووم: يَا أُمَّ سَلَمَةَ لَا تُؤْذِينِي فِي عَائِشَةَ فَإِنَّهُ وَاللَّهِ مَا نَزَلَ عَلَيَّ الْوَحْيُ وَأَنَا فِي لِحَافِ امْرَأَةٍ مِنْكُنَّ غَيْرِهَا.[٧٦]

واتە: ئەی (أم سلمة) سەبارەت بە (عائشة)ئازارم مەدە سوێند بەخوا (وحي)م بۆ نەهاتووەتە خوارێ لەژێر لێفەی هیچ کام لە ئێوە جگە لە (عائشة).

٧- (عائشة خێزانی) پێغەمبەرە (ﷺ)لە دوا ڕۆژیشدا.

عن عائشة أنَّ جبريل جاء بصورتها في خرقة حرير خضراء إلى النبي (ﷺ) فقال إن هذه زوجتك في الدنيا والآخرة.[٧٧]

---

[٧٦] **رواه البخاري: ٣٤٩١**

[٧٧] **صحيح سنن الترمذي للألباني: ٣٨٨٠**

واتە: عائشة دەڵێ: جبریل شێوەی منی لەنێو پەڕۆیەکی سەوزی ئاوریشم دا بۆ پێغەمبەر (ﷺ) هێناوەو فەرموویەتی: ئەمە خێزانی تۆیە لە دونیاو لە دوا ڕۆژدا.

٨- پێغەمبەری خوا (ﷺ) دوعای بۆ کردووە.

قالت عائشة لما رأيت من النبي (ﷺ) طيب نفس، قلت: يا رسول الله، ادع الله لي، فقال: (اللهم اغفر لعائشة ما تقدم من ذنبها وما تأخر ، ما أسرت وما أعلنت) فضحكت عائشة حتى سقط رأسها في حجرها من الضحك، قال لها رسول الله (ﷺ): (أيسرك دعائي؟)، فقالت: وما لي لا يسرني دعاؤك فقال (ﷺ): (والله إنها لدعائي لأمتي في كل صلاة)[٧٨]

واتە: (عائشة) دەڵێ: جارێك پێغەمبەرم (ﷺ) بەخۆش حاڵیەوە بینی، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دوعام لای خوا بۆ بکە، ئەویش فەرمووی: (پەروەردگار لە گوناهەکانی (عائشة) خۆش بە، چ گوناهی ڕابردوو چ داهاتوو، چ پەنهانی و چ ئاشکرا).

(عائشة) ئەوەندە پێکەنیێ تاوەکو لەپێکەنیندا سەری کەوتە کۆشیەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی دەفەرموێ: (ئایا دوعاکەم دڵخۆشت دەکا ؟) وتی: ئەی چۆن دڵخۆشم ناکات، فەرمووی:(سوێند بەخوا ئەوە دوعای منە بۆ ئوممەتەکەم لە هەموو نوێژێکدا).

---

[٧٨] رواه ابن حبان و إسناده حسن، بڕوانە: السلسلة الصحيحة للألباني: ٢٢٥٤

٩- (جبريل) نەچووەتە ژوورەکەی لەکاتێکدا دایکە (عائشة) پۆشاکی بەری داکەندوە:

(عائشة) دەڵێ: ئەو شەوەی کە نۆرەم بوو پێغەمبەر (ﷺ) لام بمێنێتەوە هات و عەباکەی داناو نەعلەکانی داکەندو لای قاچی داینا و لایەکی کراسەکەی ڕاخست و ڕاکشا، زۆری پێنەچوو وای زانی خەوم لێ کەوتووە، بەهێواشی عەباکەی کۆکردەوە و نەعلەکانی لەپێکردو لەسەر خۆ دەرگاکەی کردەوەو چووە دەرەوە دەرگاکەی سوك داخست، منیش هەستام شوێنی کەوتم هەتا گەیشتە گۆڕستانی (البقیع) ئەنجا بینیم وەستاو زۆریش وەستا، پاشان سێ جار دەستەکانی بەرزکردەوە ئەنجا گەڕیەوە، منیش گەڕامەو، ئەو پەلەی کرد منیش پەلەم کرد، ئەو زیاتر پێی هەڵگرت منیش زیاتر پێم هەڵگرت، ئەو ڕایکردو منیش ڕامکردو پێشی کەوتم و چوومە ژوورەوەو خێرا ڕاکشام، ئەویش هاتە ژوورەوە و فەرمووی:

مَا لَكِ يَا عَائِشُ حَشْيَا رَابِيَةً ؟ (ئەوە چیتە (عائشة) وا هەناسە بڕکێتە)؟

منیش وتم: هیچ نیە.

فەرمووی: لَتُخْبِرِنِي أَوْ لَيُخْبِرَنِّي اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ. (یان پێم دەڵێیت، یان خوای میهرەبانی بەئاگا پێم دەڵێت)

منیش وتم: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەی خۆشەویستر لەدایك و باوکم، ئەنجا بۆم گێڕایەوە.

ئەویش فەرمووی: فَأَنْتِ السَّوَادُ الَّذِي رَأَيْتُ أَمَامِي ؟

(کەواتە ئەو تارماییەی لە پێشمەوە دەمبینی تۆ بویت ؟)

وتم: بەڵێ، ئەنجا هەردوو دەستی کێشا بەسنگمداو ئازاری پێ گەیاندم و فەرمووی: أَظَنَنْتِ أَنْ يَحِيفَ اللَّهُ عَلَيْكِ وَرَسُولُهُ ؟

(بۆچی وات زانی خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ستەمت لێ دەکەن ؟)

منیش وتم: هەرچەندە خەڵکی نهێنیەکانیان بشارنەوە خوا ئاگای لێیەتی.

فەرمووی: فَإِنَّ جِبْرِيلَ أَتَانِي حِينَ رَأَيْتِ فَنَادَانِي فَأَخْفَاهُ مِنْكِ فَأَجَبْتُهُ فَأَخْفَيْتُهُ مِنْكِ وَلَمْ يَكُنْ يَدْخُلُ عَلَيْكِ وَقَدْ وَضَعْتِ ثِيَابَكِ وَظَنَنْتُ أَنْ قَدْ رَقَدْتِ فَكَرِهْتُ أَنْ أُوقِظَكِ وَخَشِيتُ أَنْ تَسْتَوْحِشِي فَقَالَ إِنَّ رَبَّكَ يَأْمُرُكَ أَنْ تَأْتِيَ أَهْلَ الْبَقِيعِ فَتَسْتَغْفِرَ لَهُمْ.

واتە: (جبريل) هاتە لام، بانگی لێ کردم، لەتۆی شاردەوە، منیش وەڵامم دايەوەو لە تۆم شاردەوە، ئەو نەدەکرا بێتە ژوورەوە چونکە تۆ پۆشاکەکانت دانابوو، منیش وامزانی تۆ خەوتویت، حەزم نەکرد خەبەرت کەمەوە و ترسام لەوەی کە بەتەنهایی بترسی، پێی وتم: پەروەردگارت فەرمانت پێ دەدات بچی بۆلای مردووەکانی (البقيع)و داوای لێخۆشبوونیان بۆبکەیت.

(عائشة) دەڵێ: منیش وتم: ئەی من چۆن دوعایان بۆ بکەم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)؟

فەرمووی: قُولِي السَّلَامُ عَلَى أَهْلِ الدِّيَارِ مِنْ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُسْلِمِينَ وَيَرْحَمُ اللَّهُ الْمُسْتَقْدِمِينَ مِنَّا وَالْمُسْتَأْخِرِينَ وَإِنَّا إِنْ شَاءَ اللَّهُ بِكُمْ لَلَاحِقُونَ.[٧٩]

بڵێ: سڵاوتان لێ بێ ئەی خەڵکی ئەم شوێنە لەئیمانداران و

[٧٩] رواه مسلم: (٢٣٠١).

موسڵمانان، خوا بەزەیی بێتەوە بەوانەمان کەزوو مروون و بەوانەشمان کە هێشتا ماون، بێگومان ئێمەش هەرکاتێك خوا ویستی لەسەربێت ئێمەش پێتان دەگەین.

١٠- بەشداری جەنگی (أحد)ی کردووە.

(أنس)ی کوڕی (مالك) دەڵێ: لەغەزای (أُحُد)دا (عائشة)ی کچی (أبو بَكْر)و (أُمُّ سُلَيْم) (واتە: دایکیأَنَس)م بینی خۆیان هەڵکردبوو بەجۆرێ کە پاوانەکانی قاچیانم دەبینی، کونەی ئاو لەسەر پشتیان بوو دەیانگواستەوە، پاشان خاڵییان دەکرد لەدەمی جەنگاوەراندا، پاشان پڕیان دەکردەوە و دیسان دەهاتنەوە خاڵییان دەکرد لەدەمی جەنگاوەراندا.[٨٠]

١١- پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ سەرەی (عائشة) دەگەڕا.

قالت عَائِشَةَ إِنْ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) لَيَتَعَذَّرُ فِي مَرَضِهِ أَيْنَ أَنَا الْيَوْمَ أَيْنَ أَنَا غَدًا اسْتِبْطَاءً لِيَوْمِ عَائِشَةَ فَلَمَّا كَانَ يَوْمِي قَبَضَهُ اللَّهُ بَيْنَ سَحْرِي وَنَحْرِي وَدُفِنَ فِي بَيْتِي.[٨١]

واتە: (عائشة) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ سەرەی من دەگەڕا دەیفەرموو: (من ئەمڕۆ لەکوێم ؟من سبەینێ لەکوێم ؟) چونکە حەزی دەکرد زوو بگاتەوە ڕۆژەکەی (عائشة)، کاتێ سەرەی من هاتەوە خوای گەورە گیانی کێشا لەنێوان سنگ و گەردنی مندا.

---

[٨٠] البخاري: ٣٥٢٧ومسلم: ٣٣٧٦

[٨١] البخاري: ١٣٠٠ ومسلم: ٤٤٧٣

١٢- پەشیمانبونەوەی لە لەخۆدانی لەکاتی کۆچی دوایی پێغەمبەری خوا (ﷺ)

عن عباد قال سمعت عائشة تقول: مَاتَ رَسُولُ اللّٰهِ (ﷺ) بَيْنَ سَحْرِي وَنَحْرِي، وَفِي دَوْلَتِي، لَمْ أَظْلِمْ فِيهِ أَحَدًا، فَمِنْ سَفَهِي وَحَدَاثَةِ سِنِّي ؟ أَنَ رَسُولَ اللّٰهِ (ﷺ) قُبِضَ وَهُوَ فِي حِجْرِي، ثُمَّ وَضَعْتُ رَاسَهُ عَلَى وِسَادَةٍ، وَقُمْتُ الْتَدِمِ مَعَ النِّسَاءِ، وَاضْرِبُ وَجْهِي.[٨٢]

واتە: (عباد) دەڵێ: گوێم لە(عائشة) بوو دەیگوت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەنێوان سنگ و گەردنی مندا کۆچی دوایی کرد، منیش لەئەنجامی ساویلکەیی و هەرزەکاریم سەری پیرۆزیم خستە سەر سەرینێك و هەستام لەگەڵ ژناندا لە سنگ و ڕومەتی خۆمم دەدا.

١٣- لەئاسمانەوە ئەستۆپاکی بۆ هاتوە.

(بخاري)و (مسلم) لە (عائشة)وە خوای لێ ڕازی بێ دەگێڕنەوە دەڵێ: کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) بچوایە بۆ سەفەر، لەناو خێزانەکانیدا کامیان پشکی بەربکەوتایە لەگەڵ خۆی دەیبرد، لەیەکێك لەغەزاکاندا پاش دابەزینی ئایەتی (حجاب) تیرو پشکی کردوو من دەرچووم، منیش لەگەڵی ڕۆشتم، لەناو کەژاوەدا هەڵدەگیرام و دادەنرام، کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەجەنگەکەی بوویەوە بڕیاری گەڕانەوەی داو لە (مدینة) نزیك بووینەوە، هەرشەو بڕیاری ڕوشتنی دا، منیش لەوکاتەدا ڕۆیشتبووم لەسوپاکە دوورکەوتبوومەوە، کاتێ بۆ دەرکردنی پێویستی

---

[٨٢] رواه أحمد: (٢٦٣٩١)، وحسّنَهُ الألباني في إرواء الغليل: (٨٦/٧)، و الأرناؤوط في تعليقه على مسند مسند احمد.

خۆمم پاشان گەڕامەوە بۆ شوێنی خۆم دەستم دا لەسنگم سەیر دەکەم ملوانکەکەم بچڕابوویەوە، گەڕامەوە بۆ ئەوەی بیدۆزمەوە، لەئەنجامدا دواکەوتم، ئەو چەند کەسەی کەژاوەکەی منیان باردەکرد، کەژاوەکەیان هەڵگرتبوو خستبوویانە سەر ئەو وشترەی کەسواری بوم، وایان زانیبوو کەمنی تێدایە، ئەو کاتە ژنان سووکەڵەو کەمخۆر بوون، قەڵەو گۆشتن نەبوون، کاتێ کەژاوەکەیان هەڵگرتبوو هەستیان بەسووکی کەژاوەکە نەکردبوو، پاشان وشترەکەیان هەستاندبوو ڕۆیشتبوون، منیش ملوانکەکەم دۆزیەوەو کاتێك گەڕامەوە کەس لەوێ نەمابوو، لەشوێنەکەی خۆم دانیشتم دەمزانی بۆم دەگەڕێن و دێنەوە، ئەنجا خەو زۆری بۆهێنام و خەوم لێکەوت، (صفوان)ی کوڕی (المعطل السلمي) پێشتر لە دوای سوپاکەوە سەرخەوی شکاندبوو، لەکۆتای شەودا کەوتبووە ڕێ، دەمەو بەیان گەشتبووە شوێنەکەی من، تارمایی زەلامێکی خەوتووی بینیبوو هات بۆلام و ناسیمی، چونکە پێش فەرزبوونی(حجاب) منی بینیبوو، منیش بە (إنّاللە و إنّا إلیه راجعون)ی (صفوان) خەبەرم بوویەوەو کتوپڕ بەچمکی چاوشێوەکەم ڕووخسارم داپۆشی، بەخوا نەهیچ قسەیەکی لەگەڵ کردم و نەهیچ وشەیەکم لێ بیست جگە لە (إنّاللە و إنّا إلیه راجعون)، یەکسەر وشترەکەی ئیخ داو منیش سواری بووم، جڵەوی وشترەکەی گرت و هێنامی تاگەیشتینەوە بە سوپاکە، پاش ئەوەی لەناوجەرگەی نیوەڕۆدا لەبەر گەرما لایان دابوو، ئەوەی لەم بوهتانە مندا قسەی کرد تیاچوو، ئەو کەسەش کەسەرۆکایەتی بەشێکی زۆری ئەم تاوانەی کرد (عبداللە)ی کوڕی (أُبيّ) کوڕی (سلول)بوو، کاتێ هاتینەوە بۆ (مدینة)، بۆماوەی مانگێك

نەخۆش کەوتم، لەولاشەوە خەڵکی ئەم باسەیان ئەم بەرو ئەوبەر پێ دەکردو، منیش ئاگام لەهیچ نەبوو، بەڵام لەوەدا کەوتبوومە گومانەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو سۆزەی جارانی بۆم نەمابوو کەلەکاتی نەخۆشیما لێم دەبینی، کاتێك دەهاتەوە سەلامی دەکردو دەیفەرموو: (كَيْفَ تِيكُم) ؟ واتە نەخۆشەکەتان چۆنە ؟ تاشەوێکیان لەگەڵ دایکی (مسطح)دا چووینە دەرەوە بۆ دەست بەئاو گەیاندن، لەکاتی گەڕانەوەماندا دایکی (مسطح) پێی لەدامێنی کراسەکەی هەڵکەوت و وتی: چارەڕەش بی ئەی (مسطح)، منیش وتم: چەند خراپت وت، قسە بەکەسێك دەڵێی ئامادەی جەنگی (بدر)بووە، وتی: ئەی نەتبیستووە چی دەڵێن بەتۆ ؟ دەڵێ: ئیتر باسەکەی بۆ گێڕامەوەو ئەوەندەی تر نەخۆش کەوتم، گەڕامەوە بۆ ماڵەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتە ژوورەوە بۆلام سەلامی کردو فەرمووی: (كَيْفَ تِيكُمْ) (نەخۆشەکەتان چۆنە؟) منیش وتم: ڕێگەم دەدەی بچمەوە بۆ لای باوك و دایکم ؟ دەمویست لەڕێگەی ئەوانەوە دڵنیا بم لەهەواڵەکە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێگەی دام، هاتمەوە بۆ لای دایك و باوکم، بەدایکم وت: دایە خەڵکی چی دەڵێن ؟ وتی: کچۆڵەکەم گوێ مەدەرێ، بەخوا کەم ڕێکەوتووە ژنێکی جوانی وەك تۆ لای پیاوێك بێت و خۆشی بوێت و سەربەهەوێ بێت و قسەی زۆری لەبارەوە نەڵێن.

وتم: پاك و بێگەردی بۆخوا خەڵکی چۆن ئەم قسەیەیان کردوە ؟ دەڵێ: ئەو شەوە تا بەیانی گریام فرمێسك بەچاومدا نەدەوەستایەوە بۆ بەیانیش هەر دەگریام، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) (علي) کوڕی (أبوطالب)و (أسامة)ی کوڕی (زید)ی بانگ کرد کاتێك بو نیگا (وحي)

دواکەوتبو ڕاوێژی پیکردن سەبارەت بە وازهێنان لە (عائشة)، (أسامة) ئاماژەی بۆ کردبوو بەوەی کە دەیزانی لەپاکیی خێزانی و بەو خۆشەویستیەش کەدەیزانی لەدڵیدا هەیە بەرامبەر بەخێزانی، وتبووی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) خێزانی خۆتەو ئێمەش لەچاکە بەلاوە هیچمان لێنەدیوە، (علي) کوڕی (أبوطالب)یش وتبووی: خودا دونیای لێتەنگ نەکردوویت و خۆ ژنانی تریش جگە لەو زۆرن، ئەگەر بیشچیتە لای خزمتکارەکەی ڕاستیت پێدەڵێت، دەڵێ: پێغەمبەری خوایش (ﷺ) (بريرة) بانگ دەکات دەفەرموێت :(أَىْ بَرِيرَةُ هَلْ رَأَيْتِ مِنْ شَىْءٍ يَرِيبُكِ مِنْ عَائِشَةَ ؟)

ئەی (بريرة) هیچ شتێکت لە (عائشة) بینیوە کە بتخاتە گومانەوە ؟ (بريرة)ش دەڵێت: سوێند بەو کەسەی تۆی بەڕاستی ناردووە هیچ شتێکی خراپم لێنەبینیوە ئەوەندە نەبێت کە ئەوکچێکی منداڵکاری تازە پێگەیشتووە، لەماڵەوە بەسەر هەویرەکەیدا خەوی لێدەکەوێت، مەڕو ماڵات دێت هەویرەکەی دەخوات.

پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) چووە سەر مینبەرو سەبارەت بە (عبدالله)ی کوڕی (أبيّ) کوڕی (سَلُول) فەرمووی: (يَا مَعْشَرَ الْمُسْلِمِينَ مَنْ يَعْذِرُنِى مِنْ رَجُلٍ قَدْ بَلَغَ أَذَاهُ فِى أَهْلِ بَيْتِى فَوَاللَّهِ مَا عَلِمْتُ عَلَى أَهْلِى إِلاَّ خَيْرًا وَلَقَدْ ذَكَرُوا رَجُلاً مَا عَلِمْتُ عَلَيْهِ إِلاَّ خَيْرًا وَمَا كَانَ يَدْخُلُ عَلَى أَهْلِى إِلاَّ مَعِى)

واتە: ئەی کۆمەڵگەی موسڵمانان، کێ لۆمەم دەکات بۆ سزادانی پیاوێك کە ئەزیەت و ئازاری گەشتۆتە خاو خێزانیشم؟ بەخوا من لەخاو خێزانی خۆم چاکە نەبێت هیچ شتێکی دیکەیان لەبارەوە نازانم، ناوی

پیاوێکیشیان بردوه چاکە نەبێت هیچ شتێکی تری لەبارەوە نازانم، لەگەڵ خۆما نەبێت نەهاتۆتەماڵەوە)

(سعد)ی کوڕی (معاذ)ی (الأنصاري) هەستاو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر لە (أَوس) بوو ئێمە دەدەین لەگەردنی، ئەگەر لەبرا (خزرجي) یەکانیشمانە چۆن فەرمانمان پێدەکەیت جێبەجێی دەکەین.

(عائشة) دەڵێت: (سعد)ی کوڕی (عُبادة) کەسەرۆکی (خزرجي)یەکان بوو وپیاوێکی باش بوو، بەڵام لەو کاتەدا دەمارگیریی زاڵ دەبێت بەسەریداو دەڵێ: سوێند بەخوا درۆ دەکەیت نایکوژی و ناشتوانیت بیکوژی.

(أُسَیْد)ی کوڕی (حُضَیْر)یش کە ئامۆزای (سعد)ی کوڕی (مُعاذ)بوو هەستاو بە (سعد)ی کوڕی (عُبادة)ی وت: درۆ دەکەیت سوێند بەخوا دەیکوژین، تۆ دووڕویت و پاساو بۆ دووڕوەکان دێنیتەوە.

ئیتر هەردوو هۆزی (أوس) و (خزرج) تێ هەڵچوون تا خەریك بوو دەست بدەنە یەکتری و بجەنگن، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) هەر لەسەر مینبەرەکەوە خەریك بوو بێدەنگی دەکردن، تا بێدەنگ بوون و خۆشی بێدەنگ بوو.

دەڵێ: ئەو ڕۆژەش هەر دەگریام و فرمێسك بەچاومدا نەدەوەستایەوە خەو نەچووە چاوم، پاشان بۆ شەوی داهاتووش هەر دەگریام و فرمێسك بەچاومدا نەدەوەستایەوەو خەو نەچووە چاوم، باوك و دایکیشم دەترسان گریان بمبڕێت، لەکاتێکدا ئەوان هەردووکیان لام دانیشتبوون، منیش هەر دەگریام ژنێکی (أنصاري) داوای مۆڵەتی لێکردم منیش مۆڵەتم دا، دانیشت دەستی کرد بەگریان، دەڵێت:

لەکاتێکدا بەو حاڵەوە دانیشتبووین پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتە ژوورەوە و سەلامی کرد و پاشان دانیشت، دەڵێ: لەو کاتەوە کە ئەوە دەربارەم وترابوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەلام دانەنیشتبوو، ماوەی مانگێك تێپەڕیبوو هیچی لەبارەی منەوە بۆ دانەبەزیبوو، دەڵێ: ئینجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتێك دانیشت شایەتومانی هێناو فەرمووی :

« أَمَّا بَعْدُ يَا عَائِشَةُ فَإِنَّهُ قَدْ بَلَغَنِى عَنْكِ كَذَا وَكَذَا فَإِنْ كُنْتِ بَرِيئَةً فَسَيُبَرِّئُكِ اللَّهُ وَإِنْ كُنْتِ أَلْمَمْتِ بِذَنْبٍ فَاسْتَغْفِرِى اللَّهَ وَتُوبِى إِلَيْهِ فَإِنَّ الْعَبْدَ إِذَا اعْتَرَفَ بِذَنْبٍ ثُمَّ تَابَ تَابَ اللَّهُ عَلَيْهِ ».

ئەی (عائشة) من لەبارەی تۆوە ئەوەو ئەوەم پێگەشتووە، جا ئەگەر تۆ بێتاوان بیت ئەوا خوای گەورە بێتاوانیت دەر دەخات، خۆ ئەگەر تاونێکیشت ئەنجام دابێت داوای لێخۆشبوون لەخوا بکەو تەوبە بکە، چونکە بەندە ئەگەر کاتێ دانی نا بە تاوانێکدا پاشان تەوبەی کرد خوا تەوبەکەی لێوەردەگرێت.

دەڵێ: کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) قسەکانی تەواوکرد، فرمێسکم وشکی کرد تاوەکو هەستم بەدڵۆپێك نەدەکرد، بەباوکم وت: لە جیاتی من وەڵامی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بدەرەوە، ئەویش وتی: بەخوا نازانم چی بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بڵێم، پاشان بەدایکم وت: لە جیاتی من وەڵامی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بدەرەوە، ئەویش وتی: بەخوا نازانم چی بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بڵێم، منیش وتم – لە کاتێکدا کە من ئافرەتێکی مناڵکاریش بووم، قورئانیشم زۆر نە خوێندبوو– بە خوا من چاك دەزانم ئەمەی کە بیستوتانە بە تەواوەتی لە دڵتانا جێگیر بووە

باوەڕتان پێی کردووە، جا ئەگەر من پێشتان بڵێم: من پاکم – خوایش دەزانێ کە من پاکم – باوەڕم پێناکەن، خۆ ئەگەر دانیش بە شتێکدا بنێم بۆتان– کەخوایش دەزانێ کەمن پاکم– باوڕم پێدەکەن، بەخوا من هیچ نموونەیەکم دەست ناکەوێت بۆ خۆم و ئێوە ئەوە نەبێ کە باوکی (یوسف) فەرمووی: (فَصَبْرٌ جَمِيلٌ وَاللَّهُ الْمُسْتَعَانُ عَلَى مَاتَصِفُونَ)

دەڵێ: پاشان ڕووم وەرگێڕاو لەسەر جێگاکەی خۆم ڕاکشام، دەڵێ: بەخوا ئەو کاتە چاك دەمزانی کە من بێتاوانم و، خوایش بە پاکی خۆم پاکیم دەردەخات، بەڵام باوەڕم نەدەکرد کە خوا لەبارەمەوە (وحي) بنێرێت و بخوێنرێتەوە، خۆمم لا بچوکتربوو لەوەی کە خوای گەورە لەبارەمەوە قسە بکات، بەڵام من تکام وابوو کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) خەوێك ببینێت خوا بەهۆیەوە پاکیم دەربخات، بەخوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە جێی خۆی نەجووڵاو کەسیش لە دانیشتوانی ماڵەکە دەرنەچوو بوون، تاوەکو خوا (وحي) نارد بۆ پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ئەو گەرماو ئازارەی کە لەکاتی دابەزینی (وحي)دا دای دەیگرت لەوێشدا دایگرت، تاوەکو بەڕادەیەك وەك وردە مرواری ئارەقی لێدەچۆڕا، لەڕۆژی سەرماو سۆڵەی زستاندا، لە بەر قورسایی و سەختی ئەو ئایەتەی دادەبەزیە سەری ئارەقی دەکرد، دەڵێ: کاتێ (وحي) کۆتایی هات پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێکەنی، یەکەم وشە کە پێی هاتە گۆ ئەوە بوو کە فەرمووی: (أَبْشِرِي يَا عَائِشَةُ أَمَّا اللَّهُ فَقَدْ بَرَّأَكِ) واتە: مژدەت لێبێت ئەی (عائشة) خوا پاکێتی دەرخستیت.

دایکم پێی وتم : هەستە بچۆ بەدەمیەوە، منیش وتم: بەخوا ناچم بەدەمیەوە سوپاسی کەسیش ناکەم ئەوخوایە نەبێت کە پاکێتی منی دابەزاند، دەڵێ: خوای گەورە ئەم دە ئایەتەی بۆ پاکێتی من دابەزاند :

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ جَآءُو بِٱلۡإِفۡكِ عُصۡبَةٞ مِّنكُمۡۚ لَا تَحۡسَبُوهُ شَرّٗا لَّكُمۖ بَلۡ هُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۚ
لِكُلِّ ٱمۡرِيٕٖ مِّنۡهُم مَّا ٱكۡتَسَبَ مِنَ ٱلۡإِثۡمِۚ وَٱلَّذِي تَوَلَّىٰ كِبۡرَهُۥ مِنۡهُمۡ لَهُۥ عَذَابٌ
عَظِيمٞ ١١ لَّوۡلَآ إِذۡ سَمِعۡتُمُوهُ ظَنَّ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ بِأَنفُسِهِمۡ خَيۡرٗا وَقَالُواْ
هَٰذَآ إِفۡكٞ مُّبِينٞ ١٢ لَّوۡلَا جَآءُو عَلَيۡهِ بِأَرۡبَعَةِ شُهَدَآءَۚ فَإِذۡ لَمۡ يَأۡتُواْ بِٱلشُّهَدَآءِ
فَأُوْلَٰٓئِكَ عِندَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلۡكَٰذِبُونَ ١٣ وَلَوۡلَا فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَرَحۡمَتُهُۥ فِي
ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ لَمَسَّكُمۡ فِي مَآ أَفَضۡتُمۡ فِيهِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ١٤ إِذۡ تَلَقَّوۡنَهُۥ
بِأَلۡسِنَتِكُمۡ وَتَقُولُونَ بِأَفۡوَاهِكُم مَّا لَيۡسَ لَكُم بِهِۦ عِلۡمٞ وَتَحۡسَبُونَهُۥ هَيِّنٗا وَهُوَ عِندَ
ٱللَّهِ عَظِيمٞ ١٥ وَلَوۡلَآ إِذۡ سَمِعۡتُمُوهُ قُلۡتُم مَّا يَكُونُ لَنَآ أَن نَّتَكَلَّمَ بِهَٰذَا سُبۡحَٰنَكَ
هَٰذَا بُهۡتَٰنٌ عَظِيمٞ ١٦ يَعِظُكُمُ ٱللَّهُ أَن تَعُودُواْ لِمِثۡلِهِۦٓ أَبَدًا إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ
١٧ وَيُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلۡأٓيَٰتِۚ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ١٨ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُحِبُّونَ أَن تَشِيعَ
ٱلۡفَٰحِشَةُ فِي ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ
وَأَنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ١٩ وَلَوۡلَا فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَرَحۡمَتُهُۥ وَأَنَّ ٱللَّهَ رَءُوفٞ
رَّحِيمٞ﴾

(عائشة) دەڵێ: (أبوبکر) – کە لەوەو پێش خەرجی (مسطح)ی دەکێشا لەبەر خزمایەتی و هەژاریەکەی – وتی: بەخوا لەمەولا هەرگیز هیچ

شتێکی پێنادەم پاش ئەوەی بوهتانی (عائشة) کرد، خوای گەورەش ئەم ئایەتەی نارد :﴿وَلَا يَأۡتَلِ أُوْلُواْ ٱلۡفَضۡلِ مِنكُمۡ وَٱلسَّعَةِ أَن يُؤۡتُوٓاْ أُوْلِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينَ وَٱلۡمُهَٰجِرِينَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۖ وَلۡيَعۡفُواْ وَلۡيَصۡفَحُوٓاْۗ أَلَا تُحِبُّونَ أَن يَغۡفِرَ ٱللَّهُ لَكُمۡۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٌ﴾

واتە: ئەوانەی کە کەخاوەنی سامان و بەخشندەیین لە ئێوە باسوێند نەخۆن کەیارمەتی خزمان و هەژاران و کۆچەران لەپێناوی خوادا نەدەن، با لێبوردەبن و چاوپۆشی بکەن، ئەی حەز ناکەن خوا لێتان خۆش بێت، خواش لێبوردەو میهرەبانە.

(حِبَّان)ی کوڕی (مُوسَى) دەڵێ: (عَبْد اللَّهِ) کوڕی (الْمُبَارَكِ) دەڵێ: ئەم ئایەتە هیوا بەخشترین ئایەتە لە قوڕئاندا.

ئینجا (أبوبكر) وتی: بەخوا من حەز دەکەم خوا لێم خۆش بێت، بۆیە گەڕایەوە بۆ خەرجی کێشانی (مسطح) کە لەوەو پێش دەیکێشاو وتی: هەرگیز لێی ناگرمەوە، (عائشة) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) پرسیاریشی لە(زينب)ی کچی (جحش)ی خێزانیشی کردبوو لەبارەمەوە:(مَا عَلِمْتِ أَوْ مَا رَأَيْتِ ؟) هیچ دەزانی یا هیچت بینیوە ؟ ئەویش وتبووی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چاو و گوێم دەپارێزم چاکە نەبێت هیچ شتێکی تر نازانم.

(عائشة) دەڵێ: لەناو خێزانەکانی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) تەنها ئەو لەجوانیدا هاوشانی بوو، بەڵام بەهۆی خۆ پارێزی و خوا ناسی خۆیەوە خوا پاراستی، بەڵام (حمنة)ی خوشکی بوختانەکەی بڵاو دەکردەوە

–بۆ بەرز كردنەوەی پلەو پایەی خوشكەكەی و سووككردنی (عائشة)– تا تیاچوو لەگەڵ ئەوانەی كە تیاچوون.[٨٣]
ئینجا ئەوانەی بەشداریان كردبوو لەهەڵبەستنی تۆمەتەكەدا، شەلاق (جلد)یان لێدرا، كەبریتی بوون لە:
(مسطح) كوڕی (أثاثة)و (حسّان)ی كوڕی (ثابت)و (حمنة)ی كچی (جحش)، یەكی هەشتا شەلاقیان لێدرا.[٨٤]

هەركەس گومانی لە پاكی (عائشة) خوای لیٚ ڕازیبیٚت هەبیٚت بە (كافر)و هەڵگەڕاوە دادەنریٚ !

پیٚشەوا (ابن كثير) دەڵیٚت: (وقد أجمع العلماء رحمهم الله قاطبةً على أن من سبّها بعد هذا ورماها بما رماها به بعد هذا الذي ذكر في هذه الآية، فإنه كافر لأنه معاند للقرآن، وفي بقية أمّهات المؤمنين قولان: أصحهما أنهنّ كهي، والله أعلم.)[٨٥]
واتە: زانایان یەك دەنگن لەسەر ئەوەی كە هەر كەسیٚك داویٚن پیسی بداتە پاڵ (عائشة) دوای ئەوەی ئایەتی لەسەر دابەزیوە ئەوا (كافر) دەبیٚت چونكە نكوڵی لە ئایەتی قوڕئان دەكات، وەسەبارەت بەخیٚزانەكانی تری دوو ڕا هەیە ڕاستترینیان ئەوەیە كە ئەوانیش وەك (عائشة) وان خوایان لیٚڕازیبیٚت، خوایش زاناترە.

---

[٨٣] رواه البخاري: (٢٦٦١) ومسلم: (٧١٩٦) واللفظ له.
[٨٤] بڕوانە: تفسير القرطبي: (١٢ / ٢٠١)
[٨٥] تفسير ابن كثير: (٣ / ٣٣٧)

هەروەها (القَاضِي أَبُو يَعْلَى الحَنْبَلِي) دەڵێت: « مَنْ قَذَفَ عَائِشَةَ بِمَا بَرَّأَهَا اللّٰهُ مِنْهُ كَفَرَ بِلا خِلافٍ، وقَدْ حَكَى الإِجْمَاعَ على هَذَا غَيْرُ واحِدٍ، وصَرَّحَ غَيْرُ واحِدٍ مِنَ الأَئِمَّةِ بِهَذا الحُكْمِ »[٨٦]

واتە: هەر کەسێك (عائشة) تۆمەتبارکا دوای ئەوەی خوای گەورە پاکێتی سەلماندووە ئەوا (کافر) دەبێت بەبێ جیاوازی ڕای زانایان، چەندین زاناش یەکدەنگیان لەسەر ئەوە باس کردووە کە (کافر) دەبێت.

پێشەوا: (قرطبي)یش دەڵێت:(فكل من سبها بما برأها الله منه مكذب لله، ومن كذب الله فهو كافر)[٨٧]

واتە: هەر کەسێك داوێن پیسی بداتە پاڵ (عائشة) پاش ئەوەی کە خوای گەورە پاکێتی سەلماندووە، ئەوە خوای بەدرۆ خستۆتەوە، کەسێکیش خوا بەدرۆ بخاتەوە ئەوە بێگومان کافرە.

١٣- زانست فراوانی دایکە (عائشة) خوای لێ ڕازیبێت.

-عن أبي موسى قال: ما أشكل علينا أصحاب رسول الله (ﷺ) حديث قط فسألنا عائشة إلا وجدنا عندها منه علماً[٨٨]

واتە: ئێمەی هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ)هەر فەرموودەیەکمان بەلاوە ڕوون نەبووبێت، پرسیارمان لە (عائشة) کردبێت، ئەوا وەڵامەکەیمان لەلای ئەو دەست ئەکەوت.

---

[٨٦] الصارم المسلول: (١ / ٥٦٨)

[٨٧] تفسير القرطبي: (١٢ / ٢٠٦)

[٨٨] صحيح سنن الترمذي: (٣٨٨٣)

– قال مسلم: سألنا مسروقا كانت عائشة تحسن الفرائض ؟ قال والذي لا إله غيره لقد رأيت الأكابر من أصحاب محمد (ﷺ) يسألونها عن الفرائض. [89]

(مسلم) دەڵێت :پرسیارمان کرد لە (مسروق): ئایا عائشة لە زانستی (الفرائض) دا شارەزایی هەبوو؟

وتی: بەو خوایەی جگە لەو کەس شایستەی پەرستن نیە گەورە هاوەڵانی (محمد)م (ﷺ) بینیوە لەبارەی (الفرائض)ەوە پرسیاریان لە (عائشة) کردووە.

– (موسی)ی کوڕی (طلحة) دەڵێت: ما رأيت أحداً أفصح من عائشة. [90]

کەسم نەبینیوە لە (عائشة) زوبان پاراوتر بێت.

– (عروة) دەڵێت: ما رأيت أحداً أعلم بفقه ولا بطب ولا بشعر من عائشة. [91]

واتە: کەسم نەبینیوە لە (فقه) و پزیشکی و شیعردا زاناتر بێت لە (عائشة).

– (الزهري) دەڵێت: لو جمع علم عائشة إلى علم جميع أمهات المؤمنين وعلم جميع النساء لكان علم عائشة أفضل. [92]

واتە: ئەگەر زانستی (عائشة) بەراورد بکرێت لەگەڵ زانستی هەموو دایکانی ئیماندارانداو، هەروەها لەگەڵ هەموو زانستی ئافرەتاندا ئەوا

---

[89] **سنن الدارمي رقم (٢٨٥٩) وقال محققه: إسناده صحيح.**

[90] **صحيح سنن الترمذي: (٣٨٨٤).**

[91] **الإصابة: (١٨/٨)**

[92] **الاستيعاب: (١٩٢/٢)**

زانستی (عائشة) چاکترە.

(عطاء)ی کوڕی (رباح) دەڵێت: كانت عائشة أفقه الناس وأعلم الناس وأحسن الناس رأياً في العامة.[٩٣]

واتە: (عائشة) شەرعزانترین و زاناترین و چاکترین کەس بوو لەڕاو بۆچووندا لەناو خەڵکیدا بەگشتی.

- (عروة) بە (عائشة)ی وت: دایە گیان من سەرسام نیم لە زانستت، ئەڵێم خێزانی پێغەمبەری خوا (ﷺ)و کچی (أبوبکر)ە، سەرسامیش نیم لەشارەزاییت لەشیعرو مێژوی عەرەب، ئەڵێم کچی (أبوبکر)ە کە شارەزاترین کەس بووە لەو بوارەدا، بەڵام سەرسامم لەشارەزاییت لە زانستی پزیشکیدا، ئەمە چۆنەو لەکوێت هێناوە ؟!

(عروة) دەڵێت: دەستێکی لەشانم داو وتی: أَيْ عُرَيَّةُ إِنَّ رَسُول اللَّهِ (ﷺ) كَانَ يَسْقَمُ عِنْدَ آخرِ عُمْرِهِ أَوْ فِي آخرِ عُمْرِهِ فَكَانَتْ تَقْدَمُ عَلَيْهِ وُفُودُ الْعَرَبِ مِنْ كُلِّ وَجْهٍ فَتَنْعَتُ لَهُ الْأَنْعَاتَ وَكُنْتُ أُعَالِجُهَا لَهُ فَمِنْ ثَمَّ.[٩٤]

واتە: ئەی (عُرَيَّة)[٩٥] پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەکۆتایی تەمەنی نەخۆش کەوت، نوێنەری عەرەبەکان لەهەموو لایەکەوە دەهاتنە لای چارەسەریان بۆ دیاری دەکردو منیش بۆم بەکاردەهێنا، لەوێوە فێر بووم.

---

[٩٣] هەمان سەرچاوە: (١٠٩/٢)

[٩٤] رواه أحمد في مسنده وصححه شعيب الأرنؤوط في تعليقه علية برقم: (٢٤٤٢٥).

[٩٥] (عُرَيَّة) بچوککراوەی (عروة)يە.

پەی بردن (إستدراكات)ەكانی (عائشة)

یەكەم: پەی بردن (إستدراكات)ەكانی (عائشة) بەسەر هاوەڵاندا:

١- پەی بردنی بەسەر (عبد الله)ی كوڕی (عباس)دا

(عمرة)ی كچی (عبدالرحمن) دەڵێ: (زیاد)ی كوڕی (أبوسفیان) نامەی نوسی بۆ(عائشة) كە(عبدالله)ی كوڕی (عباس) وتویەتی: ئەوەی قوربانییەك بڕیار بدات، چی لەسەر حاجی حەڕامە بۆ ئەویش حەڕامە هەتا قوربانیەكەی بۆ سەر دەبڕڕێت، جامنیش قوربانیم ناردووە، وەڵامم بدەرەوە.

(عمرة) دەڵێ: (عائشة) وتی: بەو شێوەیە نیە كە (إبن عباس) دەڵێ، من خۆم ملوانكەی قوربانییەكانی پێغەمبەری خوام (ﷺ) هۆنیەوەو پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەدەستی خۆی كردیە ملیان و لەگەڵ باوكمدا هەموویانی نارد، كەچی هیچ شتێك لەوانەی بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) حەڵاڵ بوو، خوای گەورە لەسەری حەڕام نەكرد.[٩٦]

٢- پەی بردنی بەسەر (عبد الله)ی كوڕی (عمر)دا

- (مجاهد) دەڵێ: من و (عروة)ی كوڕی (زبیر) چووینە مزگەتەوە، (ابن عمر) نزیك حوجرەكەی (عائشة) دانیشتبوو، (عروة) پێی وت: باوكی عبدالرحمن پێغەمبەری خوا (ﷺ) چەند عومرەی كردووە ؟

---

[٩٦] أَخرَجَه البُخَارِي: (١٥٨٥)، ومسلم: (٢٣٤٠)

وتی: چوار عومرەی کردووە یەکێکیان لە مانگی (رجب)دا بوو. ئێمەش پێمان خۆش نەبوو بۆی ڕاستکەینەوەو وەڵامی بدەینەوە گوێمان لەسیواککردنی (عائشة) بوو لە حوجرەکەیدا، (عروة) وتی: دایکی ئیمانداران گوێت لێیە باوکی عبدالرحمن دەڵێ چی ؟!

وتی:دەڵێ چی ؟

دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) چوار عومرەی کردووە یەکێکیان لە مانگی (رجب)دا بووە.

وتی: خوا لە باوکی عبدالرحمن خۆش بێت لەهەموو عومرەکاندا لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) بووە و هەرگیز لە (رجب)دا عومرەی نەکردووە.[٩٧]

- عن نَافِعٍ قَالَ: قِيْلَ لابن عُمَر: إن أَبَا هُرَيْرَةَ يَقُوْلُ: سَمِعت رَسُوْلَ اللهِ (ﷺ) يَقُوْلُ: من تبع جَنَازَة فله قيراط مِنَ الْأَجْرِ فَقَالَ ابْنُ عُمَرَ: أَكْثَرَ عَلَيْنَا أَبُوْ هُرَيْرَةَ فَبَعَثَ إِلَى عَائِشَةَ فسَأَلَهَا فَصَدَّقَتْ أَبَا هُرَيْرَةَ فَقَالَ ابْنُ عُمَرَ: لَقَدْ فَرَّطْنَا فِي قَرَارِيْطَ كَثِيْرَةٍ. [٩٨]

واتە: نافع دەڵێ: بە (إبن عمر) وترا: (أبوهريرة) دەڵێ: لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستووە کەدەیفەرموو: ئەوەی شوێنی جەنازەیەك بکەوێ قیراتێك (قورسایی کێوێك) چاکەی دەست دەکەوێت. (إبن عمر)یش دەڵێ: (أبوهريرة) لێی تێك چووە، ئەنجا ناردی بۆ لای (عائشة)و پرسیاری لێکرد، ئەویش گێڕانەوەکەی (أبوهريرة)ی پشت ڕاست

---

[٩٧] **رواه مسلم: (٢٢٠٠)**

[٩٨] **رواه البخاري: (١٢٣٩)، ومسلم: (١٥٧٣).**

کردەوە، (إبن عمریش) وتی: بەڕاستی قیڕاتی زۆرمان بەزایە داوە.
هەروەها دەڵێ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی مانگ (29) ڕۆژە، بۆ (عائشة) یان گێڕایەوە، ئەویش وتی: خوا لە باوكی عبدالرحمن خۆش بێ كاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆماوەی مانگێك لەخێزانەكانی دووركەوتەوەو دوای بیست ونۆ ڕۆژ هاتەوە بۆ لایان، هاوەڵانیش ئەوەیان پێوت، فەرمووی: (انّ الشهر قد يكونُ تسعاً وعشرين)جاری وا هەیە مانگ بیست ونۆ ڕۆژە.[٩٩]

٣- شارەزایی بەسەر (عَبْد اللّه)ی كوڕی (عمرو)ی كوڕی (العاص)دا.

عَنْ عُبَيْدِ بْنِ عُمَيْرٍ قَالَ بَلَغَ عَائِشَةَ أَنَّ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عَمْرٍو يَأْمُرُ النِّسَاءَ إِذَا اغْتَسَلْنَ أَنْ يَنْقُضْنَ رُءُوسَهُنَّ فَقَالَتْ يَا عَجَبًا لِابْنِ عَمْرٍو هَذَا يَأْمُرُ النِّسَاءَ إِذَا اغْتَسَلْنَ أَنْ يَنْقُضْنَ رُءُوسَهُنَّ أَفَلَا يَأْمُرُهُنَّ أَنْ يَحْلِقْنَ رُءُوسَهُنَّ لَقَدْ كُنْتُ أَغْتَسِلُ أَنَا وَرَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مِنْ إِنَاءٍ وَاحِدٍ وَلَا أَزِيدُ عَلَى أَنْ أُفْرِغَ عَلَى رَأْسِي ثَلَاثَ إِفْرَاغَاتٍ.[١٠٠]

هەواڵ گەیشت بە (عائشة) كە(عبدالله)ی كوڕی (عمرو) فەرمانی داوە بە ژنان لەكاتی خۆشۆردندا پەلكەی قژیان بكەنەو.
ئەویش دەڵێ: سەرم سوڕماوە لەم (إبن عمرو)ە فەرمان دەكات بە ژنان لەكاتی خۆشۆردندا پرچەكانی قژیان بكەنەوە ئەی بۆ فەرمانیان پێناكات سەریان بتاشن (چونكە ئەگەر كردنەوەی پرچی قژ (واجب)

---

[٩٩] رواه أحمد: (٥١٨٢) وصححه الأرناؤوط.
[١٠٠] رواه مسلم: (٤٩٨).

بێت تاشینیشی (واجب) دەبێت بۆ نەهێشتنی ئەو زەحمەتە) بەڕاستی من و پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەیەك دەفردا خۆمان دەشۆرد جگە لەسێ جار ئاوکردن بەسەرمدا هیچی ترم نەدەکرد.

٤- شارەزایی بەسەر (أَبو هُرَيْرَةَ)دا

(أبوهريرة) دەیوت: (من أدركه الْفَجْر جنبا فَلَا يصم).

واتە: هەر کەسێك بە لەشی گرانەوە ڕۆژی کردەوەو پیش بانگی بەیانی خۆی نەشۆرد با بەڕۆژوو نەبێ واتە ڕۆژووەکەی بەتاڵە.

بۆیە دوو کەس دەچن بۆ لای (عائشة)و أ(مّ سلمة) پرسیاریان لێکردن، (عائشة) وتی: (كَانَّ النَّبِيَّ (ﷺ) يصبح جنبا من غَيْر طهر ثُمَّ يَصُوْم)

واتە: پێغەمبەر (ﷺ) بەلەشگرانی یەوە ڕۆژی لێ ئەبوویەوەو پاشان بە ڕۆژووش ئەبوو.

کەهەواڵەکە بە (أَبو هُرَيْرَةَ) درا وتی: ئەوان وایان وت ؟ وتی: بەڵێ.

وتی: دەی ئەوان زاناترن، من ئەو قسەیەم لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) نەبیستبوو بەڵکو لە (فضل)ی کوڕی (عباس)ەوە بیستبووم.

دەڵێ: ئیتر لەو وتەیەی وازی هێنا.[١٠١]

٥- شارەزایی بەسەر (مروان)ی کوڕی (الحكم)دا.

(محمد)ی کوڕی (زیاد) دەڵێ: کاتێك (معاوية) بەیعەتی دا بە(یزید)ی کوڕی، (مروان)ی کوڕی (حکم)ی والی (مدينة)، وتی: سوننەتی

---

[١٠١] رواه مسلم: (١٨٦٤)

(أبوبكر)و(عمر)ه، (عبدالرحمن)ی کوڕی (أبوبكر)یش وتی: سوننەتی (هرقل)و (قيصر)ه!

(مروان)یش وتی: خەڵکینە ئایەتی (والذي قال لوالديه أُفٍ لكما ...) لەسەر ئەم دابەزیوە، کاتێك ئەم قسەیە گەشتەوە بە (عائشة) وتی:

كذب والله ! ما هو به، ولو شئت أن أسمي الذي أُنزلت فيه لسمَّيته، ولكن رسول الله ﷺ لعن أبا مروان، ومروان في صلبه، فمروان فَضَضٌ من لعنة الله.[١٠٢]

واتە: سوێند بەخوا درۆ دەکات، ئەگەر بتەوێ ناوی ئەو کەسە دێنم کە ئەم ئایەتەی لەسەر دابەزی، بەڵام پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەفرەتی لە باوکی (مروان) کردووە کاتێك (مروان) لە پشتیدا بووە، کەواتە (مروان) بەشێکە لەنەفرەتی خوا.

٦- شارەزایی بەسەر (أبو موسى)ی (الأشعري)دا.

(أبو عطية) دەڵێ: من و (مسروق) چوین بۆ لای (عائشه) و (مسروق) پێی وت: دوو پیاو لەهاوەڵانی محمد (ﷺ) یەکێکیان پەلەدەکات لەکاتی خۆرئاوابوون و ڕۆژووشکانداو ئەوی تریشیان درەنگ ڕۆژو دەشکێنێت و درەنگیش نوێژەکەی دەکات.

(عائشة)ش وتی: کامیان پەلەدەکات لەکاتی خۆرئاوابوون و ڕۆژووشکاندا ؟

[١٠٢] السلسلة الصحيحة: (٤٣/١٣)

وتمان: (عبدالله)ی کوڕی (مسعود). ئەویش وتی: پێغەمبەریش (ﷺ) هەر وای دەکرد. ڕاوی فەرموودەکە دەڵێت: ئەوی تریشیان (أبو موسى)ی (الأشعري) بوو.[١٠٣]

٧- شارەزایی بەسەر (عُرْوَة)ی کوڕی (الزُّبَيْر)دا.

(عروة) دەڵێ: بە (عائشة)م وت: من وانازانم گوناهم بگات ئەگەر هاتووچۆی نێوان (صفا)و (مروة) نەکەم، ئەویش وتی: بۆچی؟

وتم: چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلصَّفَا وَٱلۡمَرۡوَةَ مِن شَعَآئِرِ ٱللَّهِۖ فَمَنۡ حَجَّ ٱلۡبَيۡتَ أَوِ ٱعۡتَمَرَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيۡهِ أَن يَطَّوَّفَ بِهِمَاۚ ... ﴾

واتە: بە ڕاستی هاتووچۆی نێوان (صفا)و (مروة) لەدروشمەکانی خوان، هەرکەسێك چوو بو حەجی ماڵی خوا یان هەر بۆ بەجێهێنانی عومرە، هیچ گوناهێکی ناگات گەر هاتووچۆی نێوان هەردوو تەپۆڵەی (صفا)و (مروة) بکا.

(عائشة)ش وتی: ئەگەر وابوایە کەتۆ دەیڵێی، ئایەتەکە بەم شێوەیە دەبوو: (فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِ أَنْ لاَ يَطَّوَّفَ بِهِمَا)

واتە: (ئەوا گوناهی ناگات ئەگەر هاتووچۆی نێوانیان نەکات).

لەڕاستیدا ئەوە دەربارەی کەسانێك لە پشتیوانان (أنصار) دابەزیوە کە دەنگیان بۆ(مناة) بەرز دەکردەوە، ئیتر بۆیان نەبوو هاتووچۆی نێوان (صفا)و (مروە) بکەن، جا کاتێك لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) هاتن بۆ حەج و باسی ئەوەیان بۆ کرد، خوای ئەو ئایەتەی دابەزاند، بەڕاستی خوا

---

[١٠٣] رواه مسلم: (١٨٣٩)

حەجی کەسێك بەتەواو دانانێت ئەگەر هاتووچۆی نێوان (صفا)و (مروة)ی ئەنجام نەدابێت، لەریوایەتێکی تردا: خوا حەجی کەسێك یان عومرەکەی بەتەواو دانانێت ئەگەر هاتووچۆی نێوان (صفا)و (مروة) ئەنجام نەدابێت. [١٠٤]

٨- شارەزایی بەسەر خێزانەکانی پێغەمبەردا (ﷺ)

کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) کۆچی دوایی دەکات خێزانەکانی دەیان ویست (عُثْمَان)ی کوڕی (عَفَّان) بنێرن بۆلای (أبوبكر) داوای میراتی لێبکەن، (عائشة) پێیان دەڵێت: بەڕاستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی:

(لا نورث مَا تركناه صدقة). [١٠٥]

واتە: کەس میرات لە ئێمە نابات ئەوەی بەجێی دێڵین (صدقة)یە.

---

[١٠٤] أَخْرَجَه البُخَارِيُّ: (١٦٤٣)، ومُسلمٌ: (٢٢٤١) واللفظ لَهُ.

[١٠٥] رواه البخاري: (٦٧٣٠) مُسْلِمٌ: (٤٦٧٨) .

دووەم: پەی بردن (إستدراكات)ە گشتیەكانی

١- شارەزایی بۆ نوێژی مردوو لە مزگەوتدا.

(عائشة) دەڵێ: كاتێ (سعد)ی كوڕی (أبو وقاص) كۆچی دوایی كرد خێزانەكانی پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵیان نارد كەحەز دەكەن سەردانی جەنازەكەی بكەن و نوێژی لەسەر بكەن، ئەوانیش ڕێیان پێدان و جەنازەكە لەبەردەم ژوورەكانیاندا وەستێنراو نوێژیان لەسەر كرد، پاشان لەدەرگای مزگەوتەوە جەنازەكەیان بردە دەرەوە، خەڵكەكەش ئەوەیان پێ باش نەبوو، وتیان: جاران بەو جۆرە تەرم نەدەبرایە ناو مزگەوت.

ئەم هەواڵە گەیشتە (عائشة)، بۆیە وتی: چەند پەلە دەكەن لە ڕەخنە گرتن لە شتێكدا كە زانیاریان لەبارەیەوە نیە، ڕەخنەیان لێ گرتین تەرمێك براوەتە مزگەوتەوە، لەكاتێكدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەناو مزگەوتدا نوێژی كرد لە سەر (سهیل)ی كوڕی (بیضاء).[١٠٦]

٢- شارەزایی سەبارەت بە جێنشین كردنی (علي) خوای لێ ڕازی بێ

(أَسْوَد)ی كوڕی (يَزيد) دەڵێ: لەلای (عائشة)دا وتیان: (علي) شوێنگری پێغەمبەرە (ﷺ) (وەسیەتی بۆ كردووە) ئەویش وتی: چ كات وەسیەتی بۆ كرد؟ لەكاتێدا سەری پیرۆزی لەسەر چۆكی مندابوو كۆچی دوایی كرد، ئیتر كەی وەسیەتی بۆ كرد؟! [١٠٧]

---

[١٠٦] رواه مسلم: (١٦١٦)

[١٠٧] رواه البخاري: (٢٥٣٦)، ومسلم: (٣٠٨٨).

٣- شارەزایی سەبارەت بەشەونوێژی پێغەمبەر (ﷺ).

(أُبو سَلَمَة)ی کوڕی (عَبْد الرَّحْمَن) دەڵێ: لە (عائشة)م پرسی: نوێژی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ڕەمەزاندا چۆن بوو؟

ئەویش وتی: مَا كَانَ يَزَيْد فِيْ رَمَضَانَ وَلَا فِيْ غَيْره عَلَى إِحْدَى عَشْرَةَ رَكْعَةً.[١٠٨]

واتە: لەڕەمەزان و غەیری ڕەمەزانیشدا زیاتر لە یازدە ڕکاتی نەدەکرد.

٤- شارەزایی سەبارەت بەوەی کە خۆشۆردن پێویست دەکات.

(أَبو مُوسَى الأشعري) دەڵێ: کۆمەڵێك لە کۆچەرەکان و پشتیوانان جیاوازی کەوتە نێوانیان، پشتیوانەکان وتیان: خۆشۆردن پێویست نابێت تاوەکو ئاو نەیەتەوە، کۆچەرەکانیش وتیان: بەڵکو بەتێکەڵبوون خۆشۆردن پێویست دەبێت، دەڵێ: منیش وتم من ئەمەتان بۆ چارەسەر دەکەم، هەستام و چووم بۆ لای (عائشة)و مۆڵەتم لێوەرگرت ئەویش مۆڵەتی دام و پێم وت: دایە گیان من دەمەوێت لەبارەی شتێکەوە پرسیارت لێبکەم بەلاّم شەرمت لێدەکەم، ئەویش وتی: شەرم مەکە ئەو پرسیارەی پرسیوتە لەو دایکەت کەتۆی لێبوویت لەمنیشی بپرسە منیش دایکتم، وتم: چی خۆشۆردن پێویست (واجب) دەکات ؟

وتی: بۆلای کەسێکی شارەزا هاتی، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی:

---

[١٠٨] البخاري: (١٨٧٤) ومسلم: (١٢١٩)

(إِذَا جَلَسَ بَيْنَ شُعَبِهَا الْأَرْبَعِ وَمَسَّ الْخِتَانُ الْخِتَانَ فَقَدْ وَجَبَ الْغُسْلُ.[١٠٩]
واته: ئەگەر لەنێوان هەردوو قاچ و ڕانیدا دانیشت و خەتەنەکراوی ئەم بەر خەتەنەکراوی ئەو کەوت خۆشۆردن پێویست دەبێت.

دەرچوونی دایکە (عائشة) لەڕۆژی (جمل)دا بۆ ئاشتەوایی بوو

پێش شەهید کردنی پێشەوا (عثمان) خوای لیٚ ڕازی بیٚ لە (مدینة)، (عائشة)و هەموو خێزانەکانی تری پێغەمبەر (ﷺ) لەبەر خراپی بارو دۆخی شاری (مدینة) بەرەو (مكة) بەڕێدەکەون بۆ ئەنجامدانی فەریزەی حەج، دوای ئەنجامدانی فەریزەکەو لەکاتی گەڕانەوەیاندا بۆ (مدینة) هەواڵی شەهیدکردنی پێشەوا (عثمان)یان پێدەگات، بۆیە بڕیاری گەڕانەوە بۆ (مكة) ئەدەن و لەویٚ دەمێننەوەو چاوەڕوانی دەکەن تا بزانن چی ڕوو ئەدات ؟
کاتێك خیلافەت دەدرێتە دەستی پێشەوا علي خوای لیٚ ڕازی بیٚ، ئەویش لەناچاریدا وەری دەگرێت و، سەرنج ئەدا کە ئاژاوەچی یەکان بەسەر شاری مدینة دا زاڵ بوون و تەنگیان بەدانیشتوانەکەی هەڵ چنیوە، لەبەر ئەوە وای پێباشە کەتۆڵە سەندنەوەی پێشەوا عثمان خوای لیٚ ڕازی دوا بخات بۆ کاتێکی گونجاو ...
(طلحة) و (زبیر)یش خوایان لیٚ ڕازی بیٚ بارودۆخی مدینة یان پێباش نابێت، بۆیە مۆڵەت لە خلیفة دەخوازن بۆ ئەنجامدانی (عُمرة)، ئەویش

---
[١٠٩] رواه مسلم: ٥٢٦

مۆڵەتیان دەداو، خەڵکێکی زۆریش شوێنیان دەکەوێت، کە دەگەنە مکة ڕایان لەگەڵ ڕای دایکە عائشة یەك دەگرێت و داوای کوشتنی بکوژانی خلیفة عثمان دەکەن و، بەرەو شاری (بصرة) و (کوفة) بەڕێدەکەون – کە دانیشتوانەکەی لایەنگری(طلحة) و(زبیر) بوون– تا لەوێ سوپایەك کۆبکەنەوەو مدینة لەو ئاژاوە چی یانە رزگار بکەن .

بەڵام خێزانەکانی تری پێغەمبەر (ﷺ) ڕایان وایە بگەڕێنەوە بۆ مدینة، جگە لە حفصة کە هاوڕایە لەگەڵ عائشة دا، بەڵام عبدالله ی برای ڕێگەی پێنادات سەفەر بکات بۆ هیچ شوێنێك جگە لە مدینة، کاتێك خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) سەیر دەکەن کەسیان لەگەڵ نیە بڕیار ئەدەن لە (مکة) بمێننەوە، (عائشة)و (طلحة)و (زبیر)یش خوایان لێ ڕازی بێ بە (٣٠٠) سوارچاکەوە بەرەو شاری (بصرة) بەڕێدەکەون، خێزانەکانی پێغەمبەریش (ﷺ) تا ناوچەی (ذات عرق) لەگەڵیان دەڕۆن و، لەوێ بەگریانێکی بەکوڵەوە خواحافیزی لە (عائشة) دەکەن و، هەموو ئەوانەی کەلەوێن دەست بەگریان دەکەن، بۆیە ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی گریان (یوم النحیب) ناسراوە.

کاتێك گەشتنە ئاوی (بني عامر) شەوبوو سەگەکان لێ یان وەڕین، (عائشة)ش وتی:

أي ماء هذا ؟ (واتە :ئەم ئاوە چ ئاوێکە ؟)

وتیان: ماء الحوأب. ئاوی (حوأب)ە.

وتی: ما أظنني إلا أنني راجعة. (واتە: دەبێ بگەڕێمەوە)

هەندێ لەوانەی لەگەڵیدا بوون وتیان: بل تقدمین فیراك المسلمون، فیصلح الله ذات بینهم.

واته: باشتروایه بچیت تا موسڵمانان بتبینن بەڵکو خوای گەورە ئاشتەوایی بخاتە نێوانیان.
(عائشة) وتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆژێك فەرمووی: كيف بإحداكن تنبح عليها كلاب الحوأب .[110]
واتە : چۆنە حاڵی یەکێك لە ئێوە (واتە: خێزانەکانی) کاتێك سەگەکانی (حوأب) لێی دەوەڕن !
لەریوایەتێکی تردا پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی :
أَيَّتُكُنَّ صَاحِبَةُ الْجَمَلِ الْأَدْبَبِ تَخْرُجُ حَتَّى تَنْبَحهَا كِلَاب الْحَوْأَب يُقْتَل عَنْ يَمِينهَا وَعَنْ شِمَالهَا قَتْلَى كَثِيرَة وَتَنْجُو مِنْ بَعْدمَا كَادَتْ .) [111]
واتە : کامەتانن خاوەنی وشترە توکنەکەن؟ دەڕوات کاتێك سەگەکانی (الْحَوْأَب) لێی دوەڕن، بەلای ڕاست و چەپیدا کەسانێکی زۆر دەکوژرێن و، ڕزگاری دەبێت پاش ئەوەی خەریك بوو لەناو بچێت.
خوێنەری بەڕێز، کەواتە ڕوون و ئاشکرایە کە دایکە (عائشة)و(طلحة)و (زبیر) بۆ ئاشتەوایی نێوان موسڵمانان و تۆڵە سەندنەوە لە بکوژان بەرەو (بصرة)و(کوفة) بەڕێدەکەون، کۆمەڵی ئەمبەریش کە پێشەوا (علي) سەرکردایەتی دەکرد، وەنەبێ خوێنی (عثمان)ی لەیادکردبێت، بەڵکو زیاتر لەوان خەم خۆری خەلیفەی شەهید بوو، بەڵام قووڵتر لەوان بیری دەکردەوەو، دەیویست بە حیکمەت ئەم کارە ئەنجام بدات، بۆیە لە (مدینة)وە بە ڕێدەکەوێت تاوەکو بیانگێڕێتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەوەی

---

[110] **رواه ابن حبان (٦٧٣٢) وأحمد (٢٤٢٩٩) وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة: (٤٧٤) و شعيب الأرناؤوط: (٥٢/٦) برقم: (٢٤٢٩٩، ٢٤٦٩٨).**
[111] **قال ابن حجر في فتح الباري: (٢٠ / ١٠٧): وَهَذَا رَوَاهُ الْبَزَّار وَرِجَاله ثِقَات.**

کەهەردوولایان نەیاندەویست و کاریان بۆنەکردبوو ڕوویداو، هەر ئەوانەی (عثمان)یان شەهید کردبوو شەڕیان بەرپاکرد، ئیتر بارودۆخە لەژێر کۆنترۆڵی هاوەڵاندا نەماو شەڕ دەست پێدەکات، پەلاماری وشترەکەی (عائشة) دەدەن و لایەنگرانی بەرگریەکی مەردانەی لێدەکەن و کوشتارو بریندارێکی زۆری لێدەکەوێتەوە، بەڵێنەکەی پێغەمبەری خۆشەویستیش (ﷺ) دێتە دی !![112]

دوای شەڕەکە پێشەوا (علي) هاتە لای (عائشة)و پێی وت: (غفر الله لك. قالت: ولك، ما أردت إلا الإصلاح).[113]

واتە: خوا لێت خۆشبێت، (عائشة)ش وتی: خوا لەتۆش خۆشبێت، ئاشتەوایی نەبێت هیچی کەم نەویست.

ئینجا پێشەوا (علي) دایکە (عائشة) دەنێرێتە ماڵێك لەماڵەکانی (بصرة)و ڕێزو حورمەتی لێ دەگرێ و، پاشان ئەوەی پێویست بوو بۆ سەفەرەکەی بۆی ئامادە دەکات، ٢٠ یا ٤٠ لەئافرەتە ناودارەکانی (بصرة) لەگەڵیدا دەنێرێت و لەگەڵ (محمد)ی برایدا دەینێرێتەوە بۆ ماڵەکەی خۆی بۆ (مدینة).

شێخ (ألبانی) دەڵێت: گومانمان نیە کە دەرچوونی دایکی ئیمانداران لەبنەڕەتدا هەڵەبوو، هەر لەبەر ئەم هەڵە بو لەسەر ئاوی (حوأب) ویستی بگەڕێتەوە، بەلاَم (عبدالله)ی کوڕی (زبیر) قەناعەتی پێدەکات و دەڵێ: بەڵکو خوای گەورە بەهۆی تۆوە ئاشتەوایی بخاتە نێو موسڵمانانەوە،

---

[112] بڕوانە: البدایة والنهایة: (٧ / ٢٣١)

[113] شذرات الذهب لابن العماد: (١ / ٣٦)

گومانیشمان نیە کە (عبداللە)ش لەو هەڵوێستەیدا هەڵەبوو، عەقلیش ئەوە یەکلایی دەکاتەوە کە خۆ حەشاردان نیە لەوتنی ئەوەی کەیەکیك لەم دوو لایەنە بەگژیەکدا چووە – کەسەدان کوشتاریان لێدەکەوێت– هەڵەبوون، بێگومان (عائشة) خوای لیّ ڕازی بیّ لەوهەڵوێستەیدا هەڵە بوولەبەر چەند هۆکارێکی زۆرو چەند بەڵگەیەکی ڕوون، لەوانە پەشیمان بوونەوەی لەڕۆشتنی بۆ ئەویّ و، ئەوپەشیمان بوونەوەیش شایستەی چاکەو کاملّ بوونیەتی و، هەڵەکەشی نەك تەنها لەسەری نانوسرێت بەڵکو لەو هەلاّنەیە کەپاداشتی لەسەر وەردەگرێت.

پاشان شێخ (ألباني) چەند بەڵگەیەك بۆ ئەم بەهەڵەداچوونەی دایکە (عائشة) خوا لێی ڕازیبێت دێنێتەوە:

١– دایکە عائشة دەڵیّ بە (ابن عمر): یا أبا عبد الرحمن ما منعك أن تنهاني عن مسیري ؟ واتە: ئەی باوکی (عبدالرحمن) چی بەرگری لێکردی کە نەهێڵی بڕۆم ؟

ئەویش دەڵیّ: رأیت رجلاً غلب علیك. یعني ابن الزبیر.

واتە: پیاوێکم بینی بەسەرتدا زالّ بوو بوو – مەبەستی (عبداللە)ی کوڕی (زبیر)بوو.

(عائشة) دەڵیّ: أما و اللە لو نهیتني ما خرجت. واتە: دەی سوێند بەخوا ئەگەر نەهیت لێبکردبامایە نە دەڕۆشتم.

٢– (قیس) دەڵێت: (عائشة) وای نیازبوو لە ژوورەکەی خۆیدا بنێژرێت، وتی: إني أحدثت بعد رسول اللە (ﷺ) حدثاً، ادفنوني مع أزواجە، فدفنت بالبقیع رضي اللە عنها.

واته: بەڕاستی من لە دوای پێغەمبەری خوا (ﷺ) شتێکم کردووە (واتە:دەرچوونم لە ڕۆژی (جمل)دا)، بۆیە لەلای خێزانەکانی تری بمنێژن، ئیتر لە(بقیع) نێژرا خوای لیٚ ڕازی بیٚ.

٣- (بخاري)یش لە(صحيح)ەکەیدا لە(أبو وائل)ەوە دەگێڕێتەوە دەڵیٚ: کاتێك (علي)، (عمّار)و (حسن) دەنێرێت بۆ (کوفة) (عمّار) وتارێك دەدات و تێیدا دەڵیٚ: إني لأعلم أنها زوجته في الدنيا و الآخرة، و لكنَّ الله ابتلاكم لتتّبعوه أو إياها. يعني عائشة.

واتە : بەڕاستی من دڵنیام کە ئەو خێزانی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) لە دونیاو لە دوا ڕۆژدا، بەڵاٚم خوا تاقیتان دەکاتەوە بۆ ئەوەی بزانیٚ ئایا شوێنی فەرمانی خوا دەکەون یان شوێنی ئەو (واتە: عائشة).[١١٤]

ژمارەی ئەو فەرموودانەی گێڕاویێتیەوە

دایکە (عائشة) خوای لیٚ ڕازی بێت (٢٢١٠) فەرموودەی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە.

(١٧٤) فەرموودەیان (متفق عليه)یەو، (٥٤) فەرموودەشیان پێشەوا (بخاري) بەتەنها گێڕاویێتیەوەو (٦٩) فەرموودەشیان پێشەوا (مسلم) گێڕاویێتیەوە.

دوو فەرموودەی هەڵبەستراو و لاواز لەبارەی دایکە (عائشة)وە:

[١١٤] بڕوانە: سلسلة الأحاديث الصحيحة: (١/ ٤٧٣-٤٧٤)

فەرموودەی یەکم :

(خذوا شطر دينكم عن هذه الحميراء) [١١٥]

واتە: نیوەی ئایینەکەتان لەم سپی پێستە وەربگرن.

وشەی (الحُمَيْراءِ) بچوککراوەی (الحمراء)ەو، مەبەست پێی سپی پێستە.[١١٦]

فەرموودەی دووەم:

عن العلاء بن عبد الكريم اليامي، عن عمار بن عمران، رجل من زيد الله، عن امرأة منهم، عن عائشة أنها شوّفت جاريةً، وطافت بها وقالت: (لعلّنا نصطادُ بها شبابَ قريش)[١١٧]

واتە: (عائشة) خوای لێ ڕازیبێت کچۆڵەیەکی پیشان داوەو گێڕاوێتی و وتوویەتی: بەڵکو لاوەکانی قوڕەیشی پێ ڕاوبکەین.

---

[١١٥] قال ابن كثير في تحفة الطالب (١ / ١٧٠): فهو حديث غريب جدا بل هو منكر سألت عنه شيخنا الحافظ ابا الحجاج المزي فلم يعرفه وقال لم اقف له على سند إلى الآن وقال شيخنا ابو عبد الله الذهبي هو من الآحاديث الواهية التي لا يعرف لها إسناد.

وقال السخاوي في المقاصد (٤٢١): (قال شيخنا – يعني ابن حجر – في تخريج أحاديث ابن الحاجب من إملائه: لا أعرف له إسناداً، ولا رأيته في شيء من كتب الحديث، إلا في (النهاية) لابن الأثير، ذكره في مادة (ح م ر) ولم يذكر من خرجه.

وكذا قال ابن القيم في (المنار المنيف) (ص ٦١)

وقال الشيخ المحدث أحمد شاكر في (كلمة الحق) (ص ٤٨– ٤٩): لا أصل له أبداً، أي هو حديث مكذوب لم يقله رسول الله (ﷺ).

وقال الألباني في إرواء الغليل (١ / ١٠): حديث موضوع .

[١١٦] بڕوانە: لسان العرب (٤/ ٢٠٨)، هەروەها: النهاية في غريب الأثر: (١ / ١٠٤٤).

[١١٧] رواه ابن أبي شيبة في مصنّفه: (٤٦١/٣)

ئەم فەرموودەیەش لاواز (ضعیف)ە لەبەر ئەم سیٚ هۆ (علة)یەی خوارەوە:

١- لە (سند)ی فەرموودەکەدا (عمار بن عمران)ی تێدایە هەر یەك لەپێشەوا (الذهبي) و(ابن حجر) دەڵێن:
(لا يصح حديثه، ذكره البخاري في الضعفاء)[118]

٢- پیاوێکی نەناسراوی (مجهول) تێدایە: (رجل من زيد الله).

٣- هەروەها ئافرەتێکی نەناسراویشی تێدایە: (عن امرأة منهم).

کەوابوو ئەم فەرموودەیە لاوازەو کاری پێناکریٚ، هەرکەسێکیش بەبەڵگە بیهێنێتەوە ئەوە یان دڵی نەخۆشە یا گیرفانی پیٚ پڕدەکات !!

دەبیٚ ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە وشەی (جارية) لێرەدا مەبەست پێی ئەو کچۆڵەیە کەهێشتا باڵغ نەبووە!

ئایا پلەوپایەی (خديجة) گەورەترە یان (عائشة) خوایان لیٚ ڕازی بیٚ ؟

لەم بارەیەوە زانایان چەند ڕایەکیان هەیە:

[118] ميزان الاعتدال للذهبي: (٣ / ١٦٦)، لسان الميزان لابن حجر: (٤ / ٢٧٢).

ڕای یەکەم: پلەو پایەی (عائشة) گەورەترە چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی ڕێزی (عائشة) بەسەر ئافرەتانی تردا وەك ڕێزی تێگوشین بە گۆشت وایە بەسەر خواردنەکانی تردا.

کاتێکیش (عمرو)ی کوڕی (العاص): پرسیاری لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد: کێ خۆشەویسترین کەسە لەلات ؟

فەرمووی: (عائشة)، هەروەها لەبەر ڕۆڵی گەورەی (عائشة) لەبڵاوکردنەوەی زانستداو ... هتد.

ڕای دووەم: پلەو پایەی (خدیجة) بەرزترە چونکە لەسەرەتای پێغەمبەرایەتیدا ئیمانی پێهێناو بەماڵ و بەگیان پشتگیریی لێکردووەو، خوای گەورە لەڕێگای (جبریل)ەوە سەلامی لێکردووە و ... هتد.

ڕای سێیەم: (خدیجة) لەڕووی زوو موسڵمانبوونەوە پلەوپایەی بەرزترەو (عائشة)ش لەڕووی بڵاوکردنەوەی زانستەوە پلەوپایەی بەرزترە.

بەڵام پێشەوا (ابن کثیر) دەڵێت: لەڕاستیدا هەر یەك لەم دوو ئافرەتە ئەوەندە پلەوپایەیان بەرزە کاتێك بیری لێدەکەیتەوە سەرسام و دەستەوسان دەبیت، بۆیە واباشترە قسەی تێدا نەکرێت و باشترین و سەلامەتترین ڕێگا ئەوەیە کەبڵێین خوا زاناترە.[١١٩]

کۆچی دوایی

---

[١١٩] البداية والنهاية: (١٥٨/٣– ١٥٩)

(ذكوان) دەڵێ: لەکاتی سەرەمەرگی دایکە (عائشة)دا (ابن عباس) داوای مۆڵەتی کرد تابچێتە ژوورەوە بۆلای، (عبدالله)ی کوڕی (عبدالرحمن)ی برازای (عائشة)ش لەوێبوو، وتی: ئەوە (ابن عباس)ە یەکێکە لەڕۆڵە باشەکانت مۆڵەتت لێدەخوازێ تابێتە ژوورەوە، وتی: (دَعْنِي مِنْ ابْنِ عَبَّاسٍ وَمِنْ تَزْكِيَتِهِ)

واتە: وازم لێبێنە لە (ابن عباس)و لە پاکانەو ستایشەکانی.

(عبدالله) وتی: (ابن عباس) خوێنەری کتێبی خواو شارەزای ئایینەکەیەتی مۆڵەتی بدەری با سلاوت لێبکاو بەخوات بسپێرێ.

وتی: (فَأْذَنْ لَهُ إِنْ شِئْتَ). واتە: گەر دەتەوێ مۆڵەتی بدە.

ئەویش مۆڵەتی دا، ئینجا هاتە ژوورەوە پاشان سلاوی کردو دانیشت و بە (عائشة)ی وت:

مژدە بێ لێت دایکی ئیمانداران سوێند بەخوا نێوانی تۆو هەڵگرتنی ئێش و ئازارو گەشتن بە خۆشەویستان (محمد)و هاوەلانی هەر ئەوەندەیە کەڕۆحت لەلاشەت جیابێتەوە.

(عائشة)ش وتی: (وَأَيْضًا) واتە: چیتر ؟

وتی: تۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆشەویسترین خێزانی بوویت و پێغەمبەری خوایش (ﷺ) ئەوەی پاك نەبوایە خۆشی نەدەویست، خوای گەورە لە سەرووی حەوت ئاسمانەوە ئایەتی لەسەر پاکی تۆ ناردە خوارەوە، مزگەوت نیە لەسەر زەویدا شەو ڕۆژ ئەو ئایەتانەی تێدا نەخوێنرێتەوە، هەروەها لە ناوچەی (الأبواء)یش ملوانکەکەت لێ کەوت و پێغەمبەری خوا (ﷺ)و خەڵکیش لەگەڵیدا بەشوێنیدا دەگەڕان تاڕۆژیان لێ بوویەوە ئاویان بەلاوە نەبوو، تاوەکو خوای گەورە بەهۆی

تۆوە ئایەتی ﴿فَتَيَمَّمُوا صَعِيدًا طَيِّبًا﴾ی دابەزاند، سوێند بەخوا تۆ کەسێکی پیرۆزی.

دایکە (عائشة)ش وتی: (دَعْنِي يَا ابْنَ عَبَّاسٍ مِنْ هَذَا فَوَاللَّهِ لَوَدِدْتُ أَنِّي كُنْتُ نَسْيًا مَنْسِيًّا)[١٢٠]


واتە: ئەی (ابن عباس) وازم لێ بێنە سوێند بەخوا ئاوات دەخوازم کەلەبیرکراو بوومایە.

لەشەوی سێ شەممەی (١٧)ی ڕەمەزانی ساڵی (٥٨ك) لەتەمەنی (٦٧) ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، (أبو هريرة) نوێژی لەسەر کردو – (مروان) والی (مدينة) بوو لەوکاتەدا لە عومرە بوو – شەو دوای نوێژی (وتر) لەگۆڕستانی (البقيع) نێژرا، خەڵکی (مدينة)و (العوالي) بۆ جەنازەکەی کۆبوبونەوەو دەیانوت: هیچ شەوێکمان نەدیوە بەئەندازەی ئەمشەو ئافرەت تێیدا کۆ بوبێتەوە.

پێنج کەس دابەزینە ناو گۆڕەکەیەوە: (عبدالله)و (عروة) کوڕانی (زبير) کەخوشکەزای بوون، (قاسم)و(عبدالله) کوڕانی محمد کە برازای بوون، (عبدالله)ی کوڕی (عبدالرحمن) ئەویش هەر برازای بوو.

---

[١٢٠] رواه أحمد في مسنده برقم: (٣٢٦٢) وصححه شعيب الأرنؤوط.



المسجد النبوي في عهد الرسول صلى الله عليه وسلم والقبلة إلىالمسجد الحرام في مكة

نەخشەی ماڵی (سودة)و (عائشة) بەتەنیشت مزگەوتی (مدینة)وە

دایکی ئیمانداران (حفصة)ی کچی (عمر) خوایان لێ ڕازیبێت [١٢١]

ناوی: (حفصة)ی کچی (عمر)ی کوڕی (الخطاب)ی کوڕی (نفیل)ی کوڕی (عبد العزی)ی کوڕی (رباح)ی کوڕِی عبدالله القرشي.
دایکی: ناوی (زینب)ی کچی (مظعون)ی کوڕی (حبیب)ی کوڕی (وهب)ی کوڕی (حذافة)یە.

---

[١٢١] الإصابة: (١٢/٩١- ٩٤)، البداية والنهاية(٨/٣٣-٣٤)، سير أعلام النبلاء: (٢/٢٢٧- ٢٣١).

دایکە (حفصة) خوشکی (عبد الله)ی کوڕی (عمر)ە لەدایك و باوکەوە، پێنج ساڵ پێش پێغەمبەرایەتی لە دایك بووە.

پێشتر خێزانی (خنیس)ی کوڕی (حذافة)ی کوڕی (قیس)ی کوڕی (عدي) (السهمي) بووە.

هەردووکیان پێکەوە کۆچ دەکەن بۆ (الحبشة) پاشان دەگەڕێنەوەو دواتر کۆچ دەکەن بۆ (مدینة)، مێردەکەی بەشداری غەزای (بدر)و (أُحد) دەکات، لەدووەمیاندا بریندار دەبێ و، دواتر بەهۆیەوە لە (مدینة) کۆچی دوایی دەکات و (حفصة) لە تەمەنی (٢١) ساڵیدا بەجێ دێڵێ.

خوازبێنی کردنی (حفصة) لەساڵی (٣)ی کۆچی دا

(عبدالله)ی کوڕی (عمر) خوا لەهەردووکیان ڕازی بێت دەگێڕێتەوە دەلێت: کاتێك کە (حفصة) بێوەژن دەبێ (عمر) دەڵێ: گەشتم بە (عثمان)ی کوڕی (عفان)- دوای کۆچکردنی (رقيّة)ی خێزانی- باسی (حفصة)م بۆکردوو وتم:

ئەگەر بتەوێ (حفصة)ت لێ مارەدەکەم.

ئەویش وتی: بابیرێکی لێ بکەمەوە.

(عمر) دەڵێ: چەند شەوێك چاوەڕوانیم کرد، پاشان هاتەوە وتی: وام پێباشە کە لەم ماوەیەدا ژن نەهێنم.

پاشان گەشتم بە(أبوبكر)و، پێم وت: ئەگەر بتەوێ (حفصة)ت لێ مارە دەکەم.

(أبوبكر) بێدەنگ بوو، هیچ وەڵامێکی نەدامەوە، ئەم هەڵوێستەییم لەوەی (عثمان) بەلاوە ناخۆشتر بوو، چەند شەوێکی بەسەردا چوو، پێغەمبەری (ﷺ) خوا داوای کردو منیش لێم مارەکرد، پاشان گەشتم بە (أبوبکر)و پێی وتم: لەوانەیە گلەییت لێم هەبێ کە باسی (حفصة)ت بۆ کردم و وەڵامم نەدایتەوە؟

وتم:بەڵێ.

وتی: فَإِنَّهُ لَمْ يَمْنَعْنِي أَنْ أَرْجِعَ إِلَيْكَ فِيمَا عَرَضْتَ إِلَّا أَنِّي قَدْ عَلِمْتُ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَدْ ذَكَرَهَا فَلَمْ أَكُنْ لِأُفْشِيَ سِرَّ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَلَوْ تَرَكَهَا لَقَبِلْتُهَا.[١٢٢]

واتە: تەنها لەبەر ئەوە وەڵامم نەدایتەوە کە دەمزانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) باسی کرووە و، نەم دەویست نهێنی یەکی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاشکرا بکەم، وەئەگەر وازی لێ بهێنایە من دەمویست.

لە ریوایەتێکی تردا هاتووە کە (عمر) دوای ئە هەڵوێستەی (أبوبکر)و (عثمان) سکالاَ بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەبات: ئەویش دەفەرموێ: یتزوج حفصة من هو خير من عثمان، ويتزوج عثمان من هي خير من حفصة، ثم خطبها، فزوجه عمر.[١٢٣]

---

[١٢٢] البخاري: (٤٠٠٥)، (٥١٤٥)

[١٢٣] أخرجه ابن سعد في الطبقات: (٨ / ٨٢)، وقال الهيثمي في مجمع الزوائد (٢/١٠): وفى إسناده الوليد بن محمد الموقرى وهوضعيف

واته: کەسێك خوازبێنی (حفصة) دەکات لە (عثمان) باشترە و، کەسێکیش شوو بە (عثمان) دەکات کە لە (حفصة) باشترە، پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) خوازبێنی دەکات و، (عمر)یش لێی مارە دەکات.

پلەو پایە و سەروەریەکانی

١- (جبریل) ڕێگە نادات پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەلاقی بدات.

عن عمر بن الخطاب أنّ رسول الله (ﷺ) طلق حفصة ثم راجعها. وفي رواية أخرى: قال رسول الله (ﷺ): قال لي جبريل: راجع حفصة فإنّها صوّامة قوّامة وإنّها زوجتك في الجنة.[١٢٤]

[١٢٤] السلسلة الصحيحة للألباني: (٦/٥ : رقم ٢٠٠٧)

واتە: (عمر)ی کوڕی (الخطاب) دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) (حفصة)ی تەلاَق داو پاشان گەڕاندیەوە.

لە ریوایەتێکی تردا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: (جبریل) پێی وتم: (حفصة) بگەرێنەرەوە چونکە ڕۆژووی زۆر دەگرێ و شەو نوێژی زۆر دەکات و خێزانیشتە لەبەهەشتدا.

سوود : هەندێ لە زانایان دەڵێن: ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە پیاو دەتوانێ خیزانی تەلاَق بدات با (صوّامة)و(قوّامة) ش بێت، ئەمەش لەکاتێکدایە کە ژن لەگەڵ پیاوەکەیدا نەگونجێ و گویرایەڵ نەبێ، یان هۆکاری تر هەبێ کەپێویست نەکات کەسی تر بیزانێ جگە لەخۆیان.

٢- شارەزایی قوڕئانی پیرۆز بوو.

عن أم مبشر، أنها سمعت النبي (ﷺ) يقول عند حفصة: (لا يدخل النار، إن شاء الله، من أصحاب الشجرة أحد، الذين بايعوا تحتها) قالت: بلى، يا رسول الله فانتهرها، فقالت (حفصة): وإن منكم إلا واردها فقال النبي (ﷺ): قد قال الله عز وجل: ثم ننجّي الذين اتقوا ونذر الظالمين فيها جثيا.[١٢٥]

واتە: (أم مبشر) دەڵێ: لای (حفصة) بووم بیستم پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: هیچ کام لە هاوەڵانی درەختەکە ناچنە ئاگر- إن شاء الله- ئەوانەی پەیمانیان بەست لە ژێریدا.

(حفصة) وتی: دەچن ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)! پێغەمبەر (ﷺ) لێی توڕە بوو.

---

[١٢٥] رواه مسلم: ٦٥٦٠

(حفصة) وتی: ئەوەنیە خوا دەفەرمویّت: ﴿ وإن منكم إلا واردها ﴾ واتە: کەس نی یە لەئیّوە نەچیّتە ناو دۆزەخەوە، بەتەفسیریّکی تر (کەس نی یە لەئیّوە بەسەر دۆزەخدا تیّنەپەڕیّت).

پیّغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بەڕاستی خوا دەفەرمویّت: (پاشان ئەوانەی پاریّزکارو لەخواترسن لەئاگرەکە ڕزگاریان دەکەین و ستەمکارانی تیا دەهیّڵینەوە لە سەر ئەژنۆ)

٣- فەرمانی کوشتنی کەنیزەکیّکی جادوگەری خۆی دەدات.

عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ سَعْدِ بْنِ زُرَارَةَ، أَنَّهُ بَلَغَهُ: أَنَّ حَفْصَةَ زَوْجَ النَّبِيِّ (ﷺ) قَتَلَتْ جَارِيَةً لَهَا سَحَرَتْهَا، وَقَدْ كَانَتْ دَبَّرَتْهَا، فَأَمَرَتْ بِهَا فَقُتِلَتْ.[١٢٦]

واتە: (حفصة)ی کچی (عمر) خوا لەهەردووکیان ڕازی بێ بڕیاری کوشتنی کەنیزەکیّکی خۆی دەدا پاش ئەوەی جادووی لیّدەکا.

٤- پیّغەمبەری خوا (ﷺ) هەوڵی ڕازی کردنی دەدا.

عن أنس: أن رسول الله (ﷺ) كانت له أمة يطؤها، فلم تزل به عائشة وحفصة حتى حَرَّمها، فأنزل الله، عز وجل: ﴿ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ ... ﴾ إلى آخر الآية.[١٢٧]

واتە: (أنس)ی کوڕی (مالك) دەڵێ: پیّغەمبەری خوا (ﷺ) کەنیزەکیّکی هە بوو کاری شەرعی لەگەڵدا دەکرد، (عائشة)و (حفصة) وازیان

[١٢٦] موطأ الإمام مالك (٢٥٧٥)، والبيهقي في معرفة السنن والآثار (٥٢٥٠) والشافعي في مسنده:(١٧٩٠).

[١٢٧] (صحيح): بڕوانە: صحيح وضعيف سنن النسائي(٣٩٥٩).

لێنەهێنا تا یاساغی کرد لەسەرخۆی، پاشان خوای گەورە ئەم ئایەتانەی نارده خوارەوە:

ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بۆچی شتێك لەخۆت حەرام دەکەیت، خوا بۆی حەلاڵ کردوویت ؟ دەتەوێ ژنەکانت ڕازی بکەیت! خوا لێخۆش بوو میهرەبانە.

زانایانی ڕاڤەکار (تفسیر) دەڵێن: پێغەمبەر جارێك لەماڵ و نۆرەی (حفصة)دا دەبێت لە گەڵ (ماریة) کۆدەبێتەوە، جاکە (حفصة) بینی وتی: ئەی پێغەمبەری خوا لەماڵ و نۆرەو جێگەی مندا.

فەرمووی: ڕازی دەبی ئەگەر لەخۆمی حەرام کەم و نزیکی نەبمەوە ؟ وتی: بەڵێ. پێغەمبەریش (ﷺ) حەرامی دەکاو دەفەرموێت: دەی بۆ کەسی باسی مەکە. بەڵام (حفصة) بۆ (عائشة)ی باس دەکات.[128]

﴿قَدْ فَرَضَ اللَّهُ لَكُمْ تَحِلَّةَ أَيْمَانِكُمْ وَاللَّهُ مَوْلَاكُمْ وَهُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ﴾ بەڕاستی خوا بژاردنی سوێندەکانتان بەپێویست دادەنێ و، خواش گەورەو یارمەتیدەرتانەو، هەرئەویش زاناو دانایە.﴿ وَإِذْ أَسَرَّ النَّبِيُّ إِلَى بَعْضِ أَزْوَاجِهِ حَدِيثًا ﴾ کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) قسەیەکی لای هەندێ لەژنەکانی واتە: (حفصة) باسکرد ﴿ فَلَمَّا نَبَّأَتْ بِهِ﴾ کاتێك (حفصة) قسەکەی گەیاندە (عائشة) ﴿ وَأَظْهَرَهُ اللَّهُ عَلَيْهِ﴾ خوا پێغەمبەری لێ ئاگادار کردەوە ﴿ عَرَّفَ بَعْضَهُ وَأَعْرَضَ عَنْ بَعْضٍ ﴾ پێغەمبەریش (ﷺ) هەندێکی بۆ (حفصة) باس کردوو لەهەندێکیشی خۆی بێ ئاگا کرد

---

[128] **بڕوانە: تفسیر إبن كثير بتحقيق العلاّمة أحمد شاكر (٥٤٣/٣)**

﴿ فَلَمَّا نَبَّأَهَا بِهِ قَالَتْ مَنْ أَنْبَأَكَ هَذَا قَالَ نَبَّأَنِيَ الْعَلِيمُ الْخَبِيرُ ﴾ كاتێك گێڕایەوە بۆ (حفصة)، وتی کێ ئەمەی بۆ گێڕایتەوە !؟ فەرمووی:خوای زاناو بەئاگا ﴿ إِنْ تَتُوبَا إِلَى اللَّهِ فَقَدْ صَغَتْ قُلُوبُكُمَا﴾ ئەگەر
هەردووکتان پەشیمان ببنەوە،بەڕاستی دڵتان لایدابوو لەحەق ﴿ وَإِنْ تَظَاهَرَا عَلَيْهِ فَإِنَّ اللَّهَ هُوَ مَوْلَاهُ وَجِبْرِيلُ وَصَالِحُ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمَلَائِكَةُ بَعْدَ ذَلِكَ ظَهِيرٌ﴾ وەئەگەر پشتگیری یەکتر بکەن لەدژی پێغەمبەر، ئەوا خوا پشتیوانیەتی و هەروەها (جبريل)و بڕواداره چاکەکانیش و دوای ئەمانیش فریشتەکان پشتیوانن بۆی.[129]
هەروەها (عبدالله)ی کوڕی (عَبَّاس) دەڵێ: مَكَثْتُ سَنَةً وَأَنَا أُرِيدُ أَنْ أَسْأَلَ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ عَنْ آيَةٍ فَمَا أَسْتَطِيعُ أَنْ أَسْأَلَهُ هَيْبَةً لَهُ حَتَّى خَرَجَ حَاجًّا فَخَرَجْتُ مَعَهُ فَلَمَّا رَجَعَ فَكُنَّا بِبَعْضِ الطَّرِيقِ عَدَلَ إِلَى الْأَرَاكِ لِحَاجَةٍ لَهُ فَوَقَفْتُ لَهُ حَتَّى فَرَغَ ثُمَّ سِرْتُ مَعَهُ فَقُلْتُ يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ مَنْ اللَّتَانِ تَظَاهَرَتَا عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) مِنْ أَزْوَاجِهِ ؟
فَقَالَ: تِلْكَ حَفْصَةُ و عَائِشَةُ.[130]
واتە: ماوەی یەك ساڵ دەمویست پرسیار لە (عمر)ی کوڕی (الخطاب) بکەم لەبارەی ئایەتێکەوە کەچی نەمدەتوانی چونکە شەرمم لێ دەکرد، هەتا ڕۆژێك چوو بۆ حەج و منیش لەگەڵیدا ڕۆشتم، کاتێك گەڕاینەوە لەلای درەختێك لایدا بۆ پێویستی خۆی و منیش بەدیاریەوە وەستام تالێبوویەوە، پاشان لەگەڵیدا کەوتمە ڕێ و پێم وت: ئەی ئەمیری

---

[129] ئەمە ڕای یەکەمە، ڕای دووەمیش لە ژیانی (زینب)ی کچی (جحش)دا خوای لێ ڕازی بێ باسی دەکەین.

[130] البخاري: ٢٢٨٨ و مسلم: ٢٧٠٥.

ئیمانداران، ئەو دوو خێزانەی پێغەمبەر (ﷺ) کێبوون کەپشتگیری یەکتریان کرد لەبەرامبەر پێغەمبەردا (ﷺ)؟

وتی: (حَفْصَة)و (عائشة) بوون.

٥- ئافرەتێکی خوێندەوار بوو.

عن الشفاء بنت عبدالله قالت: دخل رسول (ﷺ) الله وأنا عند حفصة فقال ألا تعلّمين هذه رقية النملة كما علمتيها الكتابة.[١٣١]

واتە: (الشفاء)ی کچی (عبدالله) وتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتەوە من لەلای (حفصة) بووم پێی فەرمووم:

بۆ ئەمە (واتە: حفصة) فێری نوشتەی (النَّمْلَة)[١٣٢] ناکەی هەر وەك چۆن فێری نوسینت کردووە.

سوود: لەناوخیزانەکانی پێغەمبەردا (ﷺ) سیانیان خوێندەواربوون (حفصة)و (عائشةُ)و (أمُّ سلَمة) خوا لێ یان ڕازی بێ.

٦- پارێزەری (مُصحَف)ەکەی (أبوبکر) بوو.

---

[١٣١] رواه أحمد: ٢٥٨٤٧ وأبوداود: ٣٣٨٩ و النسائي: ٧٥٤٣ والطبراني في الكبير: ٢٠٦٢١.
بڕوانە: السلسلة الصحيحة للألباني: (١٩٣١).

[١٣٢] نوشتەی (النَّمِلَة): قسەیەك بووە لەناو ژنانی عەرەبدا باوبووە و سوود و زیانی نە گەیاندووە، بە بووکیان وتووە لەکاتی گواستنەوەیدا: (تَحْتَفِل وَتَخْتَضِب وَتَكْتَحِل وَكُلّ شَيْء يُفْتَعَل غَيْر أَنْ لَا تَعْصِي الرَّجُل). واتە: ئاهەنگ دەگێڕێ و خەنەو وسمە ئەدا لە قژی و چاوی کل دەکات وهەموو شتێك دەکات جگە لە سەرپێچی کردنی پیاو)، پێغەمبەر (ﷺ) مەبەستی ئەوە بووە کە ئەم قسەیە ببێتە پەند و ئامۆژگاری بۆ (حَفْصَة) چونکە نهێنییەکی پێغەمبەری (ﷺ) درکاندبوو.
بڕوانە: عون المعبود (٨/٤١٣).

عن زَيْدَ بْنَ ثَابِتٍ الْأَنْصَارِيَّ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ : كانت الصحف التي جمع فيها القرآن عند أبي بكر حتى توفاه الله ، ثم عند عمر حتى توفاه الله ، ثم عند حفصة بنت عمر.[١٣٣]

فأرسل عثمان إلى حفصة أن أرسلي إلينا بالصحف ننسخها في المصاحف ثم نردها إليك ثم ردها إليها.[١٣٤]

واته: (زيد)ی کوڕی (ثَابِت)ی (الْأَنْصَارِي) خوای لێ ڕازی بێ دەڵێ: ئەو لاپەڕانەی قوڕئانی تێدا نوسرایەوە لای (أبو بكر) بوو هەتا وەکو کۆچی دوایی کرد، پاشان لای (عمر) بوو تا ئەویش کۆچی دوایی کرد ،پاشان کەوتە لای (حفصة)ی کچی (عمر)، ئینجا (عثمان) دەنێرێ بۆلای (حفصة) پێی دەڵێ: بۆمان بنێرە بالەبەری بنووسینەوە،پاشان بۆت دەگەڕێنینەوە، دوایی بۆی دەگەڕێنێتەوە.

وەهەر لەلای دەمێنێتەوە تا (مروان)ی کوڕی (الحكم) دەنێرێ بەشوێنیدا بەلأم (حفصة) ڕازی نابێ و نایداتە دەستی، بەلأم کاتێك (حفصة) کۆچی دوایی دەکات (مروان) پاش گەڕانەوەیان لە ناشتنی، دەنێرێ بە شوێنیدا بۆ لای (عبدالله)ی برای، ئەویش پێی دەدا، ئینجا (مروان) ئەیدڕێنێ و دەڵێ: بۆیە ئەمەم کرد چونکە ئەوەی تێیدا بووە نووسراوەتەوە، ترسام لەداهاتوودا لە سەر ئەم (مصحف)ە گومانداریێك گومانی بۆدروست ببێ، یان بڵێت: هەندێکی لێ نەنوسراوەتەوە.[١٣٥]

٧- بەسۆزو بەزەیی بوو.

---

[١٣٣] رواه البخاري: ٤٣١١

[١٣٤] صحيح مشكاة المصابيح للألباني برقم: ٢٢٢١

[١٣٥] جمع القرآن الكريم حفظا وكتابة، للدكتور: علي سليمان العبيد ص ٥٣.

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ أَنَّ حَفْصَةَ بَكَتْ عَلَى عُمَرَ فَقَالَ مَهْلًا يَا بُنَيَّةُ أَلَمْ تَعْلَمِي أَنّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ إِنَّ الْمَيِّتَ يُعَذَّبُ بِبُكَاءِ أَهْلِهِ عَلَيْهِ.[١٣٦]

(عبدالله)ی کوڕی (عمر) دەڵێت (حفصة) گریا بۆ (عمر) ئەویش وتی ئایا نازانی کەپێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: مردوو سزا دەدرێ بەهۆی گریانی کەس وکاری بۆی.[١٣٧]

٨- ماڵ (حجرة)ەکەی دەبەخشێ بەمزگەوت.

کاتێك (عثمان)ی کوڕی (عفان) بۆ یەکەمین جار مزگەوتەکەی (مدینة) گەورە دەکات، پێویستی بەماڵەکەی (حفصة) دەبێت، ئەویش دەڵێ: ئەی چۆن بچم بۆمزگەوت ؟

(عثمان)یش دەڵێت: لەماڵەکەی خۆت فراوانترت ئەدەینێ و ڕێگەی مزگەوتیشت بۆچاك دەکەین، ئینجا ماڵەکەی (عبیدالله)ی کوڕی (عمر)ی کوڕی (الخطّاب)ی دەدەنێ.[١٣٨]

٩- بەشداری ڕووداوی (صفّین) ناکات.

دایکە (حفصة) خۆی ئامادە دەکات کە لە گەڵ (عائشة)دا بچێت بۆ (بصرة) بەلاّم دوایی پەشیمان دەبێتەوە و بەشداری ڕووداوی (صفّین) ناکات.

ژمارەی ئەو فەرموودانەی گێڕاویەتیەوە

---

[١٣٦] رواه مسلم: ١٥٣٦

[١٣٧] زانایان لە ڕاڤەی ئەم فەرموودەیەدا دەڵێن: ئەگەر لەدونیادا بەکەس و کاری وتبێ بۆم بگرین.

[١٣٨] خلاصة الوفا بأخبار دار المصطفى للسمهودي: (١٢٩/١)

(٦٠) فەرموودەی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە، چواریان (متفق علیه)یە (٦)یان لە (صحیح مسلم)دایە.

کۆچی دوایی (حفصة)

لەمانگی (شعبان)ی ساڵی (٤٥)ی کۆچی لەتەمەنی (٦٠) ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات لەسەر ڕای زۆرینە (جمهور)، (مروان)ی کوڕی (الحکم) نوێژی لەسەر دەکات و (أبو هريرة) دەیبات بۆ گۆڕستانی (البقیع)و لەوێ دەینێژێت.

دایکی ئیمانداران (زینب)ی کچی (خزیمة) خوای لێ ڕازیبێت [139]

[139] الإصابة: (١٢/١٧٤– ١٧٥)، تأريخ الإسلام: (١/٢٢٩)، البداية والنهاية: (٤/١٠٣)، تفسير القرطبي: (١٤/١٦٦)، أسد الغابة: (٧/١٤٢– ١٤٣).

ناوی (زینب)ی کچی (خزیمة)ی کوڕی (الحارث)ی کوڕی (عبد اللە)ی کوڕی (عمرو)ی کوڕی (عبد مناف)ی کوڕی (هلال)ی کوڕی (عامر)ی کوڕی (صعصعة العامري)یە.

لەسەر دەمی نەفامیدا بە دایکی هەژاران (أم المساكين) ناسراوبوو، چونکە هەمیشە خواردنی بە هەژاران داوەو چاکەی لەگەڵ کردوون.

پێشتر خێزانی (عبد اللە)ی کوڕی (جحش) بووە لە غەزای (أُحد)دا شەهید کرا.

هەندێکی تر لەزانایان دەڵێن: خێزانی(الطفیل)ی کوڕی (الحارث)ی کوڕی (عبد المطلب)ی کوڕی (عبد مناف)ە، تەڵاقی دەدات و پاشان براکەی (عبیدة)ی کوڕی (الحارث) خوازبێنی دەکات و، لە غەزای (أُحد)دا شەهید دەبێت، پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەمانگی ڕەمەزانی ساڵی ٣ك (٣٠مانگ دوای کۆچکردن) خوازبێنی دەکات.

(أمّ المساكين) خوشکی (میمونة)ی خێزانی پێغەمبەرە (ﷺ) لەدایکەوە.

کۆچی دوایی

(٢) مانگ یان (٣)مانگ هەندێکی تر دەڵێن (٨)مانگ لەلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەمێنێتەوە وپاشان هەر لە (مدینة) لە کۆتایی مانگی (ربیع الآخر)دا لە تەمەنی (٣٠)ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆی نوێژی لەسە ر دەکات و لە گۆڕستانی (البقیع) دەنێژرێت.

هیچ فەرموودەی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) نەگێڕاوەتەوە.

لەناو خێزانەکانی پێغەمبەردا (ﷺ) تەنها (زینب)و (خدیجة) خوایان لێ ڕازی بێت پێش خۆی کۆچی دواییان کردووە.

دایکی ئیمانداران (أمّ سَلَمَة) خوای لێ ڕازیبێت [140]

ناوی: (أم سلمة) (هند)ی کچی (أبو أمية)ی کوڕی (المغيرة)ی کوڕی (عبدالله)ی کوڕی (عمرو)ی کوڕی (مخزوم)ی (قرشي)یە.

باوکی بە (زاد الرّكب) ناسراوە، واتە: توێشوی کاروان چونکە زۆر بەخشندەبووە هەر کەسێك لەگەڵیدا سەفەری بکردایە پێویستی بە توێشوو نەدەبوو.

دایکیشی ناوی (عاتكة)ی کچی (عامر)ی کوڕی (ربيعة)ی کوڕی (مالك) ی (الكنانية)یە لە هۆزی (بني فراس).

هاوسەری یەکەمی (أم سلمة) ئامۆزایەکی خۆی بووە کەناوی (أبو سلمة)ی کوڕی (عبد الأسد)ی کوڕی (المغيرة)یە، کوڕی پوری پێغەمبەری خوایە (ﷺ)، واتە: کوڕی (برّة)ی کچی (عبد المطلب)ە، هەروەها برای شیری پێغەمبەری خوایشە (ﷺ) چونکە هەردووکیان شیری (ثويبة)ی کەنیزەکی (أبو لهب)یان خواردووە.

(أم سلمة) چوار منداڵی لە(أبو سلمة) بووە: (عمر، سلمة، زينب، دُرَّة) جگە لە(دُرَّة) ئەوانی تر لەهاوەڵانن خوایان لێ ڕازی بێ.

ئەم دوو هاوسەرە کۆچ دەکەن بۆ (حبشة)و لەوێ خوای گەورە (سلمة) یان پێدەبەخشێ و دواتر دەگەڕێنەوە بۆ (مكة).

---

[140] **الإصابة: (١٢/٣٧٣- ٣٧٥)، الاستيعاب: (٢/١٢٩،١٢٥)، البداية والنهاية: (٤/١٠٤- ١٠٥)، سير أعلام النبلاء: (٢/٢٠١-٢١٠).**

کۆچکردن بۆ (مدینة)

(أم سلمة) دەڵێ: (أبو سلمة) بڕیاری دا کە کۆچکەین بۆ (مدینة)، وشترەکەی هێناو من و(سلمة)ی کوڕمی سوار کردو خۆشی لە پێشیەوە ڕۆیی و جڵەوی وشترەکەی گرت، کاتێك پیاوانی (بنو المغیرة) دیتیان هاتن، وتیان: هەقمان بەسەر خۆتەوە نییە بەڵام ژنەکەت کەسی ئێمەیە و ڕێگە نادەین لەگەڵ خۆت بیبەی، جڵەوی وشترەکەیان لەدەست سەندو من و (سلمة)یان لەگەڵ خۆیان گەڕاندەوە.

پاشان خێلی (عبدالأسد) کە کەسی (أبو سلمة) بوون تووڕەیی گرتنی و هاتن، وتیان: سوێند بەخوا نایەڵین ئەم منالەش لەلای دایکی بمێنێتەوە، هەردوولایان (سلمة)یان ڕادەکێشا تاوەکو دەستێکیان لە بن دەرهێناو لەئەنجامدا خێڵی (عبد الأسد) بردیان بۆ لای خۆیان.

خێڵی (بنو المغیرة)ش منیان لای خۆیان هێشتەوەو (أبو سلمة)ی هاوسەریشم ڕۆشت بۆ (مدینة)، منیش زۆر خەمباربووم هەموو بەیانیانێك دەهاتمە (الأبطح)[١٤١] لەوێ تائێوارە دەگریام، حەوت ڕۆژم بەم شێوەیە بەسەربرد، تاوەکو ڕۆژێکیان یەکێك لە ئامۆزاکانم بەلامدا تێپەڕی وفرمێسکی بە چاومەوە بینی، پاشان ڕۆشت بۆ لای خێڵی (بنو المغیرة)و، پێی وتن: ئەم ئافرەتە هەژارە بۆ ئازاد ناکەن ؟ خۆی و مێردەکەیی و کوڕەکەیتان لەیەك جیاکردۆتەوە ؟!

ئەوەبوو هاتن بۆ لام و پێیان وتم: ئەگەر دەتەوێ کۆچ بکە بۆلای مێردەکەت، ئینجا خێڵی (عبد الأسد)یش کوڕەکەیان بۆ هێنامەوە،

---

[١٤١] ناوی شوێنێکە لە (مکة).

منیش سواری وشترەکەم بووم و کوڕەکەم لەباوەش گرت و، بەشوێن مێردەکەمدا بەرەو (مدینة) بەتەنها بەڕێکەوتم، لەڕێگادا بەهەرکەس دەگەشتم گوێم پێنەئەداو بەلایدا تێدەپەڕیم، تاوەکو گە شتمە (التنعیم)[١٤٢] لەویٰ (عثمان)[١٤٣]ی کوڕی(طلحة)م بینی، وتی: بۆ کویٰ کچەکەی (أبو أمیّة) ؟

وتم: بەرەو (مدینة) بۆ لای مێردەکەم.

وتی: کەست لەگەڵە ؟

وتم: نەبەخوا، جگە لەخواو کوڕەکەم.

وتی: سوێند بەخوا بەتەنها بەجێت ناهێڵم!

جڵەوی وشترەکەی گرت و خۆشی لە پێشیەوە ڕۆیی، سوێند بەخوا لەناو عەرەبدا هیچ پیاوێکم نەناسیوە لەو بەڕێزتر، لەکاتی دابەزین دا وشترەکەی یخ ئەداو دووردەکەوتەوەو لەبن درەختێکدا ڕادەکشا، کەکاتی ڕۆشتن نزیك دەبوویەوە هەڵدەستا وشترەکەمی ئامادە دەکردوو دیسان دووردەکەوتەوەو دەیوت سەرکەوە، کاتێك سوار دەبووم و ئامادە دەبووم دەهاتەوە جڵەوی وشترەکەمی دەگرت و بە ڕێدەکەوت، بەردەوام وای دەکرد تاوەکو گەشتینە لادێی (بنی عمرو)ی کوڕی (عوف) لە(قباء)، ئینجا وتی: مێردەکەت لەم لادێیە.

دەڵێن: لەناو ئافرەتاندا یەکەمین کەس بووە کۆچ بکا بۆ (حبشة)و پاشان بۆ (مدینة).

---

[١٤٢] ئەمیش ناوی شوێنێکە لەنێوان (مکة)و (سَرِف) نزیکەی (١١) کم لە(مکة)وە دوورە.

[١٤٣] (عثمان)ی کوڕی (طلحة) دوای ڕوداوی (حدیبیة) لەگەڵ (خالد)ی کوڕی (الولید) موسڵمان دەبێت و پێکەوە کۆچ دەکەن بۆ (مدینة)، لەدوای ڕزگارکردنی (مکة)ش پێغەمبەری خوا (ﷺ) کلیلەکانی (کعبة)ی بۆدەگەڕێنێتەوە.

وتراویشه: (لیلی)ی ژنی (عامر)ی کوڕی (ربیعة) پێشتر کۆچی کردووه. [144]

(أبو سلمة) بەشداری هەردوو جەنگی (بدر)و(أحد) دەکاو لەدووەمیاندا بریندار دەبێ و، بۆماوەی مانگێك برینەکەی تیمار دەکات و ئەندازەیەك چاك دەبێتەوە، پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیکاتە سەرکردەی سریەیەکی سەدو پەنجا کەسی و ئەدا بەسەر خێڵی (بنو أسد)داو دەستکەوتێکی باشی دێنێ و دەگەڕێتەوە بۆ (مدینة)، پاش حەڤدە ڕۆژ برینەکەی سەر هەڵدەداتەوەو لەکۆتایی مانگی (جمادي الاولى)ی ساڵی(٤ك) کۆچی دوایی دەکات. [145]

خوازبێنی کردنی لە ساڵی (٤)ی کۆچیدا

ڕۆژێکیان (أم سلمة) وتی بە (أبوسلمة): بیستوومە هەر ژنێك مێردەکەی بمرێ ئەگەر بەهەشتی بێت، پاشان ژنەکەی شوو نەکاتەوە، خوای گەورە هەردووکیان لەبەهەشتدا کۆدەکاتەوە.

دەی وەرە بەڵێنم بدەرێ تۆ لەدوای من ژن نەهێنی منیش لە دوای تۆ شوو نەکەم.

(أبوسلمة) وتی: جا بە گوێم دەکەی ؟ وتی: بەڵێ.

وتی: ئەگەر من مردم تۆ شوو بکە، خوایە لەدوای من پیاوێك ببەخشە

---

[144] رواه إبن إسحاق، بڕوانە: الإصابة: (٤ /٩٥)، البداية والنهاية: (٢٠٨/٣).

[145] البداية و النهاية: (١٠٤/٤).

به (أم سلمة) له من باشتر بیٚ بۆی، خەمباری نەکات و ئازاری نەدا.[146]
(أُمُّ سَلَمَةَ) دەڵیٚ: بیستومە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو: (هەر موسڵمانێك كارەساتێكی توش ببیٚ و ئەوەی خوا فەرمانی پێكردووە بیڵێت: (﴿إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ﴾ اللَّهُمَّ أْجُرْنِي فِي مُصِيبَتِي وَأَخْلِفْ لِي خَيْرًا مِنْهَا إِلَّا أَخْلَفَ اللَّهُ لَهُ خَيْرًا مِنْهَا).

واتە: (ئێمە هی خواین و بۆ لای ئەویش دەگەڕێینەوە خوایە پاداشتم بدەرەوە لەسەر ئەو بەڵایەی تووشم بووە، چاكترم پێبەخشە لەوەی لێت سەندووم) خوای گەورە پاداشتی دەداتەوە بەباشتر لەوەی کەلێی سەندۆتەوە، (أُمُّ سَلَمَةَ) دەڵیٚ: كاتیٚ (أَبوسَلَمَة) كۆچی دوایی كرد، منیش ئەم دوعایەم كرد، ئیتر ئەوە بوو خوای گەورە لەو چاكتری پێبەخشیم كە پێغەمبەری خوا بوو (ﷺ).

هەروەها دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) (حَاطِب)ی كوڕی (أَبِي بَلْتَعَة)ی نارد بۆ خوازبێنیم، منیش وتم: من كچێكم هەیەو ژنێكیشم بەرامبەر بەپیاو غیرەت زۆردەبەم.

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: أَمَّا ابْنَتُهَا فَنَدْعُو اللَّهَ أَنْ يُغْنِيَهَا عَنْهَا وَأَدْعُو اللَّهَ أَنْ يَذْهَبَ بِالْغَيْرَةِ)[147]

سەبارەت بەكچەكەی دوعای بۆدەكەین كەخوا بێنیازی بكا لەدایكی و، داواش لەخوا دەكەم ئەوغیرەتەی لاببا.

---

[146] أخرجه ابن سعد في الطبقات: (٨ / ٨٨)، قال شعيب الأرنؤوط في تحقيقه لسير أعلام النبلاء (٢٠٣/٢): ورجاله ثقات. وذكره إبن حجر في الإصابة: (٧١/٤).

[147] رواه مسلم: (١٥٢٥).

ئینجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیخوازێت و پێی دەفەرموێ: (أما إنِّي لا أنقصك مما أعطيت فلانة رحيين وجرتين ووسادة من أدم حشوها ليف)[١٤٨]

(لەوە کەمترت پێنادەم کەبە فلأنە خێزانم داوە، واتە: (زينب)ی کچی (خزيمة) کە دوو دەستاڕو دووگۆزەو ڕاخەرێك لەپێستی خۆشەکراو کەناوئاخنەکەی لەڕیشاڵی دارخوورما بووە.

کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیویست بچێتە لای (أُمُّ سَلَمَة)، (زينب)ی دەخستە باوەشی و شیری دەدایە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) زۆر شەرمن و بەڕێزبوو شەرمی دەکرد، چەند جارێك بەو شێوەیە دەگەڕایەوە، تاوەکو (عمار)ی کوڕی (ياسر) هەستی بەم کارەی (أم سلمة) کرد، ئەوەبوو ڕۆژێکیان (عمار) پێش هاتنی پێغەمبەر (ﷺ) دەچێت بۆلای (أُمُّ سَلَمَة) مناڵەکە لەباوەشی دەردێنێ و پێی دەڵێ: واز لەم سووری ناشیرینە بێنە کە ئازاری پێغەمبەری خوات (ﷺ) پێداوە، ئەنجا پێغەمبەر (ﷺ) کەدێتەوە، چاوی بەماڵەکەدا دەگێڕاو دەیفەرموو: (أين زناب ؟ ما فعلت زناب ؟)

کوا زناب ؟ چیکرد زناب ؟ وتی: (عمار) هات و بردی، ئەنجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) گواستیەوە.

پاشان سێ شەو لەلای مایەوە و فەرمووی: (إِنَّهُ لَيْسَ بِكِ عَلَى أَهْلِكِ

---

[١٤٨] **قال شعيب الأرنؤوط وطائفة من المحققين: أخرجه ابن سعد: (٨/٩٠) وأحمد: (٦/ ٣١٣، ٣١٤، ٣١٧)، والنسائي: (٦/ ٨١، ٨٢)، وإسناده صحيح كما قال الحافظ إبن حجر في الإصابة: (١٣/ ٢٢٣)، وصححه ابن حبان: (١٢٨٢) والحاكم: (٤/١٧)، و وافقه الذهبي.**

هَوَانٌ إِنْ شِئْتِ سَبَّعْتُ لَكِ وَإِنْ سَبَّعْتُ لَكِ سَبَّعْتُ لِنِسَائِي)[149]
تۆ لای مێردەکەت کەم نرخ نیت، ئەگەر دەتەوێ بۆت دەکەم بە حەوت شەو، ئەگەر بۆ تۆم کرد بەحەوت شەو بۆ ژنەکانی تریش دەیکەم بەحەوت.

تێبینی: (إبن كثير) رەحمەتی خوای لێبێ دەڵێ: (سلمة)ی کوڕە گەورەی (أم سلمة) دایکی مارەکرد لەپێغەمبەر (ﷺ)، هەندێ لە زانایان بەهەڵەدا چوون کەدەڵێن (عمر)ی کوڕی بووە، چونکە ئەو منالْ بووە وشایستەی ئەم کارە نەبووە.[150]

بابەتێکی فیقهی:

بەتێکڕای دەنگی زانایان کوڕ دەتوانێ ببێتە سەرپەرشتیاری دایکی لەکاتی مارەبڕینیدا، ئەگەر:

- پە یوەندیەکی خزمایەتی لەگەڵدا هەبێت، وەك (سلمة) کەباوکی ئامۆزای دایکێتی.
- کوڕەکە دادوەر (حاکم)بێت.

بەلاّم ئەگەر تەنها کوڕی بێت لەلای پێشەوا (شافعي) ڕەحمەتی خوای لێبێت دروست نیەو، لای هەر سێ پێشەوا (أبو حنيفة)و (مالك)و (أحمد) ڕەحمەتی خوایان لێبێت دروستە.[151]

---

[149] رواه مسلم: (٢٦٥٠)
[150] بڕوانە: البداية والنهاية: (١٠٤/٤) .
[151] سەرچاوەی پێشوو.

پلەو پایەو سەروەریەکانی

١- (أُمُّ سَلَمَة) (جبريل) لەشێوەی (دِحْيَةُ الكلبيّ)دا دەبینێ.

قَالَ سلمان: ‌أُنْبِئْتُ أَنَّ جِبْرِيلَ عَلَيْهِ السَّلَام أَتَى نَبِيَّ اللَّهِ (ﷺ) وَعِنْدَهُ أُمُّ سَلَمَةَ قَالَ فَجَعَلَ يَتَحَدَّثُ ثُمَّ قَامَ فَقَالَ نَبِيُّ اللَّهِ (ﷺ) لِأُمِّ سَلَمَةَ مَنْ هَذَا أَوْ كَمَا قَالَ قَالَتْ هَذَا دِحْيَةُ قَالَ فَقَالَتْ أُمُّ سَلَمَةَ ايْمُ اللَّهِ مَا حَسِبْتُهُ إِلَّا إِيَّاهُ حَتَّى سَمِعْتُ خُطْبَةَ نَبِيِّ اللَّهِ (ﷺ) يُخْبِرُ خَبَرَنَا.[١٥٢]

واتە: (سلمان) دەڵێ: هەواڵم پێدراوە کە (جبريل) هاتوەتە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ)، لەکاتێکدا (أُمُّ سَلَمَة)ی لابوو، قسەی لەگەڵ کردوەو پاشان هەستا.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە (أُمُّ سَلَمَة)ی فەرموو: (ئەوە کێ بوو ؟) وتی: (دِحْيَةُ الكلبيّ) بوو، (راوی فەرموودەکە) دەڵێ: (أُمُّ سَلَمَة) وتی: سوێند بەخوا جگە لەئەو بەکەسی کە تێنەگەشتم، هەتا گوێم لە وتارەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بو ئەم هەواڵەی گێڕایەوە.

٢- (أُمُّ سَلَمَة) ئافرەتێکی ژیرو دانابوو.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە مانگی (ذي القعدة)ی ساڵی (٦ك) کۆچیدا خۆی و(أُمُّ سَلَمَة)ی خێزانی و(١٤٠٠ - ١٥٠٠) کەس لەهاوەڵانی بەرەو (مكة) دەکەونە ڕێ بەمەبەستی جێبەجێکردنی (عُمرة)، کاتێك دەگاتە (ذي الحليفة) بەرگی ئیحرام دەپۆشێت، بەڵام (قريش) ڕێگەی

---

[١٥٢] رواه مسلم: ٤٤٨٩

ئەنجامدانی (عُمرة)ی پێنادەن، لە ئەنجامدا پەیمانی (حُدیبیة) لەنێوان هەردوولادا ئیمزا دەکرێت، لە یەکێك لە خاڵەکانی ئەو ڕێکەوتننامەیەدا هاتووە کە موسڵمانان ئەمساڵ نەچنە ناو (مكة)، بەڵام ساڵی داهاتوو بۆیان هەیە تا (٣) ڕۆژ لەناو (مكة)دا بمێننەوە جا کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەنووسینی پەیمانەکە بووەوە، فەرمووی بەهاوەڵانی:

(قُومُوا فَانْحَرُوا ثُمَّ احْلِقُوا) واتە: (هەستن قوربانی بکەن و پاشان سەرتان بتاشن) بەڵام کەس هەڵنەسا، سێ جار ئەم قسەیە دووبارە دەکاتەوە بەڵام هەر هەڵناسن، کەکەس هەڵنەسا ئەنجا ڕۆشتە ژوورەوە بۆ لای (أُمُّ سَلَمَة)و بۆی باسکرد کەلەو خەڵکەوە چی پێگەشتووە،

(أُمُّ سَلَمَة) وتی: يَا نَبِيَّ اللَّهِ (ﷺ) أَتُحِبُّ ذَلِكَ اخْرُجْ ثُمَّ لَا تُكَلِّمْ أَحَدًا مِنْهُمْ كَلِمَةً حَتَّى تَنْحَرَ بُدْنَكَ وَتَدْعُوَ حَالِقَكَ فَيَحْلِقَكَ.

واتە: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) حەزدەکەی ئەوکارە ئەنجامدەن؟ بچۆ دەرەوەو لەگەڵ کەسیان قسە مەکە تاقوربانیەکەی خۆت سەردەبڕیت، ئەنجاسەرتاشەکەت بانگ بکە باسەرت بۆ بتاشێ.

(أُمُّ سَلَمَةَ) دەڵێ: فَخَرَجَ فَلَمْ يُكَلِّمْ أَحَدًا مِنْهُمْ حَتَّى فَعَلَ ذَلِكَ نَحَرَ بُدْنَهُ وَدَعَا حَالِقَهُ فَحَلَقَهُ فَلَمَّا رَأَوْا ذَلِكَ قَامُوا فَنَحَرُوا وَجَعَلَ بَعْضُهُمْ يَحْلِقُ بَعْضًا حَتَّى كَادَ بَعْضُهُمْ يَقْتُلُ بَعْضًا غَمًّا. [١٥٣]

واتە: چووە دەرەوە قسەی لەگەڵ کەسیان نەکرد تا ئەو کارەی کرد، قوربانیەکەی کردو سەرتاشەکەی بانگکرد سەری تاشی، کاتێك ئەوەیان بینی هەموویان هەستان قوربانییان کردو دەستیان کرد بەتاشینی سەری یەکتری، خەریکبوو لەداخ و پەژارەدا یەکتر بکوژن.

---

[١٥٣] رواه البخاري: ٢٥٢٩

٣- لەماڵی (أُمَّ سَلَمَةَ)دا ئایەت دێتە خوارەوە:

تَذْكُر أُمَّ سَلَمَةَ أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) كَانَ فِي بَيْتِهَا فَأَتَتْهُ فَاطِمَةُ بِبُرْمَةٍ فِيهَا خَزِيرَةٌ فَدَخَلَتْ بِهَا عَلَيْهِ فَقَالَ لَهَا ادْعِي زَوْجَكِ وَابْنَيْكِ قَالَتْ فَجَاءَ عَلِيٌّ وَالْحُسَيْنُ وَالْحَسَنُ فَدَخَلُوا عَلَيْهِ فَجَلَسُوا يَأْكُلُونَ مِنْ تِلْكَ الْخَزِيرَةِ وَهُوَ عَلَى مَنَامَةٍ لَهُ عَلَى دُكَّانٍ تَحْتَهُ كِسَاءٌ لَهُ خَيْبَرِيٌّ قَالَتْ وَأَنَا أُصَلِّي فِي الْحُجْرَةِ فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ هَذِهِ الْآيَةَ :﴿إِنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيُذْهِبَ عَنْكُمْ الرِّجْسَ أَهْلَ الْبَيْتِ وَيُطَهِّرَكُمْ تَطْهِيرًا﴾ قَالَتْ فَأَخَذَ فَضْلَ الْكِسَاءِ فَغَشَّاهُمْ بِهِ ثُمَّ أَخْرَجَ يَدَهُ فَأَلْوَى بِهَا إِلَى السَّمَاءِ ثُمَّ قَالَ اللَّهُمَّ هَؤُلَاءِ أَهْلُ بَيْتِي وَخَاصَّتِي فَأَذْهِبْ عَنْهُمْ الرِّجْسَ وَطَهِّرْهُمْ تَطْهِيرًا اللَّهُمَّ هَؤُلَاءِ أَهْلُ بَيْتِي وَخَاصَّتِي فَأَذْهِبْ عَنْهُمْ الرِّجْسَ وَطَهِّرْهُمْ تَطْهِيرًا قَالَتْ فَأَدْخَلْتُ رَأْسِي الْبَيْتَ فَقُلْتُ وَأَنَا مَعَكُمْ يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ إِنَّكِ إِلَى خَيْرٍ إِنَّكِ إِلَى خَيْر.[١٥٤]

واتە: أُمَّ سَلَمَة دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) لەماڵی مندابوو، (فَاطِمَة) مەنجەڵێکی بۆ هێنا(خَزِيرَة)[١٥٥]ی تێدابوو، فەرمووی بڕۆ مێردەکەت و دوو کوڕەکەت بانگ بکە، (أُمَّ سَلَمَة) دەڵێ: (علِي)و (حُسَيْن)و (حَسَن) هاتنە ژوورەوە بۆ لای، ئەنجا دانیشتن و دەستیان کرد بەخواردنی (خَزِيرَة)ەکە، پێغەمبەریش (ﷺ) لەشوێنی نوستنیدا بوو کە سەکۆیەك بوو بەرگێکی (خَيْبَرِيّ) لە ژێردابوو، منیش لە ژوورەکەمدا نوێژم

---

[١٥٤] رواه أحمد: (٢٦٥٥١)، وقال شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح .

[١٥٥] (خزيرة): گۆشتی وردکراوە، کوڵێنراوە لە مەنجەڵێك ئاوداو پاشان کەمێك ئاردی پیا کراوە و خوراوە.

دەکرد، خوای گەورە ئەم ئایەتەی نارده خوارەوە، ﴿ إِنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيُذْهِبَ عَنْكُمْ الرِّجْسَ أَهْلَ الْبَيْتِ وَيُطَهِّرَكُمْ تَطْهِيرًا ﴾.

واتە: ﴿بەڕاستی خوا دەیەوێ چڵك و پیسی لەئێوە دوورخاتەوەوبە پاك و پوختی بتانهێلێتەوە ئەی کەس و کاری پێغەمبەر (ﷺ) ﴾

ئەنجا بە سووچێکی بەرگەکە دایپۆشین و پاشان دەستی هێنایە دەرەوە و بەرزی کردەوە بەرەو ئاسمان و فەرمووی (خوایە ئەمانە (أَهْلُ َالبيْت)و هەڵبژاردەی منن، چڵك و پەڵەیان لێدوورخەرەوەو، پاك وپوختیان کەرەوە، خوایە ئەمانە (أَهْلُ َالبيْت)و هەڵبژاردەی منن، چڵك و پەڵەیان لیْ دوور خەرەوەو، پاك و پوختیان کەرەوە)، (أُمَّ سَلَمَة) دەڵێ: منیش سەرم هێنایە ماڵەوەو، وتم :منیش لەگەڵتانم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، فەرمووی: تۆ بەرەو چاکە دەچی تۆ بەرەو چاکە دەچی)

٤- (أمّ سلمة) خەمخۆری پێغەمبەربووە (ﷺ).

عن سفينه قال :كنت عبداً مملوكا لأم سلمة فقالت: أعتقك وأشترط عليك أن تخدم رسول الله (ﷺ) فقلت: إن لم تشترطي علي ما فارقت رسول الله (ﷺ) ما عشت، فأعتقني واشترطت عليّ.

(سفينة) دەڵێ: من کۆیلەی (أم سلمة) بووم، وتی: ئازادت دەکەم بەو مەرجەی تاماوی خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بکەی.

منیش وتم: ئەگەر ئەو مەرجەشم لەسەر دانەنێیت من تاماوم پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەجێناهێڵم، ئەنجا ئازادی کردم ومەرجیشی لەسەر دانام.

٥- (أمّ سلمة)دوعایەکی گرنگ لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە.

قال شهر بن حوشب: قلت لأم سلمة: يا أمَّ المؤمنين ما كان أكثر دعاء رسول الله (ﷺ) إذا كان عندك ؟ قالت: كان أكثر دعائه: يا مقلب القلوب ثبت قلبي على دينك. قالت: فقلت: يا رسول الله ما لِأَكثرَ دعائك يا مقلب القلوب ثبت قلبي على دينك ؟ قال : يا أم سلمة إنه ليس آدمي إلا وقلبه بين أصبعين من أصابع الله، فمن شاء أقام، ومن شاء أزاغ.

فتلا معاذ: ﴿ربنا لا تزغ قلوبنا بعد إذ هديتنا﴾[١٥٦]

واتە: (شهر)ی کوڕی (حوشب) دەڵێ: وتم بە (أمُّ سلمة): ئەی دایکی ئیمانداران ئەو کاتانەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لای تۆ بوو، زۆرترین دوعای چی بوو ؟

وتی: زۆرترین دوعای: (ئەی ئەو کەسەی دڵەکان ئەم دیو دیو پێ دەکەی، دڵم لەسەر دینەکەت جێگیرو دامەزراو بکە).

(أمُّ سلمة) دەڵێ: منیش وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هۆی چییە زۆر ئەم دوعایە دەڵێیتەوە ؟

فەرمووی: (ئەی (أمُّ سلمة) هیچ مرۆڤێك نییە دڵی لەنێوان دوو پەنجە لە پەنجەکانی خوای گەورەدا نەبێت، بۆ هەرکەسێك ویستی هەبوو ڕایدەگرێ و بۆ هەرکەسێکیش ویستی هەبوو دەیگۆڕێ).

پاشان (مُعاذ) ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿ پەروەردگارمان دڵەکانمان لامەدە پاش ئەوەی ڕێت نیشان داوین﴾

---

[١٥٦] صحيح جامع الترمذي للألباني: (٢٧٩٢).

٦- (أمُّ سلمة) يارمەتیدەری هەژاران بووە.

عن أياس عن أم الحسين أنهاكانت عند أم سلمة فأتى مساكين فجعلوا يلحون وفيهم نساء فقلت :أخرجوا أو اخرجن فقالت أم سلمة: مابهذا أمرنا ياجارية ردّي كل واحد و واحدة، ولو بتمرةٍ تضعيها في يدها.[١٥٧]

واتە: إياس لە (أم الحسين)ەوە دەگێڕێتەوە، کاتێك لای (أمُّ سلمة) بووە، چەند هەژارێك هاتن و داوای یارمەتییان کرد، ئافرەتیشیان تێدابوو ، وتم: بڕۆنە دەرەوە!

(أمُّ سلمة) وتی: کچەکە بەم شێوەیە فەرمانمان پێنەکراوە، یەك یەك بانگیان کەرەوە، تەنانەت ئەگەر دەنکە خورمایەکیشت خستبێتە ناو دەستیان.

٧- (أم سلمة) خوێندەوار بووە.

عن ابن عبدالرحمن أن أم سلمة أخبرته: أنها لما قدمت المدينة أخبرتهم: أنها بنت أبي أمية، فكذبوها، حتى أنشأ ناس منهم الحج، فقالوا: أتكتبين إلى اهلك ؟ فكتبت معهم، فرجعوا، فصدقوها، وازدادت عليهم كرامة.[١٥٨]

واتە: عبدالرحمن دەڵێ (أم سلمة) بۆی گێڕاومەتەوە کاتێك چووەتە (مدينة) وتویەتی من کچی (أبو أميّة)م، ئەوانیش باوەڕیا پێ نەکرد، تا کۆمەڵێك خەڵك دەیان ویست بچن بۆ حەجکردن، دەڵێن بە (أم سلمة)

---

[١٥٧] رواه ابن عبد البر في الإستيعاب (٢/ ١٢٩)

[١٥٨] رواه ابن سعد في الطبقات: (٨/ ٩٣،٩٤)، وصحّح إسناده الأرنؤوط في سير أعلام النبلاء: (٢٠٦/٢).

نامه دەنووسی بۆ کەس و کارت ؟ ئەویش نامەیەك دەنووسیٚ، کاتێك دەگەڕێنەوە باوەڕی پێدەکەن و، بەڕێزتر دەبیٚ لەلایان.

٨- لێبوردەبوو.

عَنْ أَبِي الْمُتَوَكِّلِ عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ أَنَّهَا أَتَتْ بِطَعَامٍ فِي صَحْفَةٍ لَهَا إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَأَصْحَابِهِ فَجَاءَتْ عَائِشَةُ مُتَّزِرَةً بِكِسَاءٍ وَمَعَهَا فِهْرٌ فَفَلَقَتْ بِهِ الصَّحْفَةَ فَجَمَعَ النَّبِيُّ ﷺ بَيْنَ فِلْقَتَيْ الصَّحْفَةِ وَيَقُولُ كُلُوا غَارَتْ أُمُّكُمْ مَرَّتَيْنِ ثُمَّ أَخَذَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ صَحْفَةَ عَائِشَةَ فَبَعَثَ بِهَا إِلَى أُمِّ سَلَمَةَ وَأَعْطَى صَحْفَةَ أُمِّ سَلَمَةَ عَائِشَةَ.[١٥٩]

واتە: جارێکیان (أم سلمة) لە قاپێکدا خواردن بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ)و هاوەڵانی دێنێت (واتە: بۆ ماڵی (عائشة) (عائشة) هات – لەکاتێکدا پۆشاکێکی لەخۆی پێچابوو بەردێکیشی پیٚ بوو- بە بەردەکە قاپەکە دەکا بەدوو کەرتەوە، ئینجا پێغەمبەریش (ﷺ) هەردوو لەتە قاپەکە بەخواردنەکەوە بەرزدەکاتەوەو، دەیخاتە بەردەست هاوەڵانی و دووجار دەفەرموێت: بخۆن دایکتان غیرەت گرتی، پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) قاپێکی (عائشة) دەنێرێت بۆ (أم سلمة)و، دوولەتە قاپەکەی (أم سلمة) ش دەدات بە (عائشة).

٩- (أم سلمة) (حُسَين)ی زۆر خۆشویستووە.

عن شهر بن حوشب قال أنا لعند أم سلمة زوج النبي (ﷺ) قال فسمعت صارخة فأقبلت حتى انتهت إلى أم سلمة فقالت: قتل الحسين! قالت:

---

[١٥٩] رواه النسائي: ٣٨٩٤، وصححه الألباني في إرواء الغليل: (٥/ ٣٦٠)

قد فعلوها ملأ الله بيوتهم عليهم ناراً و وقعت مغشيّاً عليها وقمنا.[١٦٠]

واتە: (شهر)ی کوڕی (حوشب) وتی: لای (أم سلمة)ی خێزانی پێغەمبەر (ﷺ) بووین، ژنێك بە هاوارەوە هات تا گەشتە لای (أم سلمة) ئەنجا وتی: (حُسَین) کوژرا، (أم سلمة)ش وتی: ئەو کارەیانکرد خوا ماڵەکانیان بەسەریاندا پڕکا لەئاگر، پاشان کەوت و بورایەوە،ئێمەش هاتینە دەرەوە.

کۆچی دوایی

لەساڵی (٦١)ی کۆچی لەتەمەنی (٩٠) ساڵیدا لە (مدينة) کۆچی دوایی دەکات و هەردوو کوڕەکەی (عمر)و (سلَمة)و چەند کەسێکی تر لەخزمانی گۆڕیان بۆ ئامادە کردو لە گۆڕستانی (البقيع) ناشتیان. دوایین خێزانی پێغەمبەرە (ﷺ) کۆچی دوایی کردبێت.

ژمارەی ئەو فەرموودانەی گێڕاوێتیەوە:

(٣٧٨) فەرموودەی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە: متفق عليه (١٣) فەرموودە، البخاري (٣) فەرموودە، مسلم (١٣) فەرموودە.

---

[١٦٠] رواه ابن سعد، قاله أبن حجر العسقلاني في تهذيب التهذيب: (٢/٣٠٦-٣٠٧).

دایکی ئیمانداران (جویرية)ی کچی (الحارث) خوای لێ ڕازیبێت [161]

ناوی:(جويرية)ی کچی (الحارث)ی کوڕی (عائذ)ی کوڕی(مالك) کوڕی (جذيمة)یه.

خێزانی (مسافع)ی کوڕی (صفوان)ی (المصطلقي) بووە لەشەڕی (المريسيع)دا دەکوژرێ.

ئەم شەڕە لەساڵی (٦)ی کۆچیدا ڕوویدا، کاتێك هەواڵ گەیشت بە پێغەمبەر (ﷺ) کە گەورەی خێڵی (بني المصطلق) (حارث)ی کوڕی (أبي ضرار) خۆی و خێڵەکەی ئامادەکردووە بۆشەڕکردن لە گەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) پاش ئەوەی لە ڕاستی هەواڵە کە دڵنیابوو، هاوەڵانی کۆکردەوەو بەخێرایی بۆیان دەرچوو، کە گەیشتە ناوچەی (المريسيع)[162] ، شەڕ دەستی پێکرد، لەئەنجامدا بێ باوەڕان شکستیان هێنا، ئەوەی کوژرا کوژراو ژن ومناڵ و سامان و وشترو مەڕو ماڵاتیان کەوتە دەست موسڵمانان، وە یەکێك لە بە کۆیلە کراوەکان (جويرية)ی کچی (الحارث) بوو.

خوازبێنی کردنی (جويرية) لە ساڵی (٦ك)

عن عائشة قالت: لما قسم رسول الله (ﷺ) وسلم سبايا بني المصطلق، وقعت جوريرة بنت الحارث في السهم لثابت بن قيس بن شماس، أو لابن

---

[161] الإصابة: (٤٦٠/٣)، الإستيعاب: (٨٢/٢)، سير أعلام النبلاء: (٢٦٢/٢)، البداية والنهاية: (١٨١/٤– ١٨٢)، الأعلام للزركلي: (٢٤٨/٢).

[162] ناوی ئاوێکە لە ئاوەکانی ناوچەی (بني المصطلق).

عم له، فكاتبته على نفسها، وكانت امرأة حلوة ملاحة، لا يراها أحد إلا أخذت بنفسه، فأتت رسول الله (ﷺ) لتستعينه في كتابتها قالت: فوالله ما هو إلا أن رأيتها على باب حجرتي فكرهتها، وعرفت أنه سيرى منها ما رأيت.

فدخلت عليه فقالت: يا رسول الله أنا جويرية بنت الحارث بن أبي ضرار سيد قومه، وقد أصابني من البلاء ما لم يخف عليك، فوقعت في السهم لثابت بن قيس بن شماس، أو لابن عم له، فكاتبته على نفسي فجئتك أستعينك على كتابتي.

قال: فهل لك في خير من ذلك ؟ قالت: وما هو يا رسول الله قال: أقضي عنك كتابك وأتزوجك .

قالت: نعم يا رسول الله قد فعلت.

قالت: وخرج الخبر إلى الناس أن رسول الله (ﷺ) قد تزوج جويرية بنت الحارث. فقال الناس: أصهار رسول الله (ﷺ) فأرسلوا ما بأيديهم قالت: فلقد أعتق بتزويجه إياها مائة أهل بيت من بني المصطلق، فما أعلم امرأة أعظم بركة على قومها منها[١٦٣]

واته: (عائشة) دەڵێت: کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەنیزەکەکانی دابەش کرد، (جويرية)ی کچی (الحارث) کەوتە پشکی (ثابت)ی کوڕی (قيس)ی کوڕی (شماس) یان ئامۆزاکەی، (جويرية)ش خۆی (مكاتبة)[١٦٤]کرد لە

---

[١٦٣] صحيح مرسل: قاله الألباني في إرواء الغليل: رقم (١٢١٢)، وشعيب الأرنؤوط في تحقيقه لسير أعلام النبلاء: (٢/٢٦٢).

[١٦٤] واته: بوویە کۆیلە، بەڵام هەر کاتێك توانای هە بێ خۆی دەکڕێتەوەو ئازاد دەبێ.

(ثابت)، ئافرەتێکی جوان بوو، هەرکەسێك بیدیایە سەرنجی ڕادەکێشا، هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ ئەوەی لەڕزگاربوونی لەو(مكاتبة) یە هاوکاری بکا، سوێند بەخوا کە لەبەردەم دەرگای حوجرەکەم دا بینیم خۆشم نەویست، جونکە زانیم ئەوە دەبینیٚ لە(جويرية) کەمن بینیم.

هاتە ژوورەوە بۆلای، وتی ئەی پێعەمبەری خوا (ﷺ): من(جويرية)ی کچی(الحارث)ی کوڕی (أبي ضرار)م، گەورەی هۆزەکەی ، تووشی گرفتێك بووم کەلات شاراوە نیە، کەوتومەتە پشکی (ثابت)ی کوڕی (قیس)ی کوڕی (شماس)، خۆم (مكاتبة)ی ئەو کردووە، هاتووم داوای یارمەتیت لێدەکەم بۆ ئەو (مكاتبة)یە.

فەرمووی: ئەی لەوە باشترت ناویٚ ؟

وتی: کامەیە ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ؟

فەرمووی : پارەی (مكاتبة)کەت دەدەم و خوازبێنیت دەکەم.

وتی: بەڵیٚ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕاڕیم.

(عائشة دەڵیٚ): هەواڵ گەشتە خەڵکی کەپێغەمبەر (ﷺ) (جويرية)ی کچی(الحارث)ی خوازبێنی کردووە.

وتیان: خزمانی پێغەمبەر (ﷺ)! ئەوەی کۆیلە بوو بە دەستیانەوە ئازادیان کرد.

(عائشة) دەڵیٚ: بەهۆی ئەم خوازبێنیەوە سەد کەس لە (بني المصطلق) ئازادکرا، هیچ ئافرەتێك شك نابەم ئەوەندە خێرو بەرەکەتی هەبووبیٚ بۆ هۆزەکەی.

هەروەها (الشعبي)، دەڵێ: أعتق رسول الله (ﷺ) جويرية، واستنكحها، وجعل صداقها عتق كل مملوك من بني المصطلق.[165]
واته : پێغەمبەر (ﷺ) (جويرية)ى ئازادكردو خوازبێنى كردو، ئازاد كردنى هۆزەكەى بۆ كردە مارەيى.

پێغەمبەرى خوا (ﷺ) ناوى نا (جويرية)

عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ: كَانَتْ جُوَيْرِيَةُ اسْمُهَا بَرَّةُ فَحَوَّلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) اسْمَهَا جُوَيْرِيَةَ وَكَانَ يَكْرَهُ أَنْ يُقَالَ خَرَجَ مِنْ عِنْدَ بَرَّةَ.[166]
واته: (إبن عبّاس) دەڵێ: (جويرية) ناوى (بَرّة) بوو (واته: چاكه)، پێغەمبەرى خوا (ﷺ) ناوەكەى گۆڕى بە (جويرية)، چونكە پێى ناخۆش بوترێت: لەماڵى چاكە واتە (جويرية) ڕۆشتە دەرەوە.
عن أبي قلابة، قال: أتى والد جويرية فقال: إن بنتي لا يسبى مثلها، فأنا أكرم من ذلك، فقال النبي (ﷺ): أرأيت إن خيرناها.
فأتاها أبوها فقال: إن هذا الرجل قد خيرك، فلا تفضحينا، فقالت: فإني قد اخترته، قال: قد والله فضحتنا.[167]
(أبو قلابة) دەڵێ : باوكى(جويرية) هات،وتى: كە سێكى وەك كچى من چۆن بەكۆيلە دەكرێ ،من لەوە بەڕێزترم .
فەرمووى: ئەى ئەگەر سەرپشكمان كرد ؟

[165] إسناده صحيح مرسل: قاله شعيب الأرنؤوط في تحقيقه لسير أعلام النبلاء: (٢٦٢/٢)
[166] رواه مسلم: (٣٩٨٩)
[167] قال ابن حجر في تهذيب التهذيب (٣٥٨/١٢): إسناده صحيح مرسل، وكذلك الأرنؤوط: (٢٦٣/٢)

باوکی هات بۆلای، وتی: ئەم پیاوە سەرپشکی کردووی ئابڕوومان مەبە.

ئەویش وتی: پێغەمبەرم (ﷺ) هەڵبژاردووە.

وتی: سوێند بەخوا ئابڕووت بردین.

پلەو پایە و سەروەرییەکانی

١- ڕۆژووگربوو.

عَنْ أَبِي أَيُّوبَ عَنْ جُوَيْرِيَةَ بِنْتِ الْحَارِثِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا: أنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) دَخَلَ عَلَيْهَا يَوْمَ الْجُمُعَةِ وَهِيَ صَائِمَةٌ.

فَقَالَ أَصُمْتِ أَمْسِ ؟ قَالَتْ: لَا. قَالَ: تُرِيدِينَ أَنْ تَصُومِي غَدًا؟ قَالَتْ: لَا. قَالَ: فَأَفْطِرِي.[١٦٨]

واتە: (جويرية)ی کچی(الحارث) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) لەڕۆژی هەینی دا ڕۆشتەوە بۆ لای (جويرية) لە کاتێکدا (جويرية) بە ڕۆژوو بوو فەرمووی: دوێنێ بە ڕۆژوو بووی ؟ وتی: نەخێر، فەرمووی: ئەی بەیانی بە ڕۆژوو دەبیت ؟ وتی:نەخێر، فەرمووی: دەی ڕۆژووەکەت بشکێنە.

٢- هەمیشە خەریکی خواپەرستی بوو.

عن ابن عباس عَنْ جُوَيْرِيَةَ: أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) خَرَجَ مِنْ عِنْدِهَا بُكْرَةً حِينَ صَلَّى الصُّبْحَ وَهِيَ فِي مَسْجِدِهَا ثُمَّ رجَعَ بَعْدَ أَنْ أَضْحَى وَهِيَ جَالِسَةٌ فَقَالَ: مَا زِلْتِ عَلَى الْحَالِ الَّتِي فَارَقْتُكِ عَلَيْهَا قَالَتْ نَعَمْ قَالَ النَّبِيُّ (ﷺ) لَقَدْ قُلْتُ بَعْدَكِ أَرْبَعَ كَلِمَاتٍ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ لَوْ وُزِنَتْ بِمَا قُلْتِ مُنْذُ الْيَوْمِ لَوَزَنَتْهُنَّ سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ عَدَدَ خَلْقِهِ وَرِضَا نَفْسِهِ وَزِنَةَ عَرْشِهِ وَمِدَادَ كَلِمَاتِهِ.[١٦٩]

---

[١٦٨] رواه البخاري: ١٨٥٠.

[١٦٩] مسلم: ٤٩٠٥.

واتە: (جويرية) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) بەیانی زوو، دوای ئەوەی نوێژی کرد، لەلای (جويرية) چووە دەرەوە هێشتا ئەو لەجێ نوێژەکەیدابوو، لەکاتی چێشتەنگاودا گەڕایەوە (جويرية) هەر لەشوێنی خۆی دانیشتبوو، فەرمووی:هێشتا هەر لە سەر ئەو حاڵە ماوی کەمن بەجێم هێشتی؟

وتی:بەڵێ.

فەرمووی: من لەدوای تۆ چوار وشەم سێ جار دووبارە کردەوە، ئەگەر بکێشرێت لەگەڵ هەموو ئەوانەی کەتۆ ئەمڕۆ لەبەیانیەوە وتووتە هاوسەنگی هەموویان دەبێت: پاك و بێ گەردی و سوپاس و ستایش بۆ خوا بەئەندازە ژمارەی دروست کراوەکانی و، ڕەزامەندی خۆی و، کێشی عەرشەکەی و، مەرەکەبی وشەکانی.

٣- زۆر جار خواردن لەماڵیدا نەبووە.

(جُوَيْرِيَةَ) دەڵێت: ڕۆژێکیان پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەڕایەوە بۆ ماڵەوەو فەرمووی: هَلْ مِنْ طَعَامٍ ؟ (هیچ خواردنێك هەیە)؟ وتم: لَا إِلَّا عَظْمًا أُعْطِيَتْهُ مَوْلَاةٌ لَنَا مِنْ الصَّدَقَةِ قَالَ (ﷺ) فَقَرِّبِيهِ فَقَدْ بَلَغَتْ مَحِلَّهَا.[١٧٠]

واتە: نەخێر ئێسقانێکی خێر نەبێت کە درابوو بە کەنیزەکێکمان.

فەرمووی: بیهێنە گەشتووەتە شوێنی خۆی.

(لەڕووداوێکی تری هاوشێوەی ئەمەدا دەفەرموێت: (هو لها صدقة ولنا هدية[١٧١]

---

[١٧٠] رواه أحمد: (٢٧٤٦٠ و٢٧٤٦٤) وصححه الأرنؤوط.

[١٧١] البخاري: ١٣٩٨ ومسلم: ١٧٨٦.

واتە: بۆ ئەو (صدقة)یەو بۆ ئێمە خەڵاتە) چونکە کەنیزەکەکان بەخشیویانە بەخێزانەکانی.

کۆچی دوایی

لە ساڵی (٥٠)ی کۆچی دا، لەسەردەمی خیلافەتی (معاوية)، لە تەمەنی (٦٥) ساڵیدا لە(مدینة) کۆچی دوایی دەکات و(مروان)ی کوڕی (الحكم) نوێژی لەسەر دەکات و لەگۆڕستانی (البقیع) دەنێژرێت.

ژمارەی ئەو فەرموودانەی گێڕاوێتیەوە:

حەوت فەرموودەی گێڕاوەتەوە یەك فەرموودەیان لە (صحیح البخاري) و چواریشیان لە (صحیح مسلم)دایە .

دایکی ئیمانداران (زینب)ی کچی (جحش) خوای لیّ ڕازییبیّت [172]

ناوی: (زینب)ی کچی (جحش)ی کوڕی (رئاب)ی کوڕی (یعمر)ی کوڕی (صبیرة)ی کوڕی (مرة)ی کوڕی (کثیر)ی کوڕی (غنم)ی کوڕی (دودان) ی کوڕی (أسد)ی کوڕی (خزیمة)یە.

دایکی: ناوی (أمیمة)ی کچی (عبد المطلب)ی کوڕی (هاشم)ە، واتە (زینب) کچی پوری پێغەمبەرە (ﷺ).

پێشتر خێزانی (زید)ی کوڕی (حارثة)ی کوڕی (شراحیل)ی (الكعبي) بووە.

(زید)ی کوڕی (حارثة) خوای لیّ ڕازی بیّ چۆن بو بە کوڕی پێغەمبەر (ﷺ) ؟

(سعدی)ی دایکی (زید) لەسەردەمی نەفامیدا دەچێت بۆ (مكة) بە مەبەستی بەسەرکردنەوەی کەس و کاری، (زید)ی کوڕیشی لەگەڵدا دەبێت، لەکاتی گەشتنیان بۆ (مكة) شەڕێك بەر پا دەبێت لەنێوان خێڵی (بني القي)و (بني معن)دا، خێڵی (بني القي) بەسواری ئەسپەوە دەدەن بەسەر ماڵەکانی خێڵی (بني معن)داو (زید)یش کە لاوێکی تازە پێگەشتووە لەو ناوەدا دەبێت دەیڕفێنن، دوایی دەیبەنە بازاڕی (عکاظ) و لەویّ بەمەبەستی فرۆشتن دەیخەنە ڕوو، لەویّ (حکیم)ی کوڕی حزام)ی برازای (خدیجة) بە (٤٠٠ درهم) دەیکڕیّ و پێشکەشی (خدیجة)ی

---

[172] الإصابة: (١٦٩/١٢– ١٧٢)، الاستيعاب: (٩٧/٢– ٩٨)، سير أعلام النبلاء: (٢١١/٢– ٢١٨)، أسد الغابة: (١٣٨/٧– ١٤٠)، البداية والنهاية: (١٦٦/٤– ١٦٩).

دەكات، ئەویش دوای بوونی بە هاوسەری پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێشكەشی ئەوی دەكات.

پاشان (حارثة)ی باوكی (زید)و(عمر)و(قیس)ی مامی و(یزید) و (جبل)ی برای زۆر بەدوایدا دەگەڕێن بەڵام بێسوود دەبێت، باوكی داماوی بە شیعر خەم و پەژارەی خۆی دەردەبڕێ كە دەڵێ:

بكيتُ علــى زيدٍ وَ لم أدرِ ما فعلْ   أَحيٌّ فيُرجى أم أَتّي دونه الأَجلْ
أوصي به عمراً وقيساً كلاهما   و أوصي يزيداً ثم بعدهم جَبلْ

دوای ئەوە چەند كەسێك لە خێڵی (كلب) دێن بۆ حەجكردن لەوێ (زید) دەبیننەوەو یەكتر دەناسنەوە، لەكاتی گەڕانەوەیاندا پێیان دەڵێ ئەم چەند دێڕە شیعرە بگەیەننە كەس و كارم:

أحنّ إلي قومي وإن كنت نائياً   بأني قطين البيت عند المشاعــر
فكفوا من الوجد الذي قد شجاكم   ولا تعملوا في الأرض نص الأباعر
فإني بحمد الله في خير أسـرة   كرام معد كابراً بعد كابــــــر

ئەوانیش دەگەڕێنەوە و بە باوكی دەڵێن: كوڕەكەت بەكۆیلە كراوەو فرۆشراوەو ئێستە لای كەسێكە بەناوی محمد (ﷺ).

ئەنجا (حارثة)ی باوكیو (كعب)ی مامی چوون بۆ (مكة)، لەوێ هەواڵی پێغەمبەریان (ﷺ) پرسی، وتیان: لە (كعبة)یە، چوونە لای و پێیان وت: ئەی كوڕی (عبد المطلب)، ئەی كوڕی گەورەی خێڵەكەی خۆی، ئێوە خەڵكی حەرەمی خوان، ئێوە گیراو ئازاد دەكەن و خواردن بە دیل دەدەن، ئێمە هاتووینەتە لات بۆ كوڕەكەمان، كۆیلەكەت، ئەم

پیاوەتیەمان لە گەڵدا بکە و بەچاکە ئازادی کە، چیت دەوێ دەیخەینە خزمەتت.
فەرمووی: وما ذاك ؟ واتە: کوڕی ئێوە کێ یە ؟
وتیان: (زید)ی کوڕی (حارثة).
فەرمووی: (وغیر ذلك، ادعوه فخیروه فإن اختارکم فهو لکم بغیر فداء وإن اختارني فوالله ما أنا بالذي أختار علی من اختارني فداء)
واتە: هەرچی بێت، بانگی بکەن و سەرپشکی کەن، ئەگەر ئێوەی هەڵبژارد ئەوا بەبێ (فدیة) بیبەنەوەو، ئەگەر منیشی هەڵبژارد، سوێند بەخوا کەسێك من هەڵبژێرێ بە هیچ شتێك دەستبەرداری نابم.
وتیان: بەڕاستی داد پەروەری لەگەڵمان.
ئینجا بە(زید)ی فەرمووی: هل تعرف هؤلاء ؟ واتە: ئەوانە دەناسی ؟
وتی: بەڵێ، ئەوە باوکمەو ئەویش مامە.
فەرمووی: (فأنا من قد علمتَ وقد رأیتَ صحبتي لك فاخترني أو اخترهما)
واتە: منیشت ناسیوە و دەزانی هەڵسوکەوتم چۆنە بۆت، کەواتە یا من هەڵبژێرە یا ئەو دوانە.
وتی: من هیچ کەسێك بە سەرتۆدا هەڵنابژێرم، تۆ بۆ من لەجێگەی باوك ومامدای.
وتیان: تیاچیت، ژیانی کۆیلەیی هەڵدەبژێری بەسەر ژیانی ئازادی و باوك و مام و کەس و کاردا.
وتی: بەڵێ، بەڕاستی من شتێکم لەم پیاوە بەدیکردووە کەناتوانم هیچ کەسێکی بەسەردا هەڵبژێرم.

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) ئەم هەڵوێستەی لێبینی، (زید)ی بردە لای بەردە ڕەشەکەی (کعبة)و فەرمووی:

(اشهدوا أنّ زيداً ابني يرثني وأرثه). واتە: ئێوە شایەت بن کە (زید) کوڕی منە ومیراتم لێدەبات و میراتی لێدەبەم.

کاتێك باوك و مامی ئەمەیان بینی خۆشحاڵبوون و گەڕانەوە.

ئیتر لەو ڕۆژەوە بە (زید)ی کوڕی (محمد) ناودەبرا تاوەکو ئیسلام هات.[١٧٣]

دواتر پێغەمبەر (ﷺ) (أم أيمن) ی بۆ خوازبێنی دەکات و(أسامة)ی لێدەبێت، دوایی تەلاقی دەداو پاشان پێغەمبەر (ﷺ) (زینب)ی کچی (جحش)ی پورزای خۆی بۆ خوازبێنی دەکات.

(زینب) بۆ ماوەی ساڵێك لای (زید) دەمێنێتەوە، پاشان کێشە دەکەوێتە نێوانیان و (زید) دێت بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) سکاڵای خۆی دەکات، خوای پەروەردگاریش (جلّ جلاله) ئەم بەسەرهاتەمان بەم شێوەیە بۆ دەگێڕێتەوە:

﴿وَإِذْ تَقُولُ لِلَّذِي أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَأَنْعَمْتَ عَلَيْهِ﴾ ئەی پێغەمبەر (ﷺ) کاتێك بەو کەسەی (زید) کەخوا چاکەی لە گەڵ کرد بەهێنانی بەرەو ئیسلام، تۆش چاکەت لەگەڵ کرد بە پەروەردەکردنی و ئازاد کردنی لە کۆیلایەتی دەتوت:﴿ أَمْسِكْ عَلَيْكَ زَوْجَكَ وَاتَّقِ اللَّهَ ﴾ ژنی خۆت ڕاگرەو تەلاقی مەدەو لە خوا بترسە ﴿وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ مَا اللَّهُ مُبْدِيهِ﴾ شتێك لەدەرونتدا دەشاریتەوە کەخوا ئاشکرای دەکات، خوای گەورە

---

[١٧٣] بڕوانە: الإصابة: (٤/ ٣٧- ٣٨)، أسد الغابة: (٢/٣٣٦- ٣٣٧)، الإستيعاب: (١٦٢/١).

پێغەمبەری (ﷺ) ئاگادارکردبوو کە (زید) (زینب) تەڵاق دەداو تۆش دەبێ مارەی بکەی ﴿ وَتَخْشَى النَّاسَ وَاللَّهُ أَحَقُّ أَنْ تَخْشَاهُ ﴾ لە قسەی دوو ڕووەکان دەترسی کەبڵێن پێغەمبەر (ﷺ) ژنی کوڕەکەی خۆی مارە کردووە، (چونکە لای ئەوان ژنی بە کوڕکراو حەرام بوو مارەبکرێت) ﴿ فَلَمَّا قَضَى زَيْدٌ مِنْهَا وَطَرًا زَوَّجْنَاكَهَا ﴾ کاتێك (زید) بڕیاری دا کە تەڵاقی بدا، ئێمە لە تۆمان مارە کرد.

خوازبێنی کردنی (زینب)

(أَنس) دەڵێ: کاتێك زینب (عِدَّة)ی تەواو بوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە (زید)ی فەرموو: (أُذْكُرْهَا عَلَيَّ) واتە: بچۆ (زینب)م بۆ خوازبێنی بکە، ئەویش ڕۆشت بۆلای (زینب)، بینی هەویر دەشێلێ، دەڵێ: کاتێك کەبینیم ئەوەندە بەڕێز و گەورە هاتە پێش چاوم نەمتوانی سەیری کەم، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) خوازبێنی دەکات، پشتم لێکردو، وتم ئەی (زینب) پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناردوومی بۆ خوازبێنیت، ئەویش وتی: هیچ بڕیارێك نادەم تاوەکو نوێژی (إستخارة) نەکەم، ئەنجا هەستا نوێژی کردو، قوڕئان هاتە خوارەوە، ئەنجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆشتە لای بە بێ مارەبڕین.[١٧٤]

---

[١٧٤] رواه مسلم: ٢٥٦٧

نانی شایی

(ثَابِت) دەڵێ: لەلای (أَنَس) باسی شووکردنی (زینب)ی کچی (جحش) کرا وتی: مَا رَأَيْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) أَوْلَمَ عَلَى أَحَدٍ مِنْ نِسَائِهِ مَا أَوْلَمَ عَلَيْهَا أَوْلَمَ بِشَاةٍ.[١٧٥]

واتە :نەمبینی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ هیچ ژنێکی بە ئەندازەی (زینب) نانی شایی ئامادە بکات، مەڕێکی سەر بڕی.

هەروەها دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ژنی گواستەوە (أُمُّ سُلَيْم)ی دایکم حەڵوای دروست کرد و کردیە قازانێکی گەورەی مسەوەو پێی وتم: ئەی (أنس) ئەمە ببە بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ)پێی بڵێ دایکم ئەمەی بۆ ناردوویت و سڵاویشی لێدەکردی و، دەیوت ئەمە بۆ تۆ لەلایەن ئێمەوە، هەرچەندە شتێکی کەمیشە، منیش بۆم بردو پێم وت، ئەویش فەرمووی:(ضَعْهُ) (واتە: داینێ). پاشان فەرمووی:

(اذْهَبْ فَادْعُ لِي فُلَانًا وَفُلَانًا وَفُلَانًا وَمَنْ لَقِيتَ وَسَمَّى رِجَالاً).

واتە: بڕۆ فلان و فلان و فلان و هەر کەسێکی ترت پێ گەیشت بانگیان بکە، ناوی چەند کەسێکیشی برد، منیش ئەوانەی ناوی بردن و هەر کەسێکی تریش پێی گەیشتم بانگم کرد، (ڕاوی فەرموودەکە) دەڵێ: وتم بە (أنس) ژمارەیان چەند کەس بوو ؟

وتی: نزیکەی (٣٠٠) کەس، ئینجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (يَا أَنَسُ هَاتِ التَّوْرَ) واتە: (ئەی أنس قازانەکە بێنە)، ئەنجا خەڵکەکە

---

[١٧٥] رواه البخاري: ٤٧٧٣ و مسلم: ٢٥٦٨.

چوونە ژوورەوە، تا(صُفَّة)[176] و ژوورەکە پڕ بوون، پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (لِيَتَحَلَّقْ عَشَرَةٌ عَشَرَةٌ وَلْيَأْكُلْ كُلُّ إِنْسَانٍ مِمَّا يَلِيهِ) واتە: (ئادەی (١٠) کەس (١٠) کەس ئەڵقە ببەستن و با هەموو کەسێکیش لەبەردەم خۆیەوە بخوات).

ئیتر هەموویان نانیان خوارد تاوەکو تێر بوون کۆمەڵێ دەچوونە ژوورەوەو کۆمەڵێ دەهاتنە دەرەوە هەتا هەموویان تێربوون، ئینجا فەرمووی: (يَا أَنَسُ ارْفَعْ) واتە: (قازانەکە لاببە) منیش لامبرد نەمدەزانی ئەو کاتەی دامنا زۆرتری تێدا بوو یان ئەوکاتەی هەڵمگرت.

هاتنە خوارەوەی ئایەتی حیجاب

هەروەها (أَنَس) دەڵێ: سێ کەس لەماڵی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) مانەوەو، دەستیان کرد بە قسەکردن، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) دانیشتبوو، هاوسەرەکەشی ڕووی کردبووە دیوارەکە، ئەم حاڵەتەش زۆر گران بوو لەسەر دڵی پێغەمبەر (ﷺ) شەرمیشی دەکرد پێیان بڵێ، هەستا ڕۆشتە دەرەوەو، ئەوانی لە ماڵەوە بەجێهێشت، منیش لەگەڵیدا ڕۆشتم و، یەك بەیەك گەڕا بەسەر خێزانەکانی داو سەلامی لێکردن و، پاشان کە گەڕایەوە ئەمجارەیان سێ کەسەکە هەڵسابوون، ئینجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتەوە و پەردەکەی دادایەوەو، ڕۆشتە ژوورەوە، منیش لەودیو دانیشتم.

---

[176] جێگایەکی سەرگیراو بووە لەبەشی دواوەی مزگەوتەوە دروستکراوە بۆ ئاوارەو هەندێك لەکۆچەران.

زۆری پێ نەچوو هاتە دەرەوە، لای من بوو ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە، ئینجا ڕۆشتە دەرەوەو بۆ خەڵکەکەی خوێندەوە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَدۡخُلُواْ بُيُوتَ ٱلنَّبِيِّ إِلَّآ أَن يُؤۡذَنَ لَكُمۡ إِلَىٰ طَعَامٍ غَيۡرَ نَٰظِرِينَ إِنَىٰهُ وَلَٰكِنۡ إِذَا دُعِيتُمۡ فَٱدۡخُلُواْ فَإِذَا طَعِمۡتُمۡ فَٱنتَشِرُواْ وَلَا مُسۡتَـٔۡنِسِينَ لِحَدِيثٍۚ إِنَّ ذَٰلِكُمۡ كَانَ يُؤۡذِي ٱلنَّبِيَّ فَيَسۡتَحۡيِۦ مِنكُمۡۖ وَٱللَّهُ لَا يَسۡتَحۡيِۦ مِنَ ٱلۡحَقِّۚ وَإِذَا سَأَلۡتُمُوهُنَّ مَتَٰعٗا فَسۡـَٔلُوهُنَّ مِن وَرَآءِ حِجَابٖۚ ذَٰلِكُمۡ أَطۡهَرُ لِقُلُوبِكُمۡ وَقُلُوبِهِنَّۚ وَمَا كَانَ لَكُمۡ أَن تُؤۡذُواْ رَسُولَ ٱللَّهِ ...﴾

إلى آخر الآية وَوُعِظَ الْقَوْمُ بِمَا وُعِظُوا بِهِ.[177]

مانای ئایەتەکە بەم شێوەیەیە: ﴿ ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە، مەڕۆنەماڵەکانی پێغەمبەرەوە (ﷺ) مەگەر مۆڵەتتان پێ بدرێت بۆ نان خواردنێك، بێ ئەوەی چاوەڕوانی خواردنەکە بن تا پێدەگا، بەڵام کاتێ بانگ کران بچنە ژوورەوە، کە نانتان خوارد زوو بڵاوەی لێ بکەن و بەدیار قسەو باسەوە دامەنیشن، چونکە ئەمجۆرە کارانەتان پێغەمبەر (ﷺ) ئازار دەدات و شەرمیشتان لێ دەکات، بەڵام خوا شەرم لە حەق و ڕاستی ناکات، ئەگەر داوای پێویستیەکتان لەژنانی پێغەمبەر (ﷺ) کرد، لەپشتی پەردەوە داوایان لێ بکەن [ئەم فەرمانە تایبەتە بەخێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ)] ئا بەو شێوەیە پاکترە بۆ دڵی ئێوەو، دڵی ئەوان، بێگومان ئێوە نابێت ئازاری پێغەمبەر (ﷺ) بدەن ... ﴾

تا کۆتایی ئایەتەکە، ئیتر ئەوچەند کەسە ئامۆژگاری کران.

پێغەمبەر (ﷺ) لە (بَرَّة)وە ناوی دەگۆڕیٚ بۆ (زینب)

(زَيْنَب)ی کچی (أُمُّ سَلَمَة) دەڵێ: ناوم (بَرَّة)بوو (واتە: چاکەکار) پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناوی نام (زینب)، کاتێکیش (زینب)ی کچی (جحش) شووی پێکرد ئەویش ناوی (بَرَّةَ) بوو ئەویشی ناونا (زینب)[178]

لەریوایەتێکی تردا دەفەرموێت: (لا تُزَكُّوا أَنْفُسَكُمْ اللَّهُ أَعْلَمُ بِأَهْلِ الْبِرِّ مِنْكُمْ).[179]

واتە: (تەزکیەی خۆتان مەکەن خوا زانایە کە کێ چاکە کارە لەناو ئێوەدا).

---

[178] **رواه سلم: ٣٩٩١**

[179] **رواه مسلم: ٣٩٩٢**

پلەو پایەو تایبەتمەندیەکانی

١- گوێ ڕایەڵ بوو.

قالت زَيْنَب بِنْتِ أَبِي سلَمَةَ..... دَخَلْتُ عَلَى زَيْنَبَ بِنْتِ جَحْشٍ حِينَ تُوُفِّيَ أَخُوهَا فَدَعَتْ بِطِيبٍ فَمَسَّتْ بِهِ ثُمَّ قَالَتْ مَا لِي بِالطِّيبِ مِنْ حَاجَةٍ غَيْرَ أَنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَلَى الْمِنْبَرِ يَقُولُ لَا يَحِلُّ لِامْرَأَةٍ تُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ تُحِدُّ عَلَى مَيِّتٍ فَوْقَ ثَلَاثٍ إِلَّا عَلَى زَوْجٍ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا. [١٨٠]

واتە: (زینب)ی کچی (أَبو سلَمَة) دەڵێ: چووم بۆ لای (زینب)ی کچی (جحش) تازە براکەی کۆچی دوایی کردبوو، داوای بۆنی کرد بۆنیان بۆ هێناو لەخۆی دا، پاشان وتی: من هیچ پێویستیم بەبۆن نەبو تەنها ئەوە نەبێ گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو (ﷺ) لە سەر مینبەر فەرمووی: (حەڵاڵ نی یە بۆ هیچ ژنێك کە باوەڕی بەخواو ڕۆژی دوایی هەبێ، زیاتر لە سێ ڕۆژ ماتەمینی بگرێت بۆ مردوو، مەگەر بۆ مێرد کەچوار مانگ و دە ڕۆژە).

٢- (عائشة) ستایشی دەکات.

قالت عائشةُ: لم أَرَ امْرَأَةً قَطُّ خَيْرًا فِي الدِّينِ مِنْ زَيْنَبَ وَأَتْقَى لِلَّهِ وَأَصْدَقَ حَدِيثًا وَأَوْصَلَ لِلرَّحِمِ وَأَعْظَمَ صَدَقَةً وَأَشَدَّ ابْتِذَالًا لِنَفْسِهَا فِي الْعَمَلِ الَّذِي تَصَدَّقُ بِهِ وَتَقَرَّبُ بِهِ إِلَى اللَّهِ تَعَالَى مَا عَدَا سَوْرَةً مِنْ حِدَّةٍ كَانَتْ فِيهَا تُسْرِعُ مِنْهَا الْفَيْئَةَ. [١٨١]

---

[١٨٠] البخاري: ١٢٠٢ و مسلم: ٢٧٣١

[١٨١] رواه مسلم: ٤٤٧٢.

واتە: (عائشة) دەڵێ: هیچ ئافرەتێکم نەبینیوە بەئەندازەی (زينب) دینی چاك و، لەخوا ترس و ڕاستگۆبێت و سەردانی کەس و کارو (صَدَقَة) بکات و زۆر کۆشش بکات لەو شتەی کە دەیکرد بەخێرو خۆی لەخوا پێ نزیك دەکردەوە، تەنها ئەوە نەبێت کە توڕەیی و هەڵچوونێکی تێدا بوو بەڵام خێرا پەشیمان دەبویەوە.

٣- خۆ پارێز بوو.

لە ڕووداوی (إفك)دا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پرسیاری لێدەکات لەوەی کە دەیزانی یان ئەوەی کەبینیوتە ؟ ئەویش دەڵێ: (يَا رَسُولَ اللَّهِ أَحْمِي سَمْعِي وَبَصَرِي وَاللَّهِ مَا عَلِمْتُ إِلاّ خَيْرًا).[١٨٢]

واتە: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) گوێ و چاوی خۆم دەپارێزم، چاکە نەبێ هیچی ترم نەزانیوە.

٤- هەمیشە هەنگوینی دەدایە پێغەمبەری خوا (ﷺ)

قالت عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَشْرَبُ عَسَلًا عِنْدَ زَيْنَبَ بِنْتِ جَحْشٍ وَيَمْكُثُ عِنْدَهَا فَوَاطَيْتُ أَنَا وَحَفْصَةُ عَلَى أَيَّتُنَا دَخَلَ عَلَيْهَا فَلْتَقُلْ لَهُ أَكَلْتَ مَغَافِيرَ إِنِّي أَجِدُ مِنْكَ رِيحَ مَغَافِيرَ قَالَ لَا وَلَكِنِّي كُنْتُ أَشْرَبُ عَسَلًا عِنْدَ زَيْنَبَ بِنْتِ جَحْشٍ فَلَنْ أَعُودَ لَهُ وَقَدْ حَلَفْتُ لَا تُخْبِرِي بِذَلِكَ أَحَدًا.[١٨٣]

[١٨٢] مسلم: ٤٩٧٤ .

[١٨٣] البخاري ٤٥٣١

(عائشة)دەڵێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەلای (زینب)ی کچی (جحش) هەنگوینی دەخواردو لەلای دەمایەوە، من و(حفْصَة) ڕێکەوتین کە ئەگەر پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆ لای هەرکاممان پێی بڵێین (مغافیر)ت[١٨٤] خواردووە ؟ بۆنی(مغافیر)ت لێدێت!

ئەوەبوو پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆ لای یەکێکیان و ئەویش ئەوەی پێ وت. پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: (نەخێر بەڵکو لای (زینب)ی کچی (جحش) هەنگوینم خواردووە، ئیدی جارێکی تر نایخۆم، ئەوا سوێندم خوارد، بەڵام لای کەس باسی مەکە!

(چونکە پێغەمبەر (ﷺ) زۆر ڕقی لەبۆنی ناخۆش بووەو هەمیشە خۆی لیێ بەدوور گرتووە).

خوێنەری بەڕێز: لە ریوایەتێکی تردا کە (بخاري و مسلم)[١٨٥] دەیگێڕنەوە، کە ئەو ئافرەتەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەنگوینی لا خواردووە (حَفْصَة) بووە و، (عَائِشَة) لە گەڵ (سَوْدَة)و (صَفِيَّة) ڕێك دەکەون کە وا بڵێن بەپێغەمبەری خوا (ﷺ)، بەڵام زانایان دەڵێن یەکەمیان ڕاستترە، چونکە لەگەڵ سیاقی ئایەتەکەدا دەگونجێ ﴿وإن تظاهرا عليه ﴾ چونکە باس لەدوو کەسدەکات کە (حفصة) و(عائشة)ن، هەروەها (عمر)ی کوڕِی (الخطاب)یش لەوەڵامی پرسیاری (إبن عباس)دا دەڵێ ئەو دووخێزانەی بوون، واتە (عَائِشَة)و(حَفْصَة).[١٨٦]

---

[١٨٤] شیلەیەکی شیرینی بۆن ناخۆشە.

[١٨٥] رواه البخاري: ٤٧٦٣ و مسلم: ٢٦٩٥ .

[١٨٦] بڕوانە: عون المعبود: (١٠/١٢٥– ١٢٧) .

٥- خوا لەئاسمان لە پێغەمبەری (ﷺ) مارەی بڕی.

قال أَنَسُ بْن مَالِكٍ: كَانَتْ تَفْخَرُ عَلَى نِسَاءِ النَّبِيِّ (ﷺ) وَكَانَتْ تَقُولُ إِنَّ اللَّهَ أَنْكَحَنِي فِي السَّمَاءِ.[١٨٧]

واتە: (أنس)ی کوڕی (مالك) دەڵێ: (زینب)شانازی دەکرد لای خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) دەیوت: خوای گەورە منی لە ئاسمان مارە بڕی لە پێغەمبەر (ﷺ).

٦- بەخشندە بوو.

قالت عَائِشَةُ أُمِّ الْمُؤْمِنِينِ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَسْرَعُكُنَّ لَحَاقًا بِي أَطْوَلُكُنَّ يَدًا قَالَتْ فَكُنَّ يَتَطَاوَلْنَ أَيَّتُهُنَّ أَطْوَلُ يَدًا قَالَتْ فَكَانَتْ أَطْوَلَنَا يَدًا زَيْنَبُ لِأَنَّهَا كَانَتْ تَعْمَلُ بِيَدِهَا وَتَصَدَّقُ.[١٨٨]

واتە: (عائشة)ی دایکی ئیمانداران دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (ئەوەتان کە زووتر بەدوای مندا دێت، ئەوە تانە کەدەستی لە هەمووتان درێژ ترە)، (عائشة) دەڵێ: خێزانەکانی دەستیان درێژ دەکرد تابزانن کامیان دەستی درێژترە، بەڵام (زینب) دەستی لەهەموومان درێژ تربوو، چونکە بەدەستی خۆی ئیشی دەکرد[١٨٩] و خێر وچاکەی لێدەکرد.

لە ریوایەتی (بخاري)دا (عائشة) دەڵێ: إِنَّ بَعْضَ أَزْوَاجِ النَّبِيِّ (ﷺ) قُلْنَ لِلنَّبِيِّ ﷺ أَيُّنَا أَسْرَعُ بِكَ لُحُوقًا ؟ قَالَ: (أَطْوَلُكُنَّ يَدًا) فَأَخَذُوا قَصَبَةً

---

[١٨٧] رواه البخاري: ٦٨٧١

[١٨٨] رواه مسلم: ٤٤٩٠.

[١٨٩] پێستی خۆشە دەکرد و، کاری مووروو کونکردن و نقێم و پیرۆزە پێوە کردنی دەکرد.

يَذْرَعُونَهَا فَكَانَتْ سَوْدَةُ أَطْوَلَهُنَّ يَدًا فَعَلِمْنَا بَعْدُ أَنَّمَا كَانَتْ طُولَ يَدِهَا الصَّدَقَةُ وَكَانَتْ أَسْرَعَنَا لُحُوقًا بِهِ وَكَانَتْ تُحِبُّ الصَّدَقَة.[190]

واته: هەندێ لەخێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) وتیان بە پێغەمبەر (ﷺ): کام لەئێمە خێراتر دێت بە دواتا ؟

فەرمووی: (ئەوەتان کە دەستی لەهەمووتان درێژ ترە).

خێزانەکانی قامیشێکیان هێنا دەستیان پێ دەپێوا (سَوْدَة) لە هەموویان دەستی درێژ تربوو، بەڵام دوایی زانیمان مەبەستی بەدەست درێژی خێر و ماڵ بە خشین بوو!

ئەویش (واتە: زینب) یەکەم کەس بوو کەدوای پێغەمبەر (ﷺ) کۆچیکرد و حەزیشی لە خێرکردن بوو.

هەروەها زانایانیش لە ڕاڤەی ئەم فەرموودەیەی (بخاري)دا دەڵێن: (ڕاوی) بەهەڵە ناوی (سَوْدَة)ی هێناوە، چونکە بەتێکرای دەنگی زانایان (زینب) یەکەم کەس بوو لەخێزانەکانی دوای خۆی کۆچی دوایی کرد.[191]

٧- لەماڵەکەی خۆیدا ئۆقرە دەگرێت.

کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە حەجی ماڵئاواییدا بە خێزانەکانی دەفەرموێت: (هذه ثم ظهور الحُصْر)[192]، دوای ئەوە هەموو خێزانەکانی حەجیان دەکرد تەنها (سودة)و (زینب)ی کچی (جحش) نەبێت، دەیان

---

[190] رواه البخاري: ١٣٣١.

[191] بڕوانە : فتح الباري (ج٥/١٤) .

[192] السلسلة الصحيحة: (٢٤٠١)، صحيح الترغيب و الترهيب: (٢/٢٢٠) برقم: (١١٦٧)

وت: سوێند بەخوا ولاٚخ نامانجولێنێت پاش ئەوەی لەپێغەمبەری خوامان (ﷺ) بیستووە.

٨- دونیا نەویستبوو.

(برزة)ی کچی (رافع)، دەڵێت: (عمر) خوای لیٚ ڕازی بیٚ بەشە پارەکەی بۆ دەنێریٚ، (زینب)یش دەڵێت: غفر الله لعمر، غيري كان أقوى على قسم هذا.

(خوا لە (عمر) خۆش بیٚ لەمن بە تواناتر هەبوو ئەم پارەیە دابەشکا).

ئەوانیش وتیان: هەمووی هی خۆتە! وتی: سبحان الله ! ئینجا کراسێکی هێناو وتی: فڕەیدەنە ناویەوەو، کراسێکیش بدەن بەسەریدا، ئینجا پێی وتم: دەست بکەبەناویدا مشتێکی ببە بۆ فلاٚن و بۆ فلاٚن لە هەژاران و هەتیوانی خزمەکانی، تاوەکو کەمێکی مابوویەوە (برزة) وتی: ئەی دایکی ئیمانداران سوێند بەخوا مافی ئێمەشی تێدایە، ئەویش وتی ئەوەی ماوەتەوە بۆئێوە، ئێمەش ژماردمان (٨٥درهم) بوو، پاشان دەستی بەرەو ئاسمان بەرزکردەوەو فەرمووی:

(اللهم لا يُدركني عطاءُ عمرَ بعد عامي هذا).[١٩٣]

واتە: پەروەردگار لەم ساڵ بەدواوە بەخشینی (عمر)م پێنەگات.

---

[١٩٣] سير أعلام النبلاء: (٢١٢/٢)، الإصابة: (٦٠/١٢)، البداية والنهاية: (١١٩/٧).

كۆچی دوایی

لەساڵی (٢٠ ك) لە(مدينة) كۆچی دوایی دەكات، ئینجا (عمر)ی كوڕی (الخطاب) فەرمان دەكات بە بانگكەرێك كە: ئەوەی مەحرەم نەبێت شوێن تەرمەكەی نەكەوێت، (أسماء)ی كچی (عميس)یش وتی: ئەی ئەمیری ئیمانداران شتێكت نیشاندەم كە (حبشي)یەكان دروستیان دەكرد بۆ ئافرەتەكانیان ؟ ئینجا تابوتێكی دروست كردو بەقوماشێك دایپۆشی. (عمر)ی كوڕی)الخطاب)بیش خوای لیٚ ڕازی بیٚ فەرمووی: (ما أحسن هذا وأستره!).

واتە: ئەمە چەندە چاك و داپۆشەرە!

ئینجا فەرمانی كرد بەبانگكەرێك (أن اخرجوا على أمكم).[١٩٤]

واتە: هەمووتان شوێن تەرمی دایكتان بكەون.

(عمر)ی كوڕی (الخطاب) نوێژی لەسەردەكات و، پاشان دەنێریٚ بۆ لای خێزانەكانی پێغەمبەر (ﷺ)و پێیان دەڵێت: من يأمرن أن يدخلها القبر؟

واتە: (كیٚ بەباش دەزانن بیخاتە ناو گۆڕەكەیەوە)؟

(عمر) حەزی دەكرد خۆی بێت، ئەوانیش وتیان: (انظر من كان يراها في حال حياتها فليكن هو الذي يدخلها القبر).

واتە: ئەو كەسە بینێژیٚ كەتا لە ژیاندابوو دەیبینی.

ئەویش وتی: صدقتن.[١٩٥] (ڕاست دەكەن).

---

[١٩٤] سير أعلام النبلاء: (٢١٣/٢)، وقال شعيب الأرناؤوط: إسناده صحيحٌ.

[١٩٥] أخرجه الطحاوي و البيهقي وصححه الألباني في أحكام الجنائز: (ص١٤٨).

ئەنجا لەگۆڕستانی (البقیع) دەنێژرێت و، یەکەمین ئافرەتیش بوو کە تابوتی بۆ دروستکرا.

ژمارەی ئەو فەرموودانەی گێڕاویەتیەوە

دایکی ئیمانداران (زینب)ی کچی (جحش) خوای لێ ڕازی بێ (١١) فەرموودەی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) بۆ گێڕاوینەتەوە کەدوو فەرموودەیان (متفق علیه)یە.

حیکمەتی خوازبێنی کردنی (زینب) لەلایەن پێغەمبەرەوە (ﷺ)

لەم هوسەر گیریەدا گەورەترین حیکمەت بەدیدەکرێت ئەویش بەتاڵکردنەوەی یاسای بەکوڕکردن (التَّبنِّي)یە.
پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: مَنْ ادَّعَى إِلَى غَيْرِ أَبِيهِ أَوْ انْتَمَى إِلَى غَيْرِ مَوَالِيهِ فَعَلَيْهِ لَعْنَةُ اللَّهِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ لَا يَقْبَلُ اللَّهُ مِنْهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ صَرْفًا وَلَا عَدْلًا.[١٩٦]
واتە: هەر کەسێك خۆی بکا بە کوڕی کەسێك جگە لەباوکی و هەر کۆیلەیەکی خۆی بخاتە ڕیزی کەسانێك جگە لە خاوەنەکانی، ئەوا نەفرەتی خواو فریشتەکان و هەموو خەڵکی لێبێت، خوای گەورە فەرزو سوننەتی لێوەرناگرێ.

---

[١٩٦] رواه مسلم: ٢٧٧٤.

دایكی ئیمانداران (أُمُّ حبیبة) خوای لێ ڕازییێت [197]

ناوی: (رملة)ی كچی (أبو سفیان صخر)ی كوڕی (حرب)ی كوڕی (أمیة)ی كوڕی (عبد شمس).
ناوی دایكی: (صفیة)ی كچی (أبو العاص) ی كوڕی (أمیة).
حەڤدە ساڵ پێش پێغەمبەرایەتی لەدایك بووە.
مێردی یەكەمی ناوی (عُبَید الله)ی كوڕی (رئاب) ی كوڕی (یعمر)ی (الأسدي)هاوپەیمانی (أبو سفیان)ە.
(أمّ حبیبة) خۆی و هاوسەرەكەی هەر لە (مكّة) موسڵمان دەبن و لە كۆچی دووەمدا كۆچ دەكەن بۆ وڵاتی (حبشة)و لەوێ كچێكیان دەبێ ناوی دەنێن (حبیبة)، كونیەی (أم حبیبة)ش لەوەوە هاتووە.
لە (حبشة) (عُبَید الله)ی هاوسەری كۆچی دوایی دەات.

خوازبێنی كردنی (أم حبیبة) لە ساڵی (٧)ی كۆچیدا

عَنْ عُرْوَةَ عن أم حبيبة: أنها كانت تحت عبيد الله بن جحش، فمات بأرض الحبشة، فزوَّجها النجاشي النبيَّ (ﷺ) ، وأمهرها عنه أربعة آلاف، وبعث بها إلى رسول الله (ﷺ) مع شُرَحْبِيلَ ابنِ حَسَنَةَ.[198] وجهازها كلّه من عند النجاشي ولم يرسل إليها رسول الله (ﷺ) بشيء.[199]

---

[197] البداية والنهاية: (١٦٣/٤-١٦٥)، الإصابة: (٤٨٨/٣)، الإستيعاب: (٩٥/٢)، سير أعلام النبلاء: (٢١٨/٢-٢٢٣)، الأعلام للزركلي: (٣٣/٣).

[198] صحيح أبي داود للألباني: (٣٣٧/٦ برقم: ١٨٣٥).

[199] رواه أحمد وصححه شعيب الأرنؤوط: (٢٧٤٤٨).

واتە: عُرْوَةَ لە(أم حبيبة)وە دەگێڕێتەوە کەخێزانی (عبيدالله)ی کوڕی (جحش) بووە، لە خاکی (حبشة) کۆچی دوایی کرووە، پاشان (نجاشي) مارەی کردووە بۆ پێغەمبەر (ﷺ)و، چوار هەزار (درهم)ی بۆ کردووە بەمارەیی و ئینجا (أم حبيبة) لەگەڵ (شرحبيل)ی کوڕی (حسنة)دا بە هەموو پێویستی یەکەوە دەینێرێ بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ)، پێغەمبەری خواش (ﷺ) هیچ شتێك نانێرێ بۆمارەییەکەی.

خوێنەری بەڕێز، لەریوایەتی تردا بەدوور و درێژی باس لەم ڕووداوە کراوە کورتەکەی بەم شێوەیە یە: (أم حبيبة) کاتێك لە (حبشة) دەبێ (عبيدالله)ی هاوسەری لە خەودا بە ناشیرینترین شێوەیە دەبینێ!

کەڕۆژ دەکاتەوە مێردەکەی شەیتان فریوی دەدات و دەچێتە سەر ئایینی گاورو دەست دەکاتە گاڵتە کردن بەموسڵمانان و(أم حبيبة)ش ڕووی لێ وەردەگێڕێ و نایبینێتەوە تاوەکو لەوێ دەمرێت ...

هەروەها باس لەوەش دەکات کەلەکاتی مارەبڕینەکەدا هەریەك لە (نجاشي)و (خالد)ی کوڕی (سعيد)ی کوڕی (العاص)- ئامۆزای (أم حبيبة)- وتاریان خوێندوەتەوەو پاشان لەسەر خوانی (نجاشي) نانیان خواردووە پاشان بڵاوەیان لێکردووە ...[٢٠٠]

بەڵام هەموو ڕێگاکانی ئەم ریوایەتە لاواز (ضعيف)ن، لەڕێگەیەکیانەوە (ابن لهيعة)و لەیەکێکی تریشیانەوە (الواقدي) تێدایەو لەوی تریشیانەوە (الزهري) بە(مرسل)ی ریوایەتی کردووە، کەواتە ئەم هەواڵە نابێتە بەڵگە بۆ پاشگەزبوونەوەی تەنانەت موسڵمانێکی

---

[٢٠٠] رواه الحاكم في المستدرك و البيهقي في دلائل النبوة، وابن سعد في الطبقات.

ئاساییش لەئاینەکەی، چ جای هاوەڵێکی بەڕێزی پێغەمبەری خوا (ﷺ) [٢٠١]

تێبینیەك سەبارەت بەفەرموودەیەك لە (صحیح مسلم)دا:

فەرموودەکە (إبن عباس) دەیگێڕێتەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

قال ابْنُ عَبَّاس: كَانَ الْمُسْلِمُونَ لَا يَنْظُرُونَ إِلَى أَبِي سُفْيَانَ وَلَا يُقَاعِدُونَهُ فَقَالَ لِلنَّبِيِّ (ﷺ) يَا نَبِيَّ اللَّهِ ثَلَاثٌ أَعْطِنِيهِنَّ قَالَ نَعَمْ قَالَ عِنْدِي أَحْسَنُ الْعَرَبِ وَأَجْمَلُهُ أُمُّ حَبِيبَةَ بِنْتُ أَبِي سُفْيَانَ أُزَوِّجُكَهَا قَالَ نَعَمْ قَالَ وَمُعَاوِيَةُ تَجْعَلُهُ كَاتِبًا بَيْنَ يَدَيْكَ قَالَ نَعَمْ قَالَ وَتُؤَمِّرُنِي حَتَّى أُقَاتِلَ الْكُفَّارَ كَمَا كُنْتُ أُقَاتِلُ الْمُسْلِمِينَ قَالَ نَعَمْ

قَالَ أَبُو زُمَيْلٍ وَلَوْلَا أَنَّهُ طَلَبَ ذَلِكَ مِنْ النَّبِيِّ (ﷺ) مَا أَعْطَاهُ ذَلِكَ لِأَنَّهُ لَمْ يَكُنْ يُسْأَلُ شَيْئًا إِلَّا قَالَ نَعَمْ. [٢٠٢]

واتە: (إبن عباس) دەڵێ: موسڵمانان بەچاوی ڕێزەوە سەیری (أبو سفیان) یان نەدەکردو لەگەڵی دانەدەنیشتن، وتی بە پێغەمبەر (ﷺ): ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) سێ شت هەن پێمی ببەخشە.

فەرمووی: بەڵێ.

وتی: چاکترین و جوانترینی ئافرەتی عەرەب لای منە، (أمّ حبيبة)ی کچی (أبو سفیان) لێتی مارە دەکەم.

فەرمووی: بەڵێ.

وتی: (مُعَاوِيَة) بکە بەنووسەر لەلای خۆت. فەرمووی: بەڵێ.

---

[٢٠١] (تحقيق دعوى ردّة عبيدالله بن جحش) مجلة البيان، العدد: ١٨٢ ص ٢٢.

[٢٠٢] رواه مسلم برقم: ٤٥٥٧.

وتی: منیش بکه بەسەرکردە تا بجەنگم لە گەڵ بێ باوەڕان وەك چۆن جەنگام لەگەڵ موسڵمانان.
فەرمووی: بەڵێ.
(أَبُو زُمَيْل) دەڵێ: ئەگەر داوای ئەمانەی نەکردایە لە پێغەمبەر (ﷺ) پێی نەدەبەخشی، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) داوای هەر شتێکی لێکرابایە دەیفەرموو: بەڵێ.
زانایان دەڵێن: ئەم فەرموودەیە ئیشکالی تێدایە چونکە بەتێکڕای دەنگ (إجماع): پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێش ئازادکردنی (مكة) لەساڵی (٧) یان (٦)ی کۆچی بەر لە موسڵمانبوونی (أبو سفيان)، (أم حبيبة)ی مارە کردووەو لە(حبشة)وە هاتووە بۆلای بۆ (مدينة).
هەروەها گومانیش لەوەدا نیە کە (أبو سفيان) و (معاوية) ی کوڕی دوای ئازادکردنی (مكة) لەساڵی (٨ك) موسڵمان بوون، ئیتر چۆن دەڵێ بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) چاکترین و جوانترینی ئافرەتی عەرەب لای منە، (أمّ حبيبة)ی کچی (أبو سفيان)ە لێتی مارە دەکەم.
جا لێرەدا زانایان سەبارەت بەم فەرموودەیە بۆچوونی جیاوازیان هەیە کە بە پێویستی دەزانم بەکورتی باسێکی لێوە بکەم:

١- زۆرێك لە پێشەوایانی زانستی (حديث) وەك: (يحيى)ی کوڕی (سعيد الأنصاري)، و پێشەوا (أحمد)و، (أبو حاتم)و، (إبن الجوزي)و، (إبن حزم)و، (القاضي عياض)، دەڵێن: سەنەدی ئەم فەرموودەیە (عِكرِمة ی کوڕی عمّار)ی تێدایە کەسێکی لاواز

(ضعيف)ه. تەنانەت پێشەوا (البُخَارِي) هیچ فەرموودەی لێ نەگێڕاوەتەوە.

٢- هەندێکی تر لەزانایان دەڵێن: ئەم فەرموودەیە لاواز نیەو (أبو سفیان) مەبەستی ئەو کچەکەیەتی واتە (عَزَّةَ) بەڵام لەبەر ئەوەی تازە موسڵمان بووە نەیزانیوە کە دوو خوشك پێکەوە لە یەك پیاو مارە ناکرێن، بەڵکو(راوي) فەرموودەکە بەهەڵە ناوی (أمّ حبيبة)ی هێناوە.
بەڵام کۆمەڵی یەکەم دەڵێن: ئەگەر وایە چۆن پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە (أبو سفیان)ی فەرمووە: (نعم) ؟!
لەکاتێکدا (أمّ حبيبة) جارێکیان بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەڵێت: (عَزَّةَ)ی خوشکم مارە بکە، لە وەڵامدا دەفەرموێ: (فَإِنَّهَا لَا تَحِلُّ لِي)[٢٠٣] واتە: (حەڵاڵ نی یە بۆم)!

٣- هەندێکی تر دەڵێن: مەبەستی (أبو سفیان) ئەوە بووە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) گرێبەستی مارەبڕین (عقدالنكاح)ی بۆ تازەکاتەوە، چونکە دەیویست لەناو هاوەڵاندا کەسایەتی خۆی بەهێزکاتەوە.
بەڵام وەڵامی ئەم بۆچونەشیان داوەتەوە بەوەی کە تائێستا نەبیستراوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو گرێبەستەی تازە کردبێتەوە!

---

[٢٠٣] رواه مسلم: (٣٦٥٩)

٤- هەندێکی تر وەك: (أبو محمد المنذري) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) (أمّ حبيبة)ی لە(مدينة) دوای ئازادکردنی (مكة) خوازبێنی کردووە. ئەمەش لاوازترینی بۆچوونەکانە!

(إبن القيم) ڕەحمەتی خوای لێبێ دەڵێت: ئەم بۆچوونانە (یەکەم نەبێ) هەموویان (باطل)و بێسوودن و، ڕای بەهێز ئەوەیە کەئەم فەرموودەیە لاوازە.[٢٠٤]

[٢٠٤] بڕوانە: جلاء الأفهام لأبن القيّم: (١٨٥- ١٩٥)، عون المعبود: (٤/٤٧٧).

پلەو پایەو سەروەریەکانی

١- (أُمُّ حَبِيبَة) نوێژە سوننەتە (مؤكدة)كانی بەردەوام کردووە.

قالت أُمُّ حَبِيبَةَ سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: (مَنْ صَلَّى اثْنَتَيْ عَشْرَةَ رَكْعَةً فِي يَوْمٍ وَلَيْلَةٍ بُنِيَ لَهُ بِهِنَّ بَيْتٌ فِي الْجَنَّةِ) قَالَتْ أُمُّ حَبِيبَةَ فَمَا تَرَكْتُهُنَّ مُنْذُ سَمِعْتُهُنَّ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ(ﷺ) وَقَالَ عَنْبَسَةُ فَمَا تَرَكْتُهُنَّ مُنْذُ سَمِعْتُهُنَّ مِنْ أُمِّ حَبِيبَةَ وَقَالَ عَمْرُو بْنُ أَوْسٍ مَا تَرَكْتُهُنَّ مُنْذُ سَمِعْتُهُنَّ مِنْ عَنْبَسَةَ وَقَالَ النُّعْمَانُ بْنُ سَالِمٍ مَا تَرَكْتُهُنَّ مُنْذُ سَمِعْتُهُنَّ مِنْ عَمْرِو بْنِ أَوْس.[٢٠٥]

واتە: (أُمُّ حَبِيبَة) دەڵێ گوێم لە پێغەمبەر (ﷺ) بوو دەیفەرموو : (هەر کەسێك لەشەو ڕۆژێکدا دوانزە رکات نوێژی سوننەت بکات، خوا بەهۆیەوەماڵێکی لەبەهەشتدا بۆ دروست دەکات) (أُمُّ حَبِيبَة) دەڵێ: وازم لێنە هێناوە لەو ڕۆژەوەی لە پێغەمبەرم (ﷺ) بیستووە، (عَنْبَسَة)ی کوڕی (أبو سفيان)یش دەڵێ منیش وازم لێنەهێناوە لەو ڕۆژەوەی لە(أُمُّ حَبِيبَة)م بیستووە دوو (راوی)یەکەی تریش هەروا دەڵێن.

٢- (أُمُّ حَبِيبَة) ئافرەتێکی خۆ ڕاگربووە.

قالت زَيْنَبَ بِنْتِ أَبِي سَلَمَةَ: لَمَّا أَتَى أُمَّ حَبِيبَةَ نَعِيُّ أَبِي سُفْيَانَ دَعَتْ فِي الْيَوْمِ الثَّالِثِ بِصُفْرَةٍ فَمَسَحَتْ بِهِ ذِرَاعَيْهَا وَعَارِضَيْهَا وَقَالَتْ كُنْتُ عَنْ هَذَا

---

[٢٠٥] رواه مسلم ١١٩٨

غَنِيَّةً سَمِعْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) يَقُولُ لَا يَحِلُّ لِامْرَأَةٍ تُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ أَنْ تُحِدَّ فَوْقَ ثَلَاثٍ إِلَّا عَلَى زَوْجٍ فَإِنَّهَا تُحِدُّ عَلَيْهِ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا.[٢٠٦]

واته: (زينب)ی كچی (أَبو سَلَمَةَ) دەڵێ: كاتێك هەواڵی مردنی (أبو سفيان) دەگات بە (أُمَّ حَبِيبَة)، لەڕۆژی سێیەمدا داوای بۆیەو بۆنی خۆشی كرد، ئەنجا بۆنەكەی دا لەدەستی و هێنای بەهەردوو لای دەم و چاویدا، پاشان وتی: من پێویستیم بەم بۆنە نەبوو، تەنها ئەوە نەبێ لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستووە كە دەیفەرموو: (حەڵاڵ نیە بۆ هیچ ژنێك كە باوەڕی بەخواو ڕۆژی دوایی هەبێ، زیاتر لە سێ ڕۆژ ماتەمینی بگرێت بۆ مردوو، مەگەر بۆ مێرد كەچوار مانگ و دە ڕۆژە.)

٣- (أُمُّ حَبِيبَة) لەخوا دەپاڕێتەوە

قَالَتْ أُمُّ حَبِيبَةَ : اللَّهُمَّ مَتِّعْنِي بِزَوْجِي رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَبِأَبِي أَبِي سُفْيَانَ وَبِأَخِي مُعَاوِيَةَ فَقَالَ لَهَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِنَّكِ سَأَلْتِ اللَّهَ لِآجَالٍ مَضْرُوبَةٍ وَآثَارٍ مَوْطُوءَةٍ وَأَرْزَاقٍ مَقْسُومَةٍ لَا يُعَجِّلُ شَيْئًا مِنْهَا قَبْلَ حِلِّهِ وَلَا يُؤَخِّرُ مِنْهَا شَيْئًا بَعْدَ حِلِّهِ وَلَوْ سَأَلْتِ اللَّهَ أَنْ يُعَافِيَكِ مِنْ عَذَابٍ فِي النَّارِ وَعَذَابٍ فِي الْقَبْرِ لَكَانَ خَيْرًا لَكِ.[٢٠٧]

واته: (أُمُّ حَبِيبَةَ) وتی: خوایە پێغەمبەری هاوسەرم (ﷺ)و (أبو سفيان)ی باوكم و (مُعَاوِيَة)ی برام تەمەن درێژكەی، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بەڕاستی تۆ لە خوا داوای درێژ كردنەوەی تەمەنێكی

[٢٠٦] رواه البخاري: (١٢٠١) و مسلم : (٢٧٣٦).

[٢٠٧] مسلم: (٤٨١٥)

دیاری کراو و، ڕۆژی یەکی دابەشکراوت کردووە، خوای گەورە هیچیان لەکاتی خۆی پێش ناخاو هیچیان لەکاتی خۆی دوا ناخا، ئەگەر داوات لەخوای گەورە بکردایە کە لەئاگری دۆزەخ و سزای گۆڕ بتپارێزێت چاکتر بوو بۆت.

لەوانەیە بوترێت: سزای گۆڕو دۆزەخیش وەك ئەجەل بڕاوەیەو دیاری کراوە، ئەی حیکمەت چیە کە دوعا نابێتە هۆکاریك بۆ درێژ کردنی تەمەن بەلاّم هۆکارێکی باشە بۆپاراستن لە سزای گۆڕو ئاگری دۆزەخ ؟ پێشەوا (نووی) ڕەحمەتی خوای لێبێت لەوەلاّمی ئەم پرسیارەدا دەڵێت: دوعاو پاڕانەوە بۆ ڕزگاربوون لە سزای گۆڕو ئاگری دۆزەخ عیبادەت و خوا پەرستیە، خوای گەورەش فەرمانی داوە بەخواپەرستی، بەلاّم دوعا بۆ تەمەن درێژکردن خواپەرستی نیە، هەروەك چۆن بەبیانووی قەزاو قەدەر وازهێنان لەنوێژو ڕۆژوو دروست نیە، دوعاکردنیش بەهەمان شێوەیە.[٢٠٨]

٤- (أُمُّ حَبِيبَة) دڵپاك و لێبووردەبووە.

قالت عائشة: دعتني أم حبيبة عند موتها فقالت: قد كان يكون بيننا ما يكون بين الضرائر فتحلليني من ذلك فحللتها واستغفرت لها فقالت لي: سررتني سرك الله وأرسلت الى أم سلمة بمثل ذلك.[٢٠٩]

(عائشة) دەڵێ: (أم حبيبة) لەکاتی سەرەمەرگیدا بانگی کردم و پێی

[٢٠٨] شرح النووي على مسلم: (١٧/٩)

[٢٠٩] الاصابة في تمييز الصحابة: (٤٨٨/٣)

وتم: ئەگەر شتێك لە نێوانماندا بووبێ وەکو ئەوەی لەنێوان هەوێدا دەبێت گەردنم ئازاد کە.

منیش گەردنم ئازادکردوو داوای لێخۆشبوونم بۆکرد، ئەنجا وتی: بەڕاستی دڵخۆشت کردم خوا دڵخۆشتکا، بەهەمان شێوە ناردی بە شوێنی (أمُّ سلمة)ش دا.

٥- (أُمُّ حَبِيبَة) ڕقی لە بێباوەڕە تەنانەت ئەگەر باوکیشی بێ.

کاتێك (أبو سفيان) دەڕوات بۆ (مدينة) بۆ تازەکردنەوەی گرێبەستەکەی (حديبية)، لە وێ چووەماڵی (أم حبيبة)ی کچی، ویستی لەسەر ڕاخەرەکەی پێغەمبەر (ﷺ) دابنیشێت، لەژێریدا ڕای کێشا، ئەویش وتی: يا بنية ما أدري أرغبت بي عن هذا الفراش، أو رغبت به عني؟

واتە : کچۆڵەکەم نازانم ئەو ڕاخەرە شایستەی من نەبوو یان من شایستەی ئەو ڕاخەرە نەبووم !؟

وتی: بل هو فراش رسول الله (ﷺ) وأنت مشرك نجس، فلم أحب أن تجلس على فراشه، فقال: يا بنية، والله لقد أصابك شيء بعدي، ثم خرج.[٢١٠]

واتە: ئەوە ڕاخەری پێغەمبەری خوایە (ﷺ)و تۆ موشریکێکی پیسی، پێم خۆشنەبوو لەسەری دابنیشی.

(أبو سفيان): کچۆڵەکەم سوێند بەخوا لەدوای من شتێکت تووش بووە، پاشان چووە دەرەوە.

---

[٢١٠] رواه البيهقي في دلائل النبوة: (١٧٥٧)، وابن سعد في الطبقات: (٨ / ٩٩، ١٠٠) و ضعّفه الألباني في ردّه على فقه السيرة للبوطي: (ص ٣٧٣).

٦- (أُمُّ حَبِيبَة) کەسایەتیەکی بەهێزی هەبووە.

بەڕێز بووە بەتایبەت لەلای (معاوية)ی برای، هەر بۆیە بە (معاوية) وتراوە خاڵی ئیماندران.[٢١١]

کۆچی دوایی

لە ساڵی (٤٤)ی کۆچی (أُمُّ حَبِيبَة) کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی (البقيع) لە (مدينة) دەنێژرێت.

ژمارەی ئەو فەرموودانەی لە پێغەمبەرەوە گێڕاویەتیەوە

(٦٥) فەرموودەی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە، متفق عليه (٢)، (مسلم)یش (٢) فەرموودە.

---

[٢١١] سير أعلام النبلاء: (٢٢٢/٢)

دایكی ئیمانداران (صَفیّة)ی كچی (حُيَي) خوای لیٚ ڕازییبیٚت [٢١٢]

ناوی: (صفية)ی كچی (حُيَي)ی كوڕی (أخطب)ی (الخزرجي)یە لە (بنو إسرائيل)ە لەنەوەی پیٚغەمبەر هارونی برای پیٚغەمبەر (موسى)یە سەلامی خوایان لیٚ بیٚ.

باوكی سەرۆكی (بنو النضير) بوو، یەكیٚك بوو لەتاوانبارەكانی جەنگ، لەجەنگی (بنو قريظة)دا چووبووە یەكیٚك لەقەلاٚكانیانەوە، گیراو درا لەملی.

دایكي: ناوی (برة)ی كچی(سموأل)ە لەهۆزی (بنو قريظة) بوو.

(صفية) لەسەر ئاینی جولەكەو دانیشتووی شاری (مدينة) بووە، خیٚزانی (سلام)ی كوڕی (مشكم) بووە تەلاٚقی دەدات و، دواتر دەبیٚتە هاوسەری (كنانة)ی كوڕی (أبو الحقيق)، هەردووكیان لەشاعیرانی جولەكەن، دووەمیان لە غەزای (خيبر)دا بەهۆی پەیمانشكیٚنیەوە دەكوژریٚت.

خوازبیٚنی كردنی (صفية) لە سالٚی (٧)ی كۆچی دا

پاش كوژرانی (كنانة)ی كوڕی (أبی الحقيق)ی هاوسەری (صفية) لەشەڕی (خيبر)دا بەهۆی پەیمانشكیٚنیەوە، (أَنَس)ی كوڕی (مَالِك) خوای لیٚ ڕازی بیٚ دەلٚیٚ: كەنیزەكەكان كۆكرانەوە، (دِحْيَةُ الْكَلْبِيّ) خوای لیٚ ڕازی بیٚ هات و وتی: ئەی پیٚغەمبەری خوا (ﷺ) كەنیزەكیٚكم پیٚ ببەخشە.

---

[٢١٢] الإستيعاب: (١٠٥/٢)، الأصابة: (١٨/٤)، الأعلام: (٢٠٦/٣)، سير أعلام النبلاء: (٢٣١/٢-٢٣٨) .

فەرمووی: (اذْهَبْ فَخُذْ جَارِيَةً). بڕۆ کەنیزەکێ ببە. (بەپێی یاسای جەنگ) ئەویش ڕۆشت (صَفِيَّةَ)ی کچی(حُيَيّ)ی برد، پاشان پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) وتی:

ئەی پێغەمبەری (ﷺ) خوا خانمی (قُرَيْظَةَ) و(النَّضِيرِ) ئەبەخشی بە(دِحْيَةَ)، ئەو شایستەی کەس نییە تەنها تۆ نەبێ!

فەرمووی: (ادْعُوهُ بِهَا). واتە: پێی بڵێن بابیهێنێتەوە، ئەنجا هێنایەوە. کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) بینی، فەرمووی: (خُذْ جَارِيَةً مِنْ السَّبْيِ غَيْرَهَا). واتە: کەنیزەکێکی تر ببە، ئەنجا پێغەمبەر (ﷺ) ئازادی کردو(لەبری صفية (٧) کەنیزەکی دا بە (دحية)و، خوازبێنی کرد وئازادکردنەکەشی کردە مارەیی بۆی.

کە گەشتینە (سَدّ الرَّوْحَاءِ) بۆی حەلاڵبوو[٢١٣] (أمّ سليم) بۆی ئامادەکرد، شەو لەویێ گواستیەوە، کەڕۆژ بوویەوە فەرمووی: (مَنْ كَانَ عِنْدَهُ شَيْءٌ فَلْيَجِئْ بِهِ) واتە: هەر کەسێك خواردنی لایە با بیهێنێ، خوانێکی لە پێست ڕاخست، بە هەموویانەوە خورماو ڕۆن وئاردیان هێناو فەرمووی بە أنس ر ئەوانەی دەور و بەرت بانگ بکە، ئەنجا کردی بە (وليمة) و لەڕێگەی (خيبر) سێ ڕۆژ لەلای مایەوە، ئەنجا خەڵکی وتیان: نازانین پێغەمبەری خوا (ﷺ) کردوویەتی بەخێزانی خۆی یان بەکەنیزەك ؟ وتیان: ئەگەر حیجابی بۆ بکات ئەوە لەدایکانی ئیماندارانە ئەگەریش بۆی نەکات ئەوە کەنیزەکە، کاتێك ویستی سواری

---

[٢١٣] کەنیزەك دوای پاکبوونەوەی لەیەك حەیز دروستە شوو بکات، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) سەبارەت بەکەنیزەکەکانی (أوطاس) فەرمووی: (لا توطأ حامل حتى تحيض، ولا غير حامل حتى تحيض حيضة) رواه أحمد وصححه الألباني، بڕوانە: مختصر ارواء الغليل : (١/٢٥٥) .

وشترەکەی ببیٚ حیجابی بۆ کردو لەدوای وشترەکەوە دانیشت، ئیتر زانییان خێزانیەتی، کاتێك لە (مدینة) نزیك بوونەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) خێرایی وشترەکەی زیاد کردو ئێمەش زیادمان کرد،(الْعَضْبَاءُ) – ناوی وشترەکەی پێغەمبەرە (ﷺ)– سەرسمیداو هەردووکیان کەوتنە خوارەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەستایەوەو (صفیة)ی شاردەوە ئەنجا هەندێك لەژنان هاتن و وتیان خوا ئەم ژنە جولەکەیە دوورخاتەوە– نەیانزانیبوو موسڵمانبووە–.[٢١٤]

(ابن عمر) دەڵیٚ: پێغەمبەر (ﷺ) پەڵەیەکی سەوزی بەنێو چاوانی صفیة وە بینی فەرمووی: (ما هذه الخضرة بعينيك)؟

واتە: ئەو پەڵە سەوزە چی یە بەنێو چاوانتەوە ؟ وتی: لەخەومدا ئەستێرەیەکم بینی کەوتە کۆشمەوە، خەونەکەم گێڕایەوە بۆ مێردەکەم، زللەیەکی دا لەدەم وچاوم و وتی: پاشای (یثرب)ت دەویٚ ؟!

کەس نەبوو بەئەندازەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕقم لێی بێت، باوکم و مێردەکەمی کوشتبوو، بەردەوام بیانوو (عذر)ی بۆ دەهێنامەوە دەیفەرموو: (إن أباك ألبّ عليَّ العرب وفعل وفعل).

واتە: بەڕاستی باوکت عەرەبی لیٚ هەڵگەڕاندمەوەو ئەوەو ئەوەی کرد). تاوەکو هیچ لەو ڕقە لەدڵمدا نەما.[٢١٥]

پلەو پایەو سەروەریەکانی

---

[٢١٤] بڕوانە: صحيح البخاري: ژمارە: (٣٥٨، ٢٨٥٥، ٢٠٨١،٣٨٩٠)، صحيح مسلم: ژمارە: ٢٥٦١، ٢٥٦٤.

[٢١٥] السلسلة الصحيحة للألباني: (٢٧٩٣)، صحيح ابن حبان بتحقيق شعيب الأرنؤوط: (٥١٩٩).

١- پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەژنۆی پیرۆزی خۆی بۆ دادەنێ.

کاتێك بەرەو (مدينة) بەرێدەکەون پێغەمبەری خوا (ﷺ) عەباکەی لەپشت خۆیەوە بۆ ڕادەگرێ پاشان لای وشترەکەدا دادەنیشێ و ئەژنۆی پیرۆزی بۆ دادەنێ ئەویش قاچ دەخاتەسەری تاسواری وشترەکە دەبێت.[٢١٦]

٢- سەردانی پێغەمبەر (ﷺ) دەکات لە (إعتكاف)دا.

عن صفية بنت حيي، قالت: كان النبي (ﷺ) معتكفا، فأتيته أزوره ليلا، فحدثته، ثم قمت لأنقلب، فقام معي ليقلبني، وكان مسكنها في دار أسامة بن زيد، فمر رجلان من الأنصار، فلما رأيا النبي (ﷺ) أسرعا، فقال النبي (ﷺ): (على رسلكما، إنها صفية بنت حيي) فقالا: سبحان الله يا رسول الله، قال: (إن الشيطان يجري من الإنسان مجرى الدم، وإني خشيت أن يقذف في قلوبكما شرا) أو قال شيئاً.[٢١٧]

واتە: پێغەمبەر (ﷺ) لە(إعتكاف)دا بوو، شەوێك سەردانم کردو، لەگەڵیدا دوام، پاشان هەستام بگەڕێمەوە ئەویش لەگەڵمدا هەستا بمگەیەنێ-ماڵی (صفية) لەماڵی (أسامة)ی کوڕی زید بووە- دوو پیاوی (أنصار)ی تێپەڕین، هەر کە پێغەمبەریان (ﷺ) بینی پەلەیان کرد پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: لەسەرخۆتان ئەوە (صفية)ی کچی (حُيیّ)یە، ئەوانیش وتیان: (سبحان) الله ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)! فەرمووی:

---

[٢١٦] **رواه البخاري: ٣٨٨٩.**

[٢١٧] **البخاري: ٥٨٧٣ ومسلم: ٤١٣٥.**

لەڕاستیدا (شیطان) وەك خوێن بەلەشدا دەگەڕێ، لەوە ترسام گومانێك بخاتە دڵتانەوە.

٣- پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەبەر (صفية) (هجر)ی (زينب) دەكات.

عن عائشة رضي الله عنها أنه اعتل بعير لصفية بنت حيي وعند زينب فضل ظهر فقال النبي (ﷺ) لزينب أعطيها بعيرا فقالت أنا أعطي تلك اليهودية ؟! فغضب رسول الله (ﷺ) فهجرها ذا الحجة والمحرم وبعض صفر.[٢١٨]

واتە: لەیەكێك لەسەفەرەكاندا وشترەكەی صفية ی كچی حيي نەخۆش دەكەوێت، (زينب)یش وشتری زیادەی پێ دەبێت، پێغەمبەر (ﷺ) بە (زينب) دەفەرموێ: وشترێكی بدەرێ.

(زينب) دەڵێ : بەو جولەكەیەی بدەم !

پێغەمبەری خوا (ﷺ) تووڕە دەبێت و بۆ ماوەی دوو مانگ و نیو (هجر)ی (زينب) دەكات.

٤- پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەسفی دەكات .

عن زيد بن أسلم قال: اجتمع نساء النبي (ﷺ) في مرضه الذي توفى فيه واجتمع إليه نساؤه فقالت صفية بنت حيي: إني والله يا نبي الله لوددت أن الذي بك بي فغمزن أزواجه ببصرهن.

فقال: مضمضن فقلن: من أي شيء فقال: من تغامزكن بها والله

[٢١٨] رواه أبو داود وقال الألباني في صحيح الترغيب والترهيب: (٣/٥٠ ، رقم ٢٨٣٥) حسنٌ لغيره.

إنها لصادقة.[219]

(زيد)ی كوڕی (أسلم) دەڵێ: خێزانەكانی پێغەمبەر (ﷺ) لە نەخۆشی سەرەمەرگیدا لە دەوری كۆبوونەوە، (صفية) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆزگە ئەوەی توشی تۆ بووە توشی من دەبوو.

خێزانەكانی چاویان لەیەك داگرت!

پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: لەدەمتانی وەردەن.

وتیان: چی ؟

فەرمووی: لەچاو داگرتنتان لێی، سوێند بەخوا ئەو ڕاست دەكا.

٥- كچی پێغەمبەرێكەو مام و هاوسەرەكەشی پێغەمبەرن.

عن أنس قال: بلغ صفية: أن حفصة قالت: بنت يهوديّ ، فبكت ، فدخل عليها النبيُّ (ﷺ) وهي تبكي، فقال: ما يُبكِيكِ؟ قالت: قالت لي حفصة: أنت ابنة يهوديّ، فقال النبيُّ (ﷺ): إنك لابنة نبيّ، وإن عمَّكِ لنبيّ، وإنك لتحت نبي، فبم تفخَرُ عليكِ ؟ ثم قال اتقي الله يا حفصة.[220]

(أنس) دەڵێ: هەواڵ گەیشت بە (صفية) كە (حفصة) پێی گوتووە كچی جولەكە ئیتر دەست دەكا بەگریان و لەوكاتەدا پێغەمبەر (ﷺ) دێتەوە بۆلای و پێی دەفەرموێ: بۆچی دەگریت ؟

دەڵێ: (حفصة) پێی وتم : تۆ كچی جولەكەی!

---

[219] **أخرجه ابن سعد: (٢٨/٨) وقال إبن حجر في الأصابة (١٩/٤): سنده حسن، وقال شعيب الأرنؤوط في سير أعلام النبلاء: ورجاله ثقات، لكنه مرسل.**

[220] **رواه الترمذي والنسائي، بڕوانە: صحيح الترمذي (٣٠٥٥)**

پێغەمبەریش (ﷺ) دەفەرموێ: بەڕاستی تۆکچی پێغەمبەرێکی و مامیشت پێغەمبەرەو خێزانی پێغەمبەرێکیشی ئیتر بەچ شتێکدا شانازی بەسەر تۆوە دەکات ؟ پاشان فەرمووی بە (حفصة): لەخوا بترسە.[221]

٦- ئافرەتێکی بەخشندە بوو.

عن ابن المسيب، قال: قدمت صفية، وفي أذنيها خرصة من ذهب، فوهبت لفاطمة منه، ولنساء معها.[222]

واتە: إبن المسيب دەڵێ: (صفية) هات و لەکاتێکدا جووتێك گوارەی ئاڵتوونی لەگوێدا بوو، بەخشی بە (فاطمة)و چەند ژنێکی تر کە لەگەڵیدا بوون.

٧- زۆر لێبوردەبوو.

قال إبن عبد البر: أن جارية لها أتت عمر بن الخطاب فقالت: إن صفية تحب السبت وتصل اليهود. فبعث إليها عمر فسألها فقالت: أما السبت فإني لم أحبه منذ أبدلني الله به يوم الجمعة. وأما اليهود فإن لي فيهم رحماً وأنا أصلها. قال: ثم قالت للجارية: ما حملك على ما صنعت؟ قالت: الشيطان. قالت: اذهبي فأنت حرة .[223]

[221] صحيح الترمذي للألباني: (٣٠٥٥)

[222] رواه ابن سعد: (٨/ ١٢٧)، ورجاله ثقات، قاله شعيب الأرنؤوط في سير أعلام النبلاء(٢/٢٣٧).

[223] رواه إبن عبد البر في الإستيعاب: (٢/١٠٥).

(إبن عبدالبر) دەڵێ: یەکێك لەکەنیزەکەکانی (صفية) ڕۆشت بۆلای (عمر)ی کوڕی (الخطاب) وتی: (صفية) ڕۆژانی شەممەی خۆش دەوێ و سەردانی جولەکەکان دەکا!

(عمر) یش خوای لێ ڕازی بێ دەنێرێ بەشوێنیداو لەو بارەوە پرسیاری لێدەکا؟

ئەویش دەڵێ: شەممەم خۆش نەویستووە لەو ڕۆژەوەی کەخوا بۆی گۆڕیوم بە هەینی، جولەکەکانیش پەیوەندی خزمایەتیم لەگەڵیاندا هەیە جێبەجێی دەکەم، پاشان وتی بە کەنیزەکەکەی :چی وای لێکردی ئەم کارە بکەی ؟

وتی: شەیتان!

(صفية)ش وتی: بڕۆ ئیتر تۆ ئازادی.

٨- پشتگیری لەپێشەوا (عثمان) کرد لەکاتی گەمارۆدانی ماڵەکەیدا.

عن كنانة، قال: كنت أقود بصفية لترد عن عثمان، فلقيها الأشتر، فضرب وجه بغلتها حتى مالت " فقالت: ذروني، لا يفضحني هذا! ثم وضعت خشبا من منزلها إلى منزل عثمان، تنقل عليه الماء والطعام.[٢٢٤]

واتە: کنانە دەڵێ: (صفية)م برد بۆ ئەوەی پشتگیری لە(عثمان) بکا خوای لێ ڕازی بێ، لەڕێگادا (الأشتر) پێی دەگاو، دەکێشێ بە ڕووخساری وشترەکەیدا تا لار دەبێتەوە، ئەنجا (صفية) وتی: وازم لێ بێنن، بائەمە ناوم نەزڕێنێ !

---

[٢٢٤] أخرجه ابن سعدفي الطبقات: (٨ / ١٢٨) ورجاله ثقات.

پاشان دارێکی لەماڵ خۆیەوە بۆماڵی (عثمان)دانا لەوێوە خواردن و خواردنەوەی بۆ دەنارد.

کۆچی دوایی

(صفية) لە خیلافەتی (معاوية)دا لەمانگی ڕەمەزانی ساڵی(٥٠)ی کۆچیدا لە (مدینة) کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی (البقیع) دەنیژرێت.

ژمارەی ئەو فەرموودانەی گێڕاویەتیەوە

(١٠) فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە یەکێکیان (متفق علیه)یە.

دایکی ئیمانداران (میمونة)ی کچی (الحارث) خوای لێ ڕازیبێت [٢٢٥]

ناوی: (میمونة)ی کچی (الحارث)ی کوڕی (حزن)ی کوڕی (بجیر)ی کوڕی (الهرم)ی کوڕی (رویبة)ی کوڕی (عبدالله)یە.

ناوی دایکی: (هند)ی کچی (عوف)ی کوڕی (زهیر)ی کوڕی (الحارث)ی کوڕی (حماطة)یە.

خێزانی (مسعود)ی کوڕی (عمرو)ی (الثقفي) بووەو پێش ئیسلام تەڵاقی داوە، پاشان شووی کردووە بە (أبو رهم)ی کوڕی (عبدالعزى)ی (العامري) پاشان ئەویش کۆچی دوایی کردووە.

خوشکەکانی (میمونة) لەدایك و باوکیەوە ئەمانەن:

(أم الفضل لبابة الکبری) کەخێزانی (العباس)ی کوڕی (عبدالمطلب) بووەو، دایکی (عبدالله)ی کوڕی (عباس) بووە.

(لبابة الصغری)ی خێزانی (الولید)ی کوڕی (المغیرة)ی (المخزومي) بووە، دایکی (خالد)ی کوڕی (الولید)ە.

خوشکەکانیشی لە دایکیەوە ئەمانەن:

(أسماء)ی کچی (عمیس) کە خێزانی (جعفر)ی کوڕی (أبو طالب) بووە، لەپاش شەهیدبوونی (أبو بکر)ی (الصدیق) دەیخوازێت و دوای ئەویش (علي)ی کوڕی (أبو طالب).

هەروەها (سلمی)ی کچی (عمیس)ی (الخثعمیة) کە خێزانی (حمزة)ی کوڕی (عبدالمطلب) بووە.

---

[٢٢٥] الإستیعاب: (٢/١٢٠-١٢١)، الإصابة: (٤/٦٢-٦٣)، الأعلام: (٧/٣٤٢)، سیر أعلام النبلاء: (٢/٢٣٨-٢٤٥).

(زینب)ی کچی (خزیمة) كه پێش (میمونة) خێزانی پێغەمبەر بووە (ﷺ).

خوازبێنی کردنی (میمونة) لەساڵی (٧)ی کۆچی دا

دوای غەزای (خیبر) پێغەمبەری خوا (ﷺ) له ساڵی (٧)ی کۆچیدا بەرەو (مكة) بەڕێدەکەوێت بەنیازی جێبەجێ کردنی (عمرة القضاء)، پێش چوونه ناو (مكة) پێغەمبەری خوا (ﷺ) (جعفر)ی کوڕی (أبو طالب)[٢٢٦] دەنێرێ بۆ خوازبێنی کردنی، (میمونة)ش ئەم کاره دەداته دەست (عباس)ی زاوایان، ئینجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) مارەی دەکات، کاتێك له(مكة) دەردەچن (أبو رافع) بەجێ دێڵێ بۆ ئەوەی (میمونة)ی بۆ بگوازێتەوە، پاشان له ڕێگای گەڕانەوەیدا له (سرف)[٢٢٧]دەیگوازێتەوە.

(إبن عبّاس) دەڵێ: پورم ناوی (برّة) بوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) گۆڕی بۆ (میمونة)[٢٢٨]

دوایین ئافرەته پێغەمبەری خوا (ﷺ) خوازبێنی کردبێ.

بابەتێکی فیقهی: هەندێ له زانایان وەك (أبوحنیفة)و زانایانی (کوفة) دەڵێن ئەو کەسەی له ئیحرامدا بێت دروسته خوازبێنی بکات (تەنها ماره بڕین) بەڵگەشیان ئەم بەسەرهاتەی پێشوو بوو که (إبن عباس)

---

[٢٢٦] تازه لەوڵاتی (حبشه) گەڕابوویەوە.

[٢٢٧] شوێنێکه لەسەر ڕێگای مكة، ١٨ كم لێوەی دووره.

[٢٢٨] أخرجه الحاكم: (٤/٣٠) وصححه ووافقه الذهبي في سير أعلام النبلاء: (٢/٢٤٣)

دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەئیحرام دابوو خوازبێنی (میمونة)ی کرد.[229]

بەڵام زۆرینەی هاوەڵان و، هەروەها (مَالِك) و (شافعي)و (أَحْمَد) دەڵێن: دروست نییە وبەڵگەشیان زۆرە یەکێك لەوانە:

عَنْ عُثْمَانَ بْنِ عَفَّانَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: (لَا يَنْكِحُ الْمُحْرِمُ وَلَا يُنْكَحُ وَلَا يَخْطُبُ).[230]

واتە: ئیحرامپۆش ژن مارە ناکات بۆ خۆی، مارەیشی نابڕێ لەکەس، خوازبێنیشی ناکات.

وە لەوەڵامی بەڵگەکەی ئەوانیشدا دەڵێن: ئەمە تەنها ڕای إبن (عباس)ە و(میمونة) خۆی و زۆربەی هاوەڵان دەڵێن لە ئیحرام دا نەبووە.[231]

---

[229] رواه البخاري: ١٧٠٦ و مسلم: ٢٥٢٧.

[230] رواه مسلم: ٢٥٢٢و ٢٥٢٤.

[231] بڕوانە: فتح الباري: (٣٦٥/١٤)، و شرح النووي على صحيح مسلم: (٩٩/٥).

پلەوپایەو سەروەریەکانی

١- پێغەمبەری خوا (ﷺ) شایەتی ئیمانی بۆ دەدا.

عن ابن عباس قال: قال رسول الله (ﷺ): الأخوات مؤمناتٌ: ميمونة وأم الفضل وأسماء.[٢٣٢]

واتە: (ابن عباس) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: خوشکەکان ئیماندارن : (ميمونة)و (أم الفضل)و (أسماء).

٢- زۆر ئومێدی بەخوای گەورە هەبوو.

عن عبدالله بن عتبة أنّ ميمونة زوج النبي (ﷺ) استدانت، فقيل لها: يا أمّ المؤمنين تستدينين وليس عندك وفاء ؟ إنّي سمعت رسول الله (ﷺ) يقول: من أخذ ديناً وهو يريد أن يؤدّيهُ، أعانه الله عزّ وجلّ.[٢٣٣]

واتە: (عبدالله)ی کوڕی (عتبة) دەڵێ: (ميمونة)ی خێزانی پێغەمبەر (ﷺ) قەرزی کرد، وتیان: دایکی ئیمانداران، قەرز دەکەیت وهیچیشت نییە بیدەیتەوە !؟

وتی: من لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستووە دەیفەرموو: (هەر کەسێك قەرزێك وەرگرێ و نیازی دانەوەی هەبێت خوای گەورە هاوکاری دەکات).

---

[٢٣٢] أخرجه النسائي في سننه: (١٠٣/٥)، و إبن سعد في الطبقات: (١٣٨/٨)، وصححه إبن حجر في الإصابة: (١٢٨/٨)، وحسّنه الشيخ مصطفى العدوي في كتابه: الصحيح المسند من فضائل الصحابة ل ٥٦٣.

[٢٣٣] صحيح سنن النسائي للألباني برقم: ٤٦٨٧

٣- زۆر لەخواترس بوو.

قال يزيد بن الأصم: تلقيت عائشة من مكة أنا وابن طلحة من أختها وقد كنا وقعنا على حائط من حيطان المدينة فأصبنا منه فبلغها ذلك فأقبلت على بن أختها تلومه ثم أقبلت علي فوعظتني موعظة بليغةً ثم قالت: أما علمت أن الله ساقك حتى جعلك في بيتٍ من بيوت نبيه ذهبت والله ميمونة ورمى بحبلك على غاربك أما أنها كانت من أتقانا لله وأوصلنا للرحم.[٢٣٤]

واته: (يزيد)ی كوڕی (الأصم) خوشكەزای (ميمونة) دەڵێ: من و كوڕەكەی (طلحة)ی خوشكەزای (عائشة) ڕۆشتينە ناو باخێك لەباخەكانی (مدينة)و لێمان خوارد، (عائشة) بيستی وهات بەرەو ڕووی خوشكەزاكەی و سەر زەنشتی كرد، پاشان ڕووی لەمن كردو ئامۆژگارييەكی بەپێزی كردم ،پاشان وتی: ئايا نەتزانيوە خوا تۆی هێنا تا نارديتيە ماڵێك لەماڵەكانی پێغەمبەرەكەی (ﷺ)، سوێند بەخوا (ميمونة) ڕۆشت و كاری خۆتی دايە دەست خۆت، بەڕاستی ئەو لەهەمووومان بەتەقواتر بوو لەهەمووشمان زياتر پەيوەندی خزمايەتی دەگەياند.

٤- سەرپێچی لەخزمەكانيشی قبوڵنەدەكرد

قال يزيد بن الأصم: أن ذا قرابة لميمونة دخل عليها، فوجدت منه ريح شراب، فقالت: لئن لم تخرج إلى المسلمين، فيجلدوك، لا تدخل عَليَّ

---

[٢٣٤] أخرجه إبن سعد في الطبقات بسند صحيح، قاله إبن حجر في الإصابة: (٦٣/٤)، وحسنه شعيب الأرنؤوط في سير أعلام النبلاء: (٢٤٤/٢).

أبداً.[٢٣٥]

واته: (يزيد)ی كوڕی (الأصم) دەڵێ: خزمێكی هات بۆ ماڵیان، (میمونة) بۆنی مەیی لێبیست، وتی: ئەگەر نەچی بۆلای موسڵمانان، بۆ ئەوەی جەڵدت لێبدەن، هەرگیز سەردانم نەكەیت.

٥- بەخشندەبوو.

عن كُرَيب عَنْ مَيْمُونَةَ بِنْتِ الحَارِثِ أَنَّهَا أَعْتَقَتْ وَلِيدَةً فِي زَمَانِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَذَكَرَتْ ذَلِكَ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ لَوْ أَعْطَيْتِهَا أَخْوَالَكِ كَانَ أَعْظَمَ لِأَجْرِكِ.[٢٣٦]

واته: (كُرَيب) دەڵێ (مَيْمُونَة)ی كچی (الحَارِث) كەنیزەكێكی لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) ئازادكرد، ئینجا بۆ پێغەمبەری خوای (ﷺ) باسكرد، ئەویش فەرمووی: ئەگەر بتبەخشیایە بەخاڵۆكانت پاداشتی زیاتربوو بۆت.

٦- ئافرەتێكی لێزان بوو.

عن كُرَيب عَنْ مَيْمُونَةَ زَوْجِ النَّبِيِّ (ﷺ) أَنَّهَا قَالَتْ إِنَّ النَّاسَ شَكُّوا فِي صِيَامِ رَسُولِ اللَّه (ﷺ) يَوْمَ عَرَفَةَ فَأَرْسَلَتْ إِلَيْهِ مَيْمُونَةُ بِحِلَابِ اللَّبَنِ وَهُوَ وَاقِفٌ فِي الْمَوْقِفِ فَشَرِبَ مِنْهُ وَالنَّاسُ يَنْظُرُونَ إِلَيْهِ.[٢٣٧]

---

[٢٣٥] أخرجه ابن سعد: (٨/ ١٣٩)، و حسنه الأرنؤوط: (٢٤٤/٢).

[٢٣٦] البخاري: (٢٤٠٣) ومسلم: (١٦٦٦)، بۆیە وای فەرموو چونكە چاكە كەكردن لەگەڵ خزماندا لە پێشترە، بەتایبەت كاتێك پێویستیان پێی بێت.

[٢٣٧] البخاري ١٨٥٣ مسلم ١٨٩٦

واتە: لە (كُرَيب)ەوە (مَيْمُونَة)ی خێزانی پێغەمبەر (ﷺ) دەڵێت: خەڵكی گومانیان هەبوو دەربارەی بەڕۆژوو بوونی پێغەمبەر (ﷺ) لەڕۆژی (عَرَفَة)دا، (مَيْمُونَة) قاپێك شیری بۆدەنێریٚ لەكاتێكدا بەسەر وشترەكەیەوە بوو هەندێكی لێخواردەوەو خەڵكیش سەیریان دەكرد.

كۆچی دوایی

قالَ عَطَاءٌ: حَضَرْنَا مَعَ ابْنِ عَبَّاسٍ جِنَازَةَ مَيْمُونَةَ بِسَرِفَ فَقَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ هَذِهِ زَوْجَةُ النَّبِيِّ (ﷺ) فَإِذَا رَفَعْتُمْ نَعْشَهَا فَلَا تُزَعْزِعُوهَا وَلَا تُزَلْزِلُوهَا وَارْفُقُوا فَإِنَّهُ كَانَ عِنْدَ النَّبِيِّ (ﷺ) تِسْعٌ كَانَ يَقْسِمُ لِثَمَانٍ وَلَا يَقْسِمُ لِوَاحِدَةٍ.[٢٣٨]

واتە:(عَطَاء) دەڵێ: لەگەڵ (إبن عباس)دا لە ناوچەی (سَرِف) ئامادەی ناشتنی تەرمی (مَيْمُونَة)ی خێزانی پێغەمبەر (ﷺ) بووین (إبن عباس) وتی: ئەمە خێزانی پێغەمبەرە (ﷺ) كاتێ تەرمەكەیتان بەرزكردەوە بەهێمنی و لەسەرخۆ بیبەن، پێغەمبەر (ﷺ) نۆ خێزانی هەبوو نۆرەی دەدا بەهەشتیان و نەیدەدا بە یەكێكیان.

(میمونة) لەساڵی (٥١) كۆچیدا لە تەمەنی (٨٠) ساڵیدا هەر لە (سَرِف) كۆچی دوایی كرد، (ابن عباس) نوێژی لەسەردەكات لەگەڵ (یزید)ی

[٢٣٨] رواه البخاري برقم: ٤٦٧٩ ومسلم: ٢٦٦٠

کوڕی (الأصم)و (عبد الله)ی کوڕی (شداد)ی کوڕی (الهادي)[٢٣٩] و (عبيد الله)ی الخولاني.[٢٤٠]

ژمارەی ئەو فەرموودانەی گێڕاویەتیەوە

(١٣) فەرموودەی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە، حەوتیان لە (الصحيحين) دايە ، بەم شێوەيە:
(متفق عليه) يەك فەرموودە، (البخاري) يەك فەرموودە، (مسلم) پێنج فەرموودە.

---

[٢٣٩] ئەم سيانەيان خوشكەزای (ميمونة) بوون.

[٢٤٠] ئەميش هەتيو بووە (ميمونة)بە خێوی كردووە.

کەنیزەکەکانی پێغەمبەر (ﷺ)

پێغەمبەری خوای (ﷺ) جگە لەخێزانەکانی چەند کەنیزەکێکیشی هەبووە لەوانە: (ریحانة)ی کچی (زید)و، (مارية)ی (القبطية).

بەڵام لەسەر ڕای بەهێزی زانایان کەنیزەکەکانی بەدایکانی ئیمانداران ناژمێررێن ئەویش بەپشت بەستن بەم بەڵگانەی خوارەوە:

١- ڕواڵەت (ظاهر)ی ئایەتی: ﴿وَأَزۡوَٰجُهُۥٓ أُمَّهَٰتُهُمۡۗ﴾

واتە: خێزانەکانی دایکانی ئیمانداراانن.

٢- (أنس)ی کوڕی (مالك) دەڵێت: کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەنێوان (خيبر)و، (مدينة)دا (صفية)ی گواستەوە هاوەڵان وتیان: (إِنْ حَجَبَهَا فَهِيَ مِنْ أُمَّهَاتِ الْمُؤْمِنِينَ وَإِنْ لَمْ يَحْجُبْهَا فَهِيَ مِمَّا مَلَكَتْ يَمِينُهُ، فَلَمَّا ارْتَحَلَ وَطَّى لَهَا خَلْفَهُ وَمَدَّ الْحِجَابَ بَيْنَهَا وَبَيْنَ النَّاسِ)[٢٤١]

واتە: ئەگەر حیجابی بۆ بکات - واتە دەموچاوی داپۆشێت- ئەوە لەدایکانی ئیماندارانە ئەگەریش بۆی نەکات ئەوە لە کەنیزەکەکانیەتی، کاتێك ویستی بڕوات لەدوای خۆیەوە سواری وشترەکەی کردو حیجابی بۆ کرد.

بۆیە (ابن تيمية)ش دەڵێت: (وَفِي الْحَدِيثِ دَلِيلٌ عَلَى أَنَّ أُمُومَةَ الْمُؤْمِنِينَ لِأَزْوَاجِهِ دُونَ سَرَارِيهِ وَالْقُرْآنُ مَا يَدُلُّ إلَّا عَلَى ذَلِكَ)[٢٤٢]

---

[٢٤١] رواه البخاري: (٥٠٨٥)

[٢٤٢] مجموع الفتاوى: (٣٨٨/٣).

واتە: لەم فەرموودەیەدا بەڵگە هەیە بۆ ئەوەی کەدایکایەتی ئیمانداران تایبەتە بەخێزانەکانیەوە بەدەر لەکەنیزەکەکانی، قورئانیش ئەمە نەبێت هیچی تر ناگەیەنێت.

(ريحانة)ی كچی (زيد)[٢٤٣]

ناوی (ريحانة)ی كچی (زيد)ی كوڕی (عمرو)ی كوڕی (خنافة)يه، له هۆزی (بني قريظة)يه.

پاش سەركەوتنی موسڵمانان لەغەزای (بني قريظة)دا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ماڵ و سامانەكەيانی دوای دەرهێنانی پێنجيەك دابەش كردو، لەژنەكانيشيان (ريحانة)ی هەڵبژاردو، باسی ئاينی ئيسلامی بۆدەكات، بەڵام لەسەرەتاوە موسڵمان نابێت و لەسەر ئاينی خۆی (جولەكە) دەمێنێتەوە، پێغەمبەری خوايش (ﷺ) بەو هەڵوێستەی ناڕەحەت دەبێ و دەست بەجێ وازی لێدەهێنی، تا ڕۆژێكيان پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ هاوەڵانيدا دەبێ لەپشت خۆيە دەنگی پێی كەسێك دەبيستێ، دەفەرموێ:

(هذا ثعلبة بن سعية يبشرني بإسلام ريحانة).

واتە: ئەوە(ثعلبة)ی كوڕی (سعية)يە هاتووە مژدەی موسڵمان بوونی (ريحانة)م بداتێ، ئەنجا دێت و مژدەی پێ دەدات و پێغەمبەريش (ﷺ) بەوە دڵخۆش دەبێت ودەينێری بۆ ماڵی (أم منذر)ی كچی (قيس)، لەوێ دەبێت تا حەيزێك دەشوات و، پاشان (أم منذر) پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاگادار دەكاتەوە، ئەويش دەچێت بۆ لای و دوو شت دەخاتە بەردەستی، يا ئازادی كاو بيخوازێ و حيجابی بۆ بكات يان بە كەنيزەكی لەلای بمێنێتەوە ؟

---

[٢٤٣] أسد الغابة: (٣/٣٥٥)، الإصابة: (٧/٦٥٨)، الأستيعاب: (٢/٩٧)

(ريحانة)ش خوای لیٚ ڕازی بیٚ دەڵیٚ: يا رسول الله بل تتركني في ملكك فهو أخف علي وعليك.[٢٤٤]

واتە: بەکەنیزەکی لەلات بم بۆ تۆیش بۆ منیش سووکترە.

کۆچی دوایی

لەکاتی گەڕانەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەحەجی ماڵئاوایی کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی (البقيع) دەنێژرێت.

بەڵام هەندێکی تر لەزانایان دەڵێن: لەخیلافەتی (عمر)دا خوای لیٚ ڕازی بێت کۆچی دوایی کردووەو خۆیشی نوێژی لەسەر کردووەو هەر لەهەمان گۆڕستان ئەسپەردە کراوە.

[٢٤٤] ذكره ابن حجر في الإصابة: (٧/٦٥٨)، وابن الأثير في أسد الغابة: (٣/٣٥٥)، وابن كثير في البداية والنهاية: (٥/٣٢٦).

(مارية)ی (قبطية)[٢٤٥]

ناوی: (مارية)ی کچی (شمعون)ی (قبطي)یه. دایکیشی گاور (مسیحي) ڕۆمی بووه.
له دێی (حفن)ی سەر بەشارۆچکەی (أنصنا) له ناوچەی (صعید) که دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری نیل له وڵاتی (مصر) له دایك بووه.

هاتنی (مارية) بۆ (مدينة) له ساڵی ٧ی ك

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) له (حديبية) گەڕایەوە دەستی کرد بەنامە نووسین بۆپادشاکان و تێیدا بانگی کردن بۆئسلام، یەکێك لەوانە (جريج)ی کوڕی (ميناء) کەشۆرەتەکەی (مقوقس)ە، پادشای (مصر)و(أسكندرية) بوو، بە (حاطب)ی کوڕی (أبو بلتعة)دا نامەکەی بۆ نارد، ئەمەش دەقەکەیەتی:

(بسم الله الرحمن الرحيم من محمد عبد الله ورسوله إلى المقوقس عظيم القبط سلام على من اتبع الهدي أما بعد : فإني أدعوك بدعاية الإسلام أسلم تسلم وأسلم يؤتك الله أجرك مرتين فإن توليت فإن عليك إثم القبط) ﴿ يا أهل الكتاب تعالوا إلى كلمة سواء بيننا وبينكم أن لا نعبد إلا الله ولا نشرك به شيئا ولا يتخذ بعضنا بعضا أربابا من دون الله فإن تولوا فقولوا اشهدوا بأنا مسلمون ﴾ (آل عمران: ٦٤)

---

[٢٤٥] الإستيعاب: (٢/ ١١٩)، الإصابة: (٣٣٨/١٢- ٣٣٩)، الأعلام: (٢٥٥/٥)، البداية والنهاية: (٣٢٤/٥-٣٢٨)، أسد الغابة: (٢٨٢/٧)

واتە: لە(محمد)ی بەندەی خوداو نێرراویەوە بۆ (مقوقس)ی گەورەی قیبتیەکان، سەلام لەو کەسەی شوێنی هیدایەت کەوتووە، بانگت دەکەم بەبانگەوازی ئیسلام، موسڵمان بە سەلامەت دەبیت، موسڵمان بە خوای گەورە دووجار پاداشتت دەداتەوە، ئەگەر ملکەچیش نەبوویت ئەوا تاوانی قیبتیەکان لەئەستۆی تۆدایە، (ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بەخاوەن نامەکان بڵێ: وەرن با ئێمەو ئێوە لەسەر بەرنامەیەك سووربین کە بۆ هەردوولامان یەکسانە، کەجگە لەخوا کەسێکی تر نەپەرستین و هیچ شتێك نەکەینە هاوبەشی و هەندێکیشمان لەباتی خوا نەکەینە خواو بپەرسترێن، ئەنجا ئەگەر هەر ڕوویان وەرگێڕا پێیان بڵێن: دەسا ئێوە شایەت بن کە ئێمە موسڵمانین).

ئەنجا مقوقس بە (حاطب) دەڵێ : بەڕاستی من سەبارەت بەکاری ئەم پێغەمبەرە وردبوومەوە، بۆم دەرکەوتووە فەرمان نادات بەهیچ شتێکی خراپ و ڕێگریش ناکات لەهیچ شتێکی چاك، نەجادووگەرێکی گومڕایەو نەفاڵچیەکی درۆزنە، لەگەڵ ئەوەشدا من بەڵگەی پێغەمبەرایەتیم تێدا بینیوە ئەویش بەدەرخستنی شتە نهێنیەکان و هەواڵدان بەشتە شاراوەکان، لەداهاتوویەکی نزیکیشدا بیری لێ دەکەمەوە.

ئەنجا نامەکەی پێغەمبەری (ﷺ) خستە ناو و مۆری کردو دایە دەست کەنیزەکێکی خۆی، پاشان نووسەرێکی خۆی بانگ کرد بەزمانی عەرەبی بۆ پێغەمبەری (ﷺ) نووسی:

بسم الله الرحمن الرحيم

بۆ (محمد)ی کوڕی (عبدالله) له (مقوقس)ی گەورەی قیبتەوە، سڵاوت لێ بێ، پاشان:

بەڕاستی نووسراوەکەتم خوێندەوە، لەوەش تێگەشتم کەتێیدا باست کردووەو بانگی بۆ دەکەیت، دەشزانم کە پێغەمبەرێك ماوەو بەڕێوەیە، پێشم وابوو لەشامەوە دەربکەوێت،بەڕاست ڕێزم لە نێرراوەکەیشت گرت، دوو کەنیزەکیشم بۆ ناردوویت، کە لە ناو قیبتیەکاندا پلەو پایەیان هەیە، لەگەڵ هەندێ جل و بەرگدا، هێسترێکیشم بۆ ناردوویت تاسواری بیت، سڵاوت لێ بێت. ئیتر لەمە زیاتر هیچی تری نەوت و موسڵمانیش نەبوو.[٢٤٦]

دوو کەنیزەکەکەش (مارية)و (شيرين)ی خوشکی بوون، هێسترەکەش ناوی (دُلدُل) بوو تاسەردەمی معاوية ش هەرمابوو، هەروەها کۆیلەیەکی ڕەش پێستیشیان لەگەڵ بوو بەناوی (مأبور) ئامۆزای (مارية) بوو.

هەر لەڕێگادا (حاطب)ی کوڕی (أبي بلتعة) باسی ئاینی پیرۆزی ئیسلامیان بۆدەکات، (مارية)و شيرين موسڵمان دەبن، بەڵام (مأمور) دواتر لە (مدينة) هەر لەسەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) موسڵمان دەبێت.

پێغەمبەری خوایش (ﷺ) (مارية) دەکا بە کەنیزەکی خۆی و (شيرين)ی خوشکیشی دەدا بە (حسّان)ی کوڕی (ثابت).

---

[٢٤٦] زاد المعاد في هدي خير العباد: (٣/٦٩١- ٦٩٢).

ماڵی (مارية) خوای لیٚ ڕازی بیٚ

(عائشة) خوای لیٚ ڕازی بیٚ دەڵێت: هیچ ئافرەتێکم لەلا قورس نەبوو بە ئەندازەی (مارية)، چونکە ئافرەتێکی جوانی قژ لوول بوو، پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەرسام بوو پێی، لەسەرەتاوە هێنایە ماڵی (حارثة)ی کوڕی (النعمان)و، بوویە دراوسێمان، زۆربەی شەو و ڕۆژ لەلای دەمایەوە، تاوەکو ترساندمان ئەویش ئۆقرەی لیٚ بڕا، پێغەمبەریش (ﷺ) ماڵەکەی گواستەوە ناوچەی (العالية)[٢٤٧] ئیتر لەنۆرەی خۆیدا لەویٚ لەلای دەمایەوە، ئەنجا ئێمەش ئەمەمان لەلا قورس تربوو.[٢٤٨]

لەدایك بوونی (إبراهيم)و کۆچکردنی

لەمانگی (ذو الحجة)ی ساڵی(٨ ك) پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە(مارية) کوڕێکی دەبێت، (سلمى)ی خێزانی (أبورافع) مامان دەبیٚ، (أبورافع)یش مژدە دەداتە پێغەمبەری خوا (ﷺ)، پێغەمبەریش کۆیلەیەك دەداتە (ابورافع).

(أنس)ی کوڕی مالك دەڵیٚ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (وُلِدَ لِي اللَّيْلَةَ غُلَامٌ فَسَمَّيْتُهُ بِاسْمِ أَبِي إِبْرَاهِيمَ).

---

[٢٤٧] هەروەها (مشربة)ی (أم إبراهيم)یشی پیٚ دەوترێ، باخێك بووە کەوتۆتە باشووری ڕۆژهەلاتی مزگەوتی (مدينة)وە، ٣ کم لێوەی دوورە، پێغەمبەری خوا ﷺ لەهەندێك سەردانەکانیدا بۆ ئەوێ نوێژی تێدا کردووە، ماریەش هەر لەویٚ ماوەتەوە تا کۆچی دوایی کردووە، دواتر لەسەردەمی ویلایەتی (عمر)ی کوڕی (عبدالعزيز)دا ڕەحمەتی خوای لیٚ بیٚ بەسەر (مدينة)دا کراوە بە مزگەوت.

[٢٤٨] الإصابة: (١١٢/٨)

واتە: ئەم شەو کوڕێکم پێ بەخشراوە ناوم نا بەناوی باوکم (إبراهیم).
پاشان– هەر لە العالیة– دەیداتە دەست دایەنێك بەناوی (أم سیف)، ژنی پیاوێکی ئاسنگەر بوو پێی دەوترا (أبو سیف)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەگەڕایەوە بۆ لای ئێمەیش لەگەڵی بووین دەڕۆشتە ژوورەوە ماڵەکە دووکەڵی لێ بەرز دەبوویەوە،چونکە مێردی شیردەری (إبراهیم) ئاسنگەربوو، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیگرت و ماچ و بۆنی دەکردو ئەوەی خوا بیویستایە دەیفەرموو، پاشان دەگەڕایەوە، دوا جار ڕۆشتینەوە بۆ لای لەسەرە مەرگدا بوو، ئەنجا لەباوەشی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بینیم گیانی دەداو هەردوو چاوی پێغەمبەریش (ﷺ) فرمێسکی پیادەهاتە خوارەوە.
(عبد الرحمن)ی کوڕی (عوف) پێی وت: تۆش دەگریت ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ؟
فەرمووی: (إِنَّ الْعَيْنَ تَدْمَعُ وَالْقَلْبَ يَحْزَنُ وَلَا نَقُولُ إِلاّ مَا يَرْضَى رَبُّنَا وَإِنَّا بِفِرَاقِكَ يَا إِبْرَاهِيمُ لَمَحْزُونُونَ).[٢٤٩]
واتە: بێگومان چاو فرمێسك دەڕێژێت و دڵیش تەنگ دەبێت و، هیچیش ناڵێین جگە لەوەی پەروەردگارمان پێی ڕازییە، ئەی إبراهیم بەڕاستی بەجیا بوونەوەت دڵتەنگین.
لەریوایەتێکی تردا فەرموویەتی: (إِنَّ إِبْرَاهِيمَ ابْنِي وَإِنَّهُ مَاتَ فِي الثَّدْيِ وَإِنَّ لَهُ لَظِئْرَيْنِ تُكَمِّلَانِ رَضَاعَهُ فِي الْجَنَّةِ).[٢٥٠]

---

[٢٤٩] **رواه البخاري: (١٢٢٠) ومسلم: (٤٢٧٩)**

[٢٥٠] **رواه مسلم: (٤٢٨٠).**

واتە: بەڕاستی (إبراهیم) کوڕی من بوو، لەکاتێکدا مرد دەمی بەمەمکەوە بوو، بەڕاستی دوو شیردەری هەیە لەبەهەشتدا ماوەی شیردانەکەی بۆ تەواو دەکەن .

(إبراهیم) لەساڵی(١٠ ك)و لەتەمەنی(١٨)مانگیدا کۆچی دوایی کردووە.

پلەو پایەی (مارية)

١- کەنیزەکێکی داوێن پاك بوو.

عَنْ أَنَسٍ نَّ رَجُلًا كَانَ يُتَّهَمُ بِأُمِّ وَلَدِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) لِعَلِيّ اذْهَبْ فَاضْرِبْ عُنُقَهُ فَأَتَاهُ عَلِيٌّ فَإِذَا هُوَ فِي رَكِيّ يَتَبَرَّدُ فِيهَا فَقَالَ لَهُ عَلِيٌّ اخْرُجْ فَنَاوَلَهُ يَدَهُ فَأَخْرَجَهُ فَإِذَا هُوَ مَجْبُوبٌ لَيْسَ لَهُ ذَكَرٌ فَكَفَّ عَلِيٌّ عَنْهُ ثُمَّ أَتَى النَّبِيَّ (ﷺ) فَقَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّهُ لَمَجْبُوبٌ مَا لَهُ ذَكَرٌ.[٢٥١]

(أنس) دەڵێ: پیاوێك تۆمەتبار کرابوو بەچوونە لای دایکی کوڕەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، (مارية) خوالێی ڕازی بێ پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی بە (علي) خوای لێ ڕازی بێ: بڕۆ بدە لە گەردنی، ئەویش ڕۆشت بینی لە حەوزێك ئاودا خۆی فێنك دەکاتەوە، پێی وت وەرە دەرەوە، دەستی گرت و هێنایە دەرەوە بینی کەسێکە شەرمنگەی نیە واتە: بێگونە.

(إبن عبدالبر)و (إبن حجر) دەڵێن: ئەو پیاوە تۆمەتبارە ئامۆزاکەی (مارية) بوو کەناوی (مأبور) بوو.[٢٥٢]

هەندێ لە زانایان لەڕاڤەی ئەم فەرموودەیەدا دەڵێن پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەیویستووە ئەم پیاوە بکوژێ بەڵکو مەبەستی ئەوە بووە بۆ خەڵکی ڕوون بێتەوە کە پیاوێکی بێگونە.

---

[٢٥١] رواه مسلم: ٤٩٧٥، والحاكم: (٤/ ٣٩-٤٠)، وأحمد: (٣/ ٢٨١)

[٢٥٢] الإستيعاب: (٢/١١٩)، الإصابة : (٥/٧٠٠)

٢- (معاوية) باجی لەسەر زەویەکانی لادێی (مارية) هەڵدەگرێت.

عَنْ أَبِي ذَرٍّ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِنَّكُمْ سَتَفْتَحُونَ مِصْرَ وَهِيَ أَرْضٌ يُسَمَّى فِيهَا الْقِيرَاطُ فَإِذَا فَتَحْتُمُوهَا فَأَحْسِنُوا إِلَى أَهْلِهَا فَإِنَّ لَهُمْ ذِمَّةً وَرَحِمًا أَوْ قَالَ ذِمَّةً وَصِهْرًا.[٢٥٣]

واته :بەڕاستی ئێوه لەداهاتوودا وڵاتی (مصر) ئازاد دەكەن، كە زەوییەكە ناوی (قیراط)ی تێدا دەبرێ، ئەگەر ئازادتان كرد لەگەڵ خەڵكەكەیدا چاكە بكەن، چونكە ئەوان بەڵێن و پەیوەندی خزمایەتییان هەیە لەگەڵمان.

هاوەڵانیش خوایان لێ ڕازی بێ وەسیەتەكەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) جێبەجێ دەكەن، یاقوت دەڵێ (حسن)ی كوڕی (علي) خوایان لێ ڕازی بێ كاتێك زانی(مارية) خەڵكی لادێی (حفن)ە لەگەڵ (معاوية)دا قسەدەكات ئەویش باج (خراج) لەسەر زەوییەكانیان هەڵدەگرێت.[٢٥٤]

---

[٢٥٣] رواه مسلم: ٤٦١٥.


[٢٥٤] بڕوانە: الأعلام للزركلي: (٥/٢٥٥).

كۆچی دوایی

لەمانگی (محرم) ی ساڵی (١٦ك) داو لە خیلافەتی (عمر)دا خوای لێ ڕازی بێ کۆچی دوایی کرد، (عمر) خۆی خەڵکی کۆکردەوە بەمەبەستی نوێژ کردن لەسەری و پاشان نوێژی لەسەر کردو لە گۆڕستانی (البقیع) ناشتیان .



مشربة (أم إبراهيم)



نەخشەی گۆڕی دایکانی ئیمانداران لەنێو گۆڕستانی (البقیع)دا

سەرچاوەکان

١- أحكام الجنائز: محمد ناصر الدين الألباني.

٢- أحكام القرآن محمد بن عبد الله الأندلسي (ابن العربي).

٣- إرواء الغليل: محمد ناصر الدين الألباني.

٤- الإستيعاب في معرفة الأصحاب: ابن عبدالبرّ.

٥- أُسْدُ الغابة عز الدين أبو الحسن علي بن محمد بن عبد الكريم الجزري، المعروف بـ(ابن الأثير).

٦- الإصابة في تمييز الصحابة: أحمد بن علي بن حجر.

٧- الأعلام: خير الدين الزركلي.

٨- البداية والنّهاية: إسماعيل بن كثير.

٩- تحفة الطالب: إسماعيل بن كثير.

١٠- تفسير القرآن العظيم: إسماعيل ابن كثير، بتحقيق العلامة أحمد شاكر.

١١- تفسير القرآن العظيم: إسماعيل بن كثير.

١٢- تهذيب التهذيب: أحمد بن علي بن حجر.

١٣- تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام المنان: عبد الرحمن بن ناصر بن السعدي.

١٤- جامع البيان عن تأويل آي القرآن: لأبي جعفر محمد بن جرير الطبري.

١٥- الجامع لأحكام القرآن: شمس الدين القرطبي.

١٦- جلاء الأفهام: محمد بن أبي بكر ابن القيم الجوزية.

١٧- جمع القرآن الكريم حفظاً وكتابةً: علي بن سليمان العبيد.

١٨- خلاصة الوفا بأخبار دار المصطفى: للشيخ السمهودي.

١٩- دفاع عن الحديث النبوي والسيرة: محمد ناصر الدين الألباني.

٢٠- دلائل النبوة: أبو بكر أحمد بن الحسين بن علي البيهقي.

٢١- الرحيق المختوم: صفي الرحمن المباركفوري.

٢٢- زاد المعاد: شمس الدين محمد بن أبي بكر المعروف بابن قيم الجوزية.

٢٣–السلسلة الصحيحة: محمد ناصر الدين الألباني.
٢٤–سنن ابن حبان: محمد ابن حبان.
٢٥–سنن الدارمي: بتحقيق فواز أحمد زمرلي، خالد السبع العلمي.
٢٦–سنن النسائي: أحمد بن شعيب النسائي.
٢٧– سير أعلام النبلاء بتحقيق شعيب الأرناؤوط.
٢٨– السيرة النبوية: إسماعيل بن كثير.
٢٩–شذرات الذهب: عبد الحي بن أحمد العكري الدمشقي.
٣٠– شرح النووي على صحيح مسلم: محي الدين يحيى بن شرف النووي.
٣١–الصارم المسلول على شاتم الرسول: أحمد بن عبد الحليم بن تيمية الحراني.
٣٢–صحيح ابن ماجة: محمد ناصر الدين الألباني.
٣٣– صحيح البخاري: محمد بن إسماعيل بن ابراهيم ابن المغيرة البخاري.
٣٤–صحيح الترغيب والترهيب: محمد ناصر الدين الألباني.
٣٥–صحيح الترمذي: محمد ناصر الدين الألباني.
٣٦– صحيح وضعيف سنن النسائي: محمد ناصر الدين الألباني.
٣٧– صحيح مسلم: مسلم بن الحجاج ابن مسلم القشيرى النيسابوري.
٣٨– صحيح مشكاة المصابيح: للتبريزي بتحقيق محمد ناصر الدين الألباني.
٣٩–صحيح وضعيف سنن أبي داود: محمد ناصر الدين الألباني.
٤٠–الطبقات الكبرى: محمد بن سعد.
٤١– عون المعبود شرح سنن أبي داود: شمس الحق ابادي.
٤٢–فتح الباري بشرح صحيح البخاري: أحمد بن علي بن حجر
٤٣–فقه السيرة: محمد سعيد رمضان البوطي.

٤٤-كشاف القناع عن متن الإقناع: منصور البهوتي.
٤٥-كلمة الحق: أحمد شاكر.
٤٦-لسان العرب: جمال الدين ممد بن مكرم ابن منظور الافريقى المصرى.
٤٧- لسان الميزان: أحمد بن علي بن حجر.
٤٨- ماشاع ولم يثبت في اليرة النبوية: محمد بن عبدالله العوشن.
٤٩-مجمع الزوائد للهيثمي بتحقيق محمد النجار.
٥٠-المستدرك: محمد بن عبدالله أبو عبدالله الحاكم النيسابوري.
٥١-مسند الشافعي: محمد بن إدريس أبو عبد الله الشافعي.
٥٢-مسند الإمام أحمد بن حنبل: مذيلة بأحكام شعيب الأرنؤوط عليها.
٥٣-مشكاة المصابيح: محمد بن عبد الله الخطيب التبريزي، بتحقيق محمد ناصرالدين الألباني.
٥٤-المعجم الكبير سليمان بن أحمد الطبراني.
٥٥-المعجم الوسيط: إبراهيم مصطفى أحمد الزيات ـ حامد عبد القادر ـ
٥٦- معرفة السنن والآثار:أبو محمد عبد الجبار بن محمد بن أحمد البيهقي.
٥٧- معرفة الصحابة: أبو نعيم الأصبهاني.
٥٨- المفصل في أحكام المرأة: د.عبدالكريم زيدان.
٥٩-المقاصد الحسنة شمس الدين محمد بن عبد الرحمن السخاوي.
٦٠- المنار المنيف: شمس الدين محمد بن أبي بكر المعروف بابن قيم الجوزية.
٦١-موسوعة أم المؤمنين عائشة بنت أبي بكر: د. عبدالمنهعم الحفني.
٦٢-موسوعة فقه أم المؤمنين عائشة، حياتها وفقهها: سعيد فايز الدخيل.
٦٣- الموطأ: الإمام مالك بن أنس.
٦٤-ميزان الإعتدال: محمد بن أحمد بن عثمان الذهبي.
٦٥- النهاية في غريب الأثر: المبارك بن محمد بن محمد بن عبدالكريم أبو السعادات الجزري.

٦٦- الصحيح المسند من فضائل الصحابة: مصطفى العدوي.

٦٧- گولاْوی سەرمۆر: وەرگێڕ: بکر حمه صديق عارف.

٦٨- تەفسیری ڕامان: أحمد كاكه محمود.

٦٩- عائیشه دایکی ئیمانداران لەنێوان دۆستان و نەیاران:

ئامادەکردنی: پرۆژەی چرا.

٧٠- پوختەی (صحيح مسلم): وەرگێڕانی لیژنەیەك.

٧١-عائیشەی کچی ئەبوبەکر: حبيب محمد سعيد.

ناوەڕۆك